١- ناوی کتێب: یادی باپیران وچەمکێك لەژیان.

٢- بابەت: مێژووی وزانیاری گشتی.

٣- نووسەر : عومەر حاجی عەلی زەگەنە.

٤- دەرهێنانی هونەری : مامۆستا چالاك صالح.

٥- تایپ : وشیار زەنگەنە.

٦- چاپ: چاپی یەکەم.

٧- تیراژ ( ٥٠٠ )دانە.

٨- ژمارەی سپاردە (          ) ساڵی ( ٢٠٢٣ ) ز لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی

کتێبخانە گشتییەکانەوە پێدراوە.

# یادی باپیران ﴿ و ﴾ چەمکێك لە ژیان

## * پێشکەشە *

پێشکەشە بە کورد بە کوردستانم

بەنەوەی ژیر و هۆزی ( زەنگ زوان ) م

مێژووی یادگاری گشت باپیرانم

چەمکێك لە یادەوەری و خۆشی ژیانم

(رێبوار)م رێگەم رێی باپیرانە

یادگاریەکانیان سەرجەمیان جوانە

بۆیە من شەیدای مێژووی ئەوانم

( رێبوار ) دەمێنم تا دەرچون گیانم

٢٠٢٣/٧/٢٤

کرکوك □ شۆرجە □ ئاگرین



# بەرهەمەکانی نوسەر لەچەند دێڕێکدا

| زنجیرە | ناوی پەرتووك | بابەت |
|---|---|---|
| ١- | تأريخ إمارات زنكنه و إدارتها | تأريخ |
| ٢- | قطوف الحكمة | دینی |
| ٣- | كنز المعرفه | دینی |
| ٤- | مێژووی میرنشینەکانی زەنگەنە | مێژووی |
| ٥- | لەبیرم دێ ژانەکانی کورد | مێژووی |
| ٦- | بەهەشتی یادەوەری | دین / ئاینی |
| ٧- | گوڵزاری شاعیران | هۆنراوە بەرگی یەك |
| ٨- | گوڵزاری شاعیران | هۆنراوە بەرگی دوو |
| ٩- | داب و نەریتی باپیران | کەلتوری و مێژووی |
| ١٠- | ئاڤێستا و یەکتاپەرستی | مێژووی |
| ١١- | مێژووی ١٠ هۆزی کورد | مێژووی |
| ١٢- | کورد بناسە | مێژووی |
| ١٣- | کورد و یەکتاپەرستی | ئاینی |
| ١٤- | ڕێنموی چارەسەر | چیرۆك / وەرگێران |
| ١٥- | مرۆڤایەتی و پێکهاتەکانی | کۆمەڵایەتی |
| ١٦- | گەلی کورد ماد بناسە | مێژووی |
| ١٧- | دیوانی ریبوار | هۆنراوە |
| ١٨- | تەفسیری قورئان | ڕاڤەی قورئان |
| ١٩- | گیانی سەرکەوتن | ئاینی |
| ٢٠- | موعجزەکانی قورئان | ئاینی |
| ٢١- | تەفسیری الفا تحە | ئاینی |
| ٢٢- | شانازیەکانی کورد | مێژووی |
| ٢٣- | یادی باپیران | مێژووی |
| ٢٤- | شانازیەکانی کورد بناسە | مێژووی |

# (( یادی باپیران و چەمكێك لە ژیان ))

## پێشەكی :-

بەناوی خوای گەورە وبەخشندە و میهرەبان , هەزاران درود و سەلاو بۆ گیانی پاكی پەیامبەری ئازیز و خۆشەویستمان ( محمد كوڕی عبدالله ﷺ ) من عومەر حاجی عەلی زەنگەنەم , لەدایك بوی ساڵی ١٩٤٢ ز لەگوندی ( ساڵەی ) ناوچەی ( قەرەحەسەن ) سەر بە شاری كەركوكی ئازیز و خۆشەویست , لەم پەرتوكەدا ئەمەوێت رون كردنەوەیەك دەربارەی باب و باپیرانم بنوسمەوە بۆ (١٩)پشت لەنەوەكانی خۆمەوە تا دەگاتە باپیرە گەورەمان ( حارس خانی) زەنگەنەی موكریانی هەروەها ئاشكراكردنی ( ٩٦ ) پشتی زەنگەنە تا مادی بچوك هاوڕێ لەتەك چەمكێك لەژیانی خۆم تانوسینی مێژووی ئەم پەرتوكە بۆ نەوەكانی خۆم و كەس و خزمان و دڵسۆزان و هۆز و گەلەكەم ئاشكرا بكەم تا ئەم زانیاریانە لەدوای خۆم پەیرەو بكەن و لەسەر ئەم رێڕەوە راستە شارەزابن و بەهیچ جۆرێك گۆڕانكاری تێدانەكرێت , هەر گۆڕانكاریەك لەم نوسینانەمدا لەدوای خۆم روبدات ئۆباڵی ئەخەمە ئەستۆی ئەوكەسە كە گۆڕیویەتی و خوای گەورە لێپرسینەوەی لە رۆژی كۆتایدا لەگەڵدا بكات , خوای گەورە دەزانێت بە ماندوبونێكی دورودرێژی ژیانم توانیومە ئەم زانیاریانە كۆبكەمەوە ئەوەیش لەرێگەی پەرتووكە دیرینەكان و زانا بەساڵاچوەكان و ئەوانیش لە باب و باپیرەی خۆیان و یا بەساڵاچوانی سەردەمی خۆیانەوە بۆمیان گێڕاوەتەوە , گەیاندنی ئەم زانیاریانە كەلەلای من كۆبونەتەوە بەئەركی سەرشانی خۆمی دەزانم رایان بگەیەنم پێش ئەوەی لەتەك خۆما لەگۆڕیان بنەم باوەڕم وایە خوای گەورە لەرۆژی كۆتایدای لێپرسینەوەم لەتەكدا دەكات ئەگەر بیان شارمەوە و بەكۆمەڵگەكەمی نەگەیەنم ,هەروەك پەیامبەرمان ئەفەرموێت ( وَمَنْ سُئِلَ عَنْ عِلمٍ فَكَتَمَهُ , أُلْجِمَ يَومَ الْقِيامَةَ بِلُجامٍ مِنْ نارٍ) أبو داود و ترمذي .

١-لەبەر ئەم هەرەشەیەی پەیامبەرمان بەئەرکی سەرشانی خۆمم زانی ئەم کارە بکەم .

٢-زۆربەی نەوەکانی خۆم و هۆزی زەنگەنە ئەم پرسیارەم لێدەکەن بەبەردەوامی هەر بۆ زانیاری گشتی و سود لێوەرگرتن ئەم کارەم کرد .

٣-لەکۆتایدا داوا لەخوای گەورە دەکەم لەم کارەمدا سەرکەوتوم بکات و توانیبێتم سودێکم بە کۆمەڵگەکەم گەیاندبێت .

٤-خۆشەویستیم بۆ رابوردووی باپیرانم و بیرەوەریە سەختەکانی ژیانم نێوی پەرتوکەکەم ناوە (( یادی باپیران و چەمکێك لە ژیان ))

عومەر حاجی عەلی زەنگەنە

کرکوك / شۆرجە - ئاگرین

١/ ٧ / ٢٠٢٣

# ( دەسپێك )

بەرزی و فراوانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام سەرجەمیان هەر لەو رووناکیە گەورەیەوە سەرئە نجامیان گرتوە کە تاریکی نێو کۆمەڵگەی بەیەکجاری ڕامالّی و رووناکی خستە نێو هەموو جیهانی پڕ لە تاریکی و تاریکستانیەوە , سەرجەم گرێ کوێرەکانی تاریکستانی کردەوە و هەموو رێگەکانی ژیانی ئەم جیهانەی بۆ مرۆڤایەتی رووناك و ئاشکرا کرد , بێگومان ئەوەیش خوای گەورە بەقورئانە پیرۆزەکەی خۆی کە بەخشی بەسەرجەم مرۆڤایەتی و سەرجەم ژیانەکانی بۆمان ئاشکراکرد و هیچ کەمی و نوقسانیەکی بۆ هەرسێ ژیانەکە نەهێشتەوە , جگە لەو نهێنیانە و پەنهانانەی کە تەنیا شایان و شایستەی خۆیەتی , هەروەك خۆی ئەفەرمویێت لە قورئانی پیرۆزدا ( اَلْيَومَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِيْنَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي ورضِتُ لَكُمُ الأَسْلَامَ دِيْنا ) المائدة / ٣

منیش هەر لەم ڕوانگەیەوە چومە خزمەتی ئەو قورئانە پیرۆزە کە تەمەنم هێشتا (٨) ساڵانی تێنەپەڕاندبو , بەپێی پلەی خوێندن و تێگەیشتنم لە برێك لەم بەخشندە پیرۆزە , زۆربەی هیوا و پاشەرۆژەکانی ژیانم لەم قورئانە پیرۆزە دۆزیەوە , ١-ئاینی و خواناسی راست ٢-مێژوو

٣-کۆمەڵایەتی ٤-چیرۆك و بەسەرهاتەکان ٥-هۆنراوەشیعرو بەسەدان رێگەی بەرزی ژیانی مرۆڤایەتی کە خوای گەورە لەم پەرتووکە پیرۆزەدا ئاماژەی بۆیان کردوە , تا ئێمەی مرۆڤی خاوەن باوەڕ پەیڕەویان بکەین بۆ سودی خۆمان و کۆمەڵگاکەمان بەجوانی بەکاریان بهێنین , هەربۆیە منیش وەك مرۆڤێکی خاوەن باوەڕ ژمارەیەکی چاکم لەم رێڕەوانەم هەڵبژارد و سەرئە نجام پەیوەست بوم پێیانەوە , لەوانە بابەتی ١-ئاینی ٢-کۆمەڵایەتی ٣-مێژووی ٤-شیعر و هۆنراوە , ئەمانە هەر لە هەرەتی لاویەتیمەوە لەناخ و بیر و هزر و خوێنمدا تێکەڵ بوون , هەربۆیە خوای گەورە و بەبەزەیی یارمەتیدام بۆ بەرهەم هێنانی (٢٤) پەرتوکی جۆراوجۆر لەو شێوانەی سەرەوە کە ئاماژەم پێیان کردوە , لەم پەرتوکە خاکی و خۆ بەکەم زانەمدا کە لە بەردەستی خوێنەران و کەس و خزما نمدایە یەکێکە لەو کۆمەڵە بەرهەمانەم , لێرەدا داوای لێبوردن لە هەموان دەکەم لە کەموکوڕی و چرچوکاڵیەکانم ببورن با خویان بە وشەیەکی جوان و نایابتر چارەسەری بکەن , خوای گەورە لەسەروی هەموو زانا و زانیاریەکەوەیە .

# ( کورد و رەسەنایەتی )

ئێمەی کورد هەر لەشێوەی هەندێك لە نەتەوەکانی سەر ڕوی ئەم زەویە ئێمەیش بۆ خۆمان لەنێو جوگرافیای خاکی کوردستاندا و جارجاریش لەدەرەوەیشدا خاوەنی سەروەری و سوپاسالاری و سوارچاکی و دەوڵەت داری بوینە , هەروەها خاوەنی پیاوانی مێژو و ناودارانی بەرزیی پیاوەتی و مرۆڤایەتی بوینە , لەم خاك و نیشتمانەدا کە پێی دەگوترێت ( خاکی کورد و کوردستان ) , کە لە پێش هەزاران ساڵ هەر بە نیو باب و باپیرانی کوردەوە ناسراوە , لە مێژووی کۆن و نوێ ی کورد و بێگانەکانیشدا هەر بەنیو کورد و باپیرا نمانەوە ناسراوە , دەتوانین بڵێین کەشتیەکەی ( ناخ = نوح ) پەیامبەر سەلاوی خوای لێبێت لەسەر چیای ( جودی = گودی ) لە کوردستان نیشتەوە , هەر لە کوردستانەوە نەوەکانی ئەو ٤٠ ژن و ٤٠ پیاوە کە لە کەشتیەکەدا بون زۆر بونە و کۆچیان کرد بۆ ئاوەدان کردنەوەی ڕوی سەر زەمین , ئێمەی کورد هەر لەنیو خاك و نیشتمانە دێرینە رەسەنەکەی خۆمان ماینەوە کردمان بە نیشتمانی هەمیشەیی خۆمان , ئەم ڕاستیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئێمەی کورد هەر خەڵکی رەسەنی کوردستان بوینە و هەر بەو جۆرەیش دەمێنین , ئەو چل ژن و چل پیاوەی لە کەشتیەکەی ( ناخ = نوح ) پەیامبەردا بون و لە کوردستان لەسەر چیای ( جودی = گۆدی ) دابەزین و لە مردنی لافاوی گشت گیری گشتی رزگاریان بو گوندی ( هەشتانین ) یان دروست کرد و کردیان بە لانکەی دوەمی مرۆڤایەتی , هەر لە لانکەی دوەمیانەوە زۆرەوە بون و رویان لەم جیهانە بەرینە کرد و ناوچەکانیان ئاوەدان کردەوە هەر نەوەکانی ئەم مرۆڤانە بون بەنیو چیای ( گودی ) یەوە ناسران و لە نیو خاکی کوردستان و لەهەندێك ناوچەی دەرەوەی کوردستانیش ژمارەیەك دەوڵەتی گەورە و بچوکیان دروست کرد , بۆ نمونە لە ناوچەی ( بابل ) حلە بۆ ماوەی ( ٢٠٠ ) ساڵ فەرمانڕەوایەتی و پاشایەتیان ئەنجام داوە لەو ماوەیەدا ( ١٠ ) پاشا و سەرکردەی بەناوبانگیان هەبوە دەوڵەت داریان کردوە , زۆربەی زۆری ناوچەکانی کوردستان هەر بەدەس ( گۆدی ) یەکانەوە بوە , بۆنمونە قەڵای دێرینی شاری کەرکوك کە بەدەستی پاشا ( دارا یاس ) ی ( گوودی ) دروستکراوە , ئێمەی کورد بۆ یەکەمین جار ( گوودی ) یەکان بە باپیرانی خۆمان دەزانین و دوای ئەوانیش ( میدە ) کان ئەوانەی لە دوای ئەوان هاتن ( خۆریەکان و میتانی ) یەکان و بە دەیان و سەدان هۆز و نەتەوە کە باپیرە گەورەیان ئەم ( گۆدیا ) نەیە بۆیە من بە پێویستی سەرشانی هەموو کوردێکی دەزانم بنەچە و رەسەنایەتی خۆمان بەتەواوی بزانین و بناسین , هەر لەبەرئەوەی ئەمەی دادێت کە ( ١٩ ) پشتی نەوەکانی خۆم و باپیرانم دەخەمە پێش چاو , هەروەها ئێمە وەك هۆزی زەنگەنەی دێرین توانیومانە پشتەکانی خۆمان رەگەزەکەمان بە ( ٩٦ ) پشت بگەیەنین بە ( مادی بچوك

( بۆ ئەوەی بۆ نەوەکانی داهاتو و ئێستامان ئاشکرا بێت ئێمە وەك إمارەتی زەنگەنە لە چی و لەکام ڕەگەز و لە کام پشت دروست بوینە و باپیرە گەورەمان کێیە و ناوی چیە و کوڕی کام پیاوە و لە چی کات و سەردەمێکدا ژیاوە , ئەم بابەتە لە لاپەرەیەکی تایبەتی ئەم پەرتوکەدا دەنوسم .

(( ناوە لە دایك بون و کۆچی دوای تەمەنی نەوە و پشتەکانی خۆم تا دەگاتە ١٩ پشت ))

| زنجیرە | ناوی چواری | مێژوی لەدایك بونی | مێژووی کۆچی دوایی | تەمەنی |
|---|---|---|---|---|
| ١- | میر هێمن کاوە عومەر | ٢٠٢١/١١/١٧ چەمچەماڵ | لە ژیاندایە | ٣ سێ ساڵە |
| ٢- | هێمن کاوە عومەر عەلی | ١٩٩٦/١٠/٤ خورماتوو | لە ژیاندایە | ٢٧ بیست و حەوت ساڵە |
| ٣- | کاوە عومەر عەلی ڕەزا | ١٩٦٧/٥/٧قەرەحسن ئۆمەرە گەدە | لە ژیاندایە | ٥٦ پە نجاو شەش ساڵە |
| ٤- | عومەر عەلی ڕەزا فتاح | ١٩٤٢/٧/١ قەرەحسن - ساڵەی | لەژیاندایە | ٨١ هەشتا و یەك ساڵە |
| ٥- | عەلی ڕەزا فتاح ئەحمەد | ١٩٠٥/٧/١ز قەرەحسن باوە ١٣٢٦ ك | ١٩٩٤ز ١٤١٥ ك خورماتو/إمام حسن | ٨٩ هەشتا و نۆ ساڵە |
| ٦- | ڕەزا فتاح ئەحمەد محمد | ١٨٦٨ز ١٢٧٩ك قەرەحسن / باوە | ١٩٥٤ز ١٣٧٥ك جەباری / تاوێر بەرز | ٨٦ ساڵە |
| ٧- | فتاح ئەحمەد محمد محمود | ١٨٣٤ز ١٢٤٥ك قەرەحسن / باوە | ١٨٩٩ز ١٣١٠ك سعودیە / مدینە المنورە | ٦٥ ساڵە |
| ٨- | أحمد محمد محمود خلیل | ١٨٠٣ز ١٢١٤ك / قادرکرم زنگەنە گەڕاوی | ١٨٨٢ ز ١٢٩٤ك قەرەحسن / باوە | ٨٠ ساڵە |
| ٩- | محمد محمود خلیل سلیمان | ١٧٦٦/ ز ١١٧٧/ ك قادرکرم / گەڕاوی | ١٨٣٦ز ١٢٤٧ك قادرکرم / گەڕاوی | ٧٠ حەفتاو پێنج ساڵە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٠- | محمود خليل سليمان مصطفي | ١٧٣٢/ ز<br>١١٤٣ / ك<br>قادركرم / گەڕاوی | ١٨٠٧/ ز<br>١٢١٨/ ك | ٧٥ ساڵە |
| ١١- | خليل سليمان مصطفي اسماعيل | ١٦٩٧ / ز<br>١١٠٨ / ك<br>قادركرم / گەڕاوی | ١٧٦٢/ ز<br>١١٧٣/ك<br>كرماشان/جوانرۆو | ٦٥ ساڵە |
| ١٢- | سليمان مصطفي اسماعيل نوشيروان | ١٦٦٧/ز<br>١٠٧٨/ك<br>قادركرم / گەڕاوی | ١٧٥٧ / ز<br>١١٦٨ هـ<br>ئاوسپی / بەكرە گەرە | ٩٠ ساڵە |
| ١٣- | مصطفي إسماعيل نوشيروان علي | ١٦٣٣ / ز<br>١٠٤٥ / ك<br>قيتول | ١٧٢٣ / ز<br>١١٣٥ / ك<br>قەيتول | ٩٠ نەوەد ساڵە |
| ١٤- | إسماعيل نەوشيروان على التاس | ١٦٠٠ / ز<br>١٠١٢ / ك<br>كرماشان / ماهی دەشت | ١٦٩٠ / ز<br>١١٠٢ / ك<br>قەيتول | ٩٠ نەوەد ساڵە |
| ١٥- | نەوشيروان على خان التاس فارس | ١٥٧٠ / ز<br>٠٩٨٢ / ك<br>كرماشان / ماهی دەشت | ١٦٧٠ / ز<br>١٠٤٥ / ك<br>قادركرم ته پەسپی | ١٠٠ سەد ساڵ |
| ١٦- | على خان التاس فارس حارس | ١٥٣٨ / ز<br>٠٩٥٠/ ك<br>كرماشان / ماهی دەشت | ١٦٣٣/ ز<br>١٠٤٥ / ك<br>قەيتول | ٩٥ نەوەدوپێنج ساڵە |
| ١٧- | التاس . فارس حارس سيراج | ١٥١٢ / ز<br>٠٩٢٤ / ك<br>كرماشان / ماهی دەشت | ١٨١٢ / ز<br>١٠٢٤ / ك<br>كرماشان ماهی دەشت | ١٠٠ سەد ساڵە |
| ١٨- | فارس . حارس سيراج. برسان | ١٤٨٧ / ز<br>٠٨٩٩ / ك<br>موكران موئاباد | ١٥٦٧ / ز<br>٠٩٧٩ / ك<br>ماهی دەشت /<br>ابراهيم ته پە | ٨٠ هەشتا ساڵە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٩- | حارس خان موكرى سيراج . برسان جابر | ١٤٥٩ / ز<br>٠٨٧٨ / ك<br>موكران – موئاباد | ١٥٥٩ / ز<br>٠٩٧١ / ك<br>ماهى دەشت / ابراهيم تە پە | ١٠٠ سەد ساڵە |

## (( ڕون كردنەوەیەك بۆ پشتەكان , كورتەیەك لە ژیانیان ))

١-میر هێمن كاوە عومەر  میر بچوكترین نەوەكانمانە و تەمەنی ٣ سێ ساڵ بەسەرەووەیە , من نەمدەزانی دایك میر دوگیانە , ڕۆژێك لەدوای نوێژی بەیانی خەوتمەوە لەخەومدا مناڵێكی بچوكیان خستە باوشم وتیان باپیرە ئەمە ناوی (میرە ) و مناڵی ئێوەیە لەباوشم گرت و زۆر دلْشاد بوم ئیتر بەخەبەردا هاتم , پرسیم خێزانی میر دوگیانە وتیان بەڵێ نزیكەی (٤) چوار مانگە پێیانم گوت ئەوە كورە و ناوی ( میر هێمن ) ە ئەوانیش زۆر دلْشاد بون كە خوای گەورەیش دای هەروا دەرچو ,

٢-هێمن كاوە عومەر عەلی  هێمن لەسەرەتای گە نجایەتی زۆر بزێو بو نەی ئەتوانی خوێندن تەواو بكات , لەبەر ئەوە ئێستا كرێكارە لە كۆمپانیای چەمەنتۆی ( بازیان ) سوپاس بۆ خوا ئێستا سالار و لەسەرخۆیە .

٣- كاوە عومەر عەلی ڕەزا  كاوە لەسەرەتای ژیانیەوە مرۆڤێكی لەسەرخۆو ژیر و سالار بو ئەو ڕەوشتە بەرزەی هەر لە بەرزایدایە مامۆستایە لە گوندی (قەرەوەیس ) نزیك چەمچەماڵ , لە چەمچەماڵ لەگەڵ خێزانەكەیدا سێ كوڕ و دوو كچی هەیە و وەستای دروستكردنی تانكی ئاو و بۆیلەرە لە چەمچەماڵ , هەڤاڵ و هاورێ چاكی زۆرە و خۆشەویستە لە نێو كۆمەڵگە , بەهرەی دروستكردنی چەند ئامێرێكی تایبەت بە كارەكەی خۆی هەیە و دروستیانی كردوە بۆ كارئاسانی كارەكەی خۆی دەرچوی پە یمانگەی ( تكنولوجیایە ) لە كەركوك .

٤-عومەر عەلی ڕەزا فتاح  لەبەشی دوەمی ئەم پەرتوكەدا لەبابەتی چەمكێك لەژیانم دەربارەی خۆم دەنوسم .

٥-عەلی ڕەزا فتاح ئەحمەد  پیاوێكی باڵا ناوەندی و ڕەشتاڵە بوو خوێندەوار نەبوو , بەهۆی تێكەڵاوی زۆری لە تەك مامۆستایانی ئاینی و شێخەكانی ڕێگەی قادری و زۆربەی كاتەكانی لە مزگەوت و دیوەخانەكاندا بەسەردەبرد , شارەزایەكی چاكی لە ئاینی ئیسلام و ڕێرەوی كۆمەڵایەتی و

هۆزایەتیدا هەبوو , جارجارێك هۆنراوەیەکی جوانی بەهۆی روداوێکەوە کە کاری بکردایە سەر ناخی ئەیوت بە کورتی و پڕ مانا , زۆر پەیوەست بو بە هاتوچۆی کەسایەتیەوە خزمانی زوو بەسەر دەکردەوە زۆر دەس بڵاو بوو بۆ خێر و چاکە و یارمەتی هەژاران , لە هەرەتی گەنجایەتی و بەتوانایدا سوارچاکێکی بێوێنە بو لە ناوچەی ( قەرە حسن ) و گوندەکانی سەردانیماڵی خوای گەورەی لەساڵی ١٩٧٦ ز کرد , بەهۆی یادی کۆچی دواییەوە پارچە هۆنراوەیەکم لە رۆژی ٢٦/ ١١ ١٩٩٥ ز بۆیم نوسیوە لە دیوانەکەمدا بڵاوم کردەتەوە چەند دێڕێکی دوبارە دەکەمەوە .

شۆڕە سوارەکەی دەشتەکەی گەرمیان

سوارەی ( عُبَیَهْ ) رەخشەکەی زەمان

تفەنگی شانت کارخانەی ئەڵمان پشتێن پەستەکی فیشەك دانی جوان

دەمانچەت چوارەدە خە نجەرت دەبان پۆشاکت جوانتر لە پۆشاك هەموان

سوارچاکی کورد نەوەی ( نەوشیروان ) بەچکە شێرەکەی ماچۆی زمان



وێنەی حاجی علی رەزا فتاح زەنگەنە

٦-رەزا فتاح ئەحمەد محمد  پیاوێکی ناوەندی و گەنم رەنگ بو زۆر چوست و چالاك و ئازا و چاونەترس بو , هەمیشە تەندروست و لاشە ساغ بو جگە لە کەمێك رۆماتیزم لە لاشەیدا هیچ جۆرە نەخۆشیەکی نەگرتبو , تا کۆچی دوای یەك دانە لە دانەکانی نەکەوتبو , قۆڵو پوزەکانی هەمیشە لەشێوەی وەرزشوانەکان هەمیشە توند و بەهێز و بەتوانا بو , لەو تەمەنەی خۆیدا هیچ جۆرە دەرمانێکی چارەسەری نەخۆشی وەرنەگرتبو , پیاوێکی ساکار و سادە و لەسەر خۆ بو , زۆر بەئارام و خۆراگربو ,

لە تەمەنی خۆیدا ( ٣ ) ژنی هێنابو ١- هۆریزا مستەفا دایکی محمد و علی ( بهیە ) عائشە ئەحمەد دایکی ( أمین ) نارنج محمد دایکی فاطمە یە ,

١-هۆرێزا و کریم برای لە ساڵی ١٩١٢ ز لە سورداش لای سلێمانیەوە هەڵهاتنە بۆ گوندی ( باوە ) کاتێك ( روسە ) کان هێرشیان بۆ ناوچەکەیان هێناوە لە گوندی ( باوە ) لە ماڵی شێخ قادر دەگیرسێنەوە و رەزا مارەی دەکات .

٢-رەزا سەردەمێك دەچێتە کوڵەجۆی لای سیروان بە کاسبی لەوێ ماوەیەك دەمێنێتەوە نارنج مارە دەکات و کچێکی لێدەبێت بەناوی فاطمة , پاش دوو ساڵ ئەیەوێت بگەرێتەوە ( باوە ) نارنج و خزمەکانی رازی نابن ئەویش دەستی لێهەڵدەگرێت و تەلاقی دەدات و دەگەرێتەوە ( باوە )

٣-رەزا کاروانی نێوان گەرمیان و سلێمانی دەکات لە تەك ماڵێکدا لە گوندی ( وڵووبە ) ی نزیك سلێمانی ئاشنای پەیدا دەکات داوای کچیان لێدەکات بەنێوی ( عائشە ئەحمد ) رازی دەبن و دەیدەنێ لە عائشە تەنیا ( أمین ) ی لێدەبێت , رەزا لە ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی( تاویر بەرز ) مرد و گۆرەکەی لەوێیە .

٧- فتاح ئەحمەد محمد محمود  پیاوێکی چوارشانەی باڵا بەرزی سور و سپی بوە , زۆر ناسراو و بەناوبانگ و دیار بوە ,




وێنەی ئەشکەوت و قەڵبەزی خەلیفە فتاح  کەلوزهیندی لە ئاوای مامشەی قرەحسن

لە نیو کۆمەلانی خەڵکدا بە خلیفە فتاح یا فتاح چاو کەوە ناسراوە خەلیفەی شیخ حسن قرە چێوار و شیخ محی الدین برای بوە مریدەکانی لە گونـدەکانی ( باوە  ساڵەی  مامشە ) بـونە وەك دەڵـێن ( ٢٥٠ ) مریدی هەبوە تەکیەکەی لەسەر ئەو رکانە تاوێرە بوە کە بەرانبەر بە کارێزەکەی نێو ( باوە )

یە و ئیستا تەنکی ئاوی خواردنەوەی گوندەکەی لەسەرە , لە تەمەنی ( ٣٥ ) ساڵیدا واتە لە ساڵی ١٨٦٩ ز لە ( باوە ) باری کردوە بۆ گوندی ( مامشە ) لە ( باوە ) لە ساڵی ١٨٥٨ ز هاوسەرگیری لەتەك ( خاتو قەیتاس ) دا کردوە کە لە ( باوە . باوە ) کانی کاکەی گوندی ( باوە ) بوە و ئیسلام بوە سیٚ کوڕی هەبوە ( محمود  ڕەزا  عبدللە ) عبدللە لە تەمەنی ( ١٠ ) ساڵیدا بە نەخۆشی ( تاعون ) مردوە .

( ئاوای مامشە )

( مامشە ) خۆشە و بەرزی قەلاٚکەی

چۆمی بەرمالاٚن هەم ( قەرقەچا )کەی

ژاڵە و حاویەکەی ( خلیفە باپیر )

خۆشی ئەو ناوە قەت ناچیٚ لەبیر

ئەگەر بچیتە سەر چەم ( ڕۆخانە )

هەموی بیٚستانە و گوڵ و ڕەیحانە

حاویەکەی ( خەلیف ) ڕازاوە و جوانە

گشت دارستانە و جیٚگەی سەیرانە

پڕە لە باڵندەی ڕەنگامە و جوان

بلبل و قومری و پۆڕ و سویٚسکەکان

بەرزای ( سویٚلدۆز ) لەکات بەهاران

سەیرانگەیەکە بۆ کچ و کوڕان

دەشت ( قەلاٚجنان ) دەغلو بەهاری

قەت تێر نابیت لێی لە گەشت و سەیری

خێر و بەرەکەت ها لەم وولاتە

خزمان پێم ئەڵێن جێگەی باباتە

دەشت ( راستی هەوار ) ملك باپیرانە

بۆیە پڕ بە دڵ و هەم پڕ بە گیانە

( رێبوار ) خاکی کورد هەموی شیرینە

ئاوی شیفایە و دەرمان برینە

رێبوارم رێگەم لای باپیرانە

ڕابوردوی ئەوان لەلام جوانە

٢٠٢٣/٤/٢٧

کرکوك  قرەحسن  مامشە

( محمود ) هاوسەرگیری لە تەك ( خاتو رابعە ) دا کردوە کچێکی هەبوە بە نیوی ( فاطمة ) دراوە بە بنەماڵەی ( خێلی حاجی حەمە سەعید زەنگەنە ) ی ( باوە ) محمود بە نەخۆشی صرع مردوە کەوتوەتە نیو ئاگرەوە سوتاوە و وەفاتی کردوە گۆڕەکەی لەنزیك گۆڕی ( شێخ هادی ) تاڵەبانیە لە ( باوە ) فتاح لە ساڵی ١٨٨٤ز لە گوندی مامشەوە ژمارەیەك لە مریدەکانی کۆدەکاتەوە و دەچێت بۆ ( حج ) سەردانی ماڵی خوا لەدوای تەواوکردنی فەریزەی حەج بە مریدەکانی دەڵێت من لە شاری ( مدینە ) ی پیرۆز لە خزمەتی پەیامبەری خۆشەویستدا دەمێنمەوە سەلاوم بگەیەنن بە خێزانەکەم گەردنیان ئازادبێت , تەمەنی ( ٦٥ ) ساڵی بەو مێژوە داناوە کە ( مامشە ) ی بەجێ هێشتوە لەوە بەدوا نازانین چەنێك ژیاوە لە مەدینەی پیرۆز , لە گوندی ( مامشە ) ئاسەوارێکی دەستی ئەو ماوە تائێستا پێی دەڵێن کەلۆەزو هیندی و دەشتی ( راستی هەوار ) کە بە ( ماسی هەوار ) دەناسرێت تاپۆو ملکی ئەو بوە , خاتو ( قەیتاسی ) خێزانی لە دوای خۆی لە ( مامشە ) کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی ( خلیفە باپیر ) نێژراوە .

٨-أحمد محمد محمود خليل  وەك باسكراوە پیاوێكی باڵا بەرزی رەشتاڵە بوە چاو برۆ قەوی و بەهەیكەل و بەسام بوە زۆر ئازاو چاونەترس و زیرە ك بوە لە كاتەكانی خەویشدا شمشێرەكەی لەملی نەدەكردەوە نەیار و هاوەڵەكانی زۆر خۆیان لە تەكیدا تاقی كردوەتەوە بەشەو بەرۆژ تاقیان كردوەتەوە نەیانتوانیوە پڕی پێ بەرن لەهەمو تاقی كردنەوەكاندا هەر ئەو سەركەوتو بوە , بەتایبەت لە یاری و زۆران بازیشدا , ئەم پیاوە لەساڵی ١١١٣ز لەتەك خێزان و دایكیدا لەگوندی ( گەڕاوی ) وە كۆچ دەكەن بۆ گوندی ( باوە ) ئەو مێژوە باوكی وەفاتی كردوە , أمين برای لەگوندی ( ژاڵەی مەملەحە ) نیشتەجێ بوە بەهۆی كێشەیەكی كۆمەڵایەتیەوە هەردوكیان كۆچ دەكەن ( أحمد ) بۆ ( باوە ) أمين بۆ ئەوبەر سیروان گوندی ( سەوز بلاخ ) أحمد زیاتر بەنیو دایكیەوە ناسراوە بە ( أحمد هەدلە ) بانگ كراوە لەبەر ئەوەی باوكی مردوە ئەم منداڵ بوە , خوشكێكیان هەبوە بەنێوی ( نرگز ) لەهەردوكیان گەورەتر بوە لەسەردەمی ژیانی باوكیدا دراوە بە باپیرەی ( حاجی رشيد محمد ) ژاڵەی ( مەملەحە ) إیستا ئەو بنەماڵە بە خێڵی ( رەزای نەرگز ) دەناسرین , ( أحمد هدله ) لە گوندی ( باوە ) كۆچی دوای كردوە لەگۆرستانی ( باوە ) نێژراوە لە خۆرهەڵاتی گۆرەكەی ( شێخ هادی تاڵەبانی ) یەوەیە .

٩- محمد محمود خليل سليمان  لەساڵی ١٧٦٦ز لەگوندی ( گەڕاوی ) لەدایك بوە لەساڵی ١٨٣٦ لە گەڕاوی فەرمان خوای بەجێ هێناوە لە گۆرستانی ( گەڕاوی ) لە نزیك گۆڕی ( مير نەوشيروان ) نێژراوە , بە محمد بەگ ناسراوە پیاوێكی خۆڕاگر و لەسەرخۆو خاوەنی رێز و پیاوەتی و چاكە بوە .

١٠- محمود خليل سليمان مصطفى  لە ساڵی ١٧٣٢ ز لەدایك بوە لە ١٨٠٧ ز لە گەڕاوی كۆچی دوای كردوە , وەك دەگێڕنەوە پێش نوێژ و وتار بێژی مزگەوتی گەڕاوی بوە خوێندەوار و زیرە ك بوە , لەنیو كۆمەڵانی خەڵك بە محمود بەگ ناسراوە .

١١- خليل سليمان مصطفي إسماعيل  لەساڵی ١٦٩٧ز ك بەرامبەر بەساڵی ١٧٦٢ز لەگوندی ( گەڕاوی ) ناوچەی زەنگەنە لەدایك بوە پیاوێكی خوێندەوار و زانا و شاعیرێكی بەرز بوە لە خوێندنگەی گومەیل ( مدينة القباب ) پایتەختی هاوینەی ئەمارەتی زەنگەنە مامۆستا بوە خاوەنی دیوانی ( ذ نوري ) یە سەرجەم هۆنراوەیە بە شێوەزاری ماچۆی دێرین نزیكەی ( ٣٠٠ ) لاپەرەیە لەساڵی ١٩٨١ ز خوالێخۆشبو شوكراللە ی بابانی لە ( كرماشان ) دوبارە لەچاپی دایەوە لەكەناڵی كوردی تەلەفزیۆنی كرماشان بەبەرنامەیەك ژمارەیەكی زۆری لە هۆنراوەكانی بڵاوكردوە بەتایبەتی ئەو هۆنراوانەی كە باسی

( ذنورئاوا) پایتەختی ئەمارەتی زەنگەنە دەكات , زۆر جێگەی داخە زۆر هەوڵم دا ئەو دیوانەم دەست نەكەوت تابتوانم چەند هۆنراوەیەكی لێرەدا بڵاوبكەمەوە , ئەم پیاوە زانا و شاعیرە بەرزەمان كچی

یەكێك لە بنەماڵەكانی ( محمد خانی ) برای میر سمایلی هێناوە كە تا ئێستایشی پیوە لە ناوچەی ( جوان ڕۆ ) ی كوردستانی ڕۆژهەڵات دادەنیشن و ژمارەیەكیانیش لە شاری كرماشان , ئەم پیاوە لە تەمەنی ( ٦٥ ) ساڵیدا واتە لە ساڵی ١٧٦٢ كۆچ دەكات بۆ جوانرۆ بۆ نیو خاڵوانی مناڵەكانی كە ئەوانیش هەر پشتی خۆیەتی , لەو مێژووەوە بەلای منەوە بەكۆچكردو لە پێنوس دراوە ئیتر هیچ دەنگوباسێكیمان گوێ لێ نەبوە و نەبیستوە بۆیە بەمردو لە پێنوسم داوە .

١٢-سلیمان مصطفی إسماعیل نەوشیروان  لەساڵی ١٦٦٧ز لە ( گوندی گەڕاوی ) ناوچەی زەنگەنە لەدایك بوە لە سەردەمەكەی خۆیدا , خاوەنی هۆنراوەو دیوانی شعرە وەك ئەڵێن پەرتوكی ئاینیشی هەیە من نەم دیوە دیوانە شیعرەكەیم لە ساڵی ١٩٧٦ز لە كوردستانی ڕۆژهەڵات بینی ئەوكاتە ئاوارەبوین بەهۆی شۆڕشی ئەیلولەوە بەشێوەی زاری ماچۆی نوسراوەوە خەتی نوسینەكەی بەشێوەی فارسی ئامێز نوسراوەوە ئەم پیاوە ناودارە نازناوی شیعری ( زبونی ) یە شاعیرانی دیكەیش هەر بەم نێوەوە هۆنراوە و شیعریان لەگەڵدا گۆڕیوەتەوە , بۆنموونە شاعیری گەورەمان ( رنجوری ) كە پشت و خزمی خۆیەتی بەهۆی مردنی (سلیمان بەك زبونی ) یەوە ئەم پارچەهۆنراوەی نوسیوە بەشێوەی ماچۆی,

## ( زایەڵە و شین بۆ )

زایەڵە و شین بۆ , زایەڵە و شین بۆ

دڵە باكارت زایەڵە و شین بۆ

چە ( زەنگ ) زوانان قەدیم كۆی كەماڵ

نەمەندی شەخصی ( بەرخیا ) خەیاڵ

ئسمش( سلیمان ) موهرغەم نمون

مەبەردەن نامش ( زەبوون ) ی زەبوون

ئەصل و نەسەب پاك طاهیر طینەت بی

پەی ( زەنگ زوانان ) تەمام زینەت بی

حەق بە فەضل وێش رەحمێ کەرۆ پێش

شادکەرۆ روحش ئەو وەلیقای ویش ( رەنجوری )

زەبونی شاعیر و زانا و ناسراوی سەردەمی خۆی ئەم پارچە هەڵبەستەی بۆ میر أحمدی کوری میر سمایل و دەسەڵاتەکەی وتوە .

ئەحمەد بەگ نامێ چەنەوەی شێران

سەرداری سوپای عیلی زەنگ زوان

ئەحمەد بەگ نامێ چەنەوەی القاس

نموچەنی کەس ئەو بکریۆ باس

خۆلاسە یەك رەنگ خاس خەیالان بی

سەردار سوپای زۆر و سیاە مالان بی

حوکماتشی تاشار ( تاتار ) وەبەربی

سوپا سالارش چوین ئەسکەندەربی

چە سەلاح الدین هەتاوەی دەورە

نەدیم بەگلەرێ وەی تەرز و تەورە ( زبونی )

ئەم پیاوە ناودار و زانا و شاعیرە لەدوای بەکۆتاهاتنی دەسەڵاتی ئەمارەتی زەنگەنە لەناوچەکەدا ژیاوە پشیونی و رووداوی زۆر و تالان بڕوی زۆر دروست بو لەبەر نەبونی دەسەڵات والی بەغداو ئەمارەتی بابان ناچار بون چارەسەرێك بۆ دۆخەکە بدۆزنەوە , بیریان لە سلیمان بەگ زەبونی کردەوە کەبتوانێت ئاشتی و ئارامی بۆ ناوچەکە دروست بکات هەردولا چونە لای و داوایان لێکرد یارمەتیان بدات بۆ ئەو مەبەستە , سەرەنجام پلەی ( کە تخودا ) یان پێ بەخشی لەو سەردەمەدا بە پلەی وەکیل یا جێگری والی دەناسراو فەرمانیان دا پێی دەس بەکاربێت , ئەوەی پێویست بو بۆیان کرد لە پێداویستی کارگێری و دارای و سەربازی , ئەم پیاوە هەر لەسەرەتای تەمەنیەوە پیاوی ئاینی و کۆمەڵایەتی و ئاشتەوای بوە

, گوندی ( سپی سەر ) ی ئاوەدان كردەوە و كردی بە بنكەی دەسەلاتەكەی بە زیرەكی و وشیاری خۆی چوە نیو كۆمەلانی خەلك بەبیر و هۆشی ژیرانەی توانی ئاشتەوای و خۆشی لە نیو ناوچەكە دروست بكات و خەلك بەخۆشی بژین , ئەم پیاوە بەرێزە لەسالی ١٦٦٧ز بەرامبەر بە ١٠٧٨ك لە ( گەڕای ) لەدایك بوە لە سالی ١٧٥٧ز بەرامبەر بە سالی ١١٦٨ك لەگوندی ( سپی سەر ) فەرمانی خوای بەجیهێناوە لەسەر داوای خۆی لەگوندی ( بەكرەگەڕە ) بەخاك سپێردراوە

١٣-مصطفى إسماعیل نوشیروان علی  لەسالی ١٦٣٣ز بەرامبەر بە ١٠٤٥ك لەگوندی ( قەیتول ) پایتەختی ئەمارەتی زەنگەنە لەدایك بوە یەكێكە لە شەش كورەكەی میر سمایلی زەنگەنە
( ١-احمد٢-محمد٣-علی٤-مصطفى٥-عبدالرحمن٦-القاس ) لەسەرەتای دامەزراندنی سوپای ئەمارەتی زەنگەنەوە میر مصطفى كرا بە سەركردەی تیپی ( ٣ ) سەرجەم تیپەكە ئەسپی ( شێی ) بون سوپاكە لە پێنج تیپ جۆراوجۆر رەنگ دروستكران . سوپاسالاری لەشكرەكە ( میر محمد ) ی برای میر سمایل بو تادوای كۆچی دوای میر سمایلی زەنگەنەو میر أحمدی كوڕی كرا بە میری ئەمارەتی زەنگەنە ئەو كاتە میر ( مصطفى ) كرا بە سوپاسالاری لەشكری ئەمارەتی زەنگەنەو میر عبدالرحمن لەجێگەی بو بە فەرماندەی تیپی ( ٣ ) ی لەشكری ئەمارەتی زەنگەنە , میر مصطفى لەسالی ١٧٢٣ز بەرانبەر بە ١١٣٥ك لەتەمەنی ( ٩٠ ) سالیدا لە ( قەیتول ) كۆچی دوای كردوە و لە گۆرستانی ( چوار تاقان ) بەخاك سپێردراوە .
١٤-إسماعیل نەوشیروان علی التاس : ئەم پیاوە گەورە و بەناوبانگە میر سمایلی زەنگەنەیە لەدایك بوی سالی ١٦٠٠ز بەرامبەر بە ١٠١٢ك لە ناوچەی (ماهی دەشت) سەر بە پارێزگەی كرماشان لە كوردستانی رۆژهەلات لەدایك بوە , لەسالی ١٦٩٠ز بەرامبەر بە ١١٠٢ ك كۆچی دوای كردوە ماوەی ( ٩٠ ) سالٓ ژیاوە إسماعیل بەگ كوڕی میر نەوشیروان لە سالی ١٦٢٥ ز بەرانبەر ١٠٣٥ك سەرپەرشتی هۆزەكەی گرتە دەست و بو بە جیٓ نشین باوكی لەبەرئەوەی زۆر زیرەك و دەركەوتو و ناودار و ناسراو بو لەنێو هۆزەكەیدا , میر سمایل پیاوێكی ژیر و تێگەیشتو زۆر ئازا بوو , هەمو شێوازێكی پیاوانەی تیادا بوە سەركردایەتی هۆزەكەی خۆی دەكرد لەشێوەی باوكێك بۆ رۆلەكانی خۆی لەتەك هۆزەكانی دراوسیٓ هۆزەكەیدا هەمیشە رێرەوی ئاشتەوایەتی و برایەتی و هاوكاری بەكاردەهێنا , نموونەی زۆرمان هەیە لەم بارەیەوە ,
١-بەهۆی ( شێخ رشیدی عەودالان ) وەوە توانی ( عائشە خاتونی خۆشكی شێخ مصطفى شێخ محمدی سەرگەلو بخوازێت , لەسالی ١٦٢٧ز .

٢-شاخاتونی كچی خۆی پێشكەش بە ( حقی بەگ ) داوەد كرد .

٣-زهرە خانی كچی خۆی پێشكەش بە ( شێخ إمام ) كرد بە باپیرەی هۆزی شێخان ,

٤- لەساڵی ١٠٣٥ك-١٦٢٥ز توانی فەرمانی دامەزراندنی دەوڵەتەكەی لە ( سوڵتان مرادی چوارەم ) ی عوسمانی وەرگرێت .

٥- توانی دەوڵەتەكەی ڕاستەوخۆ بە ( ئەستەموڵ ) ەوە ببەستێت لە ڕیگەی والی ( موصل ) ەوە ( نظیف پاشا ) .

٦- پەیوەندی بازرگانی لەتەك بەغدا و شاری موصل دا پەیوەست كرد .

٧- پەیوەندی گەیاندنی هەواڵ و كارگێڕی لەگەڵ موصل بەشێوەی گەیاندنی خێرا لەرێگەی ئەو خاڵانەوە لەو ڕێگەیەوە دروستیانی كردبو .

٨- دوو پایتەختی بۆ دەوڵەتەكەی دروستكرد زستانەی لە ( خورمادار ) و هاوینە لە ( گومەیل ) لە رۆخانە .

٩- سوپایەكی ( ٥ ) تیپی سوارە و پیادەی دروست كرد لە قەڵای خورمادار .

١٠- چەند پە یمانگەیەكی ئاینی و خوێندگەی دروست كرد بەشێوەی ماچوی و فارسی و توركی و عەرەبی دەیان خوێند لە قەیتول  گومەیل  لەقرخ .

١١- لەنیو قەڵای خورمادار ( ٧ ) ئاشی ئاوی دروستكردبۆ پێداویستی كۆمەڵگە.

١٢- ئە نجومەنی شورای دامەزراند بە ( ٨٠ ) ئەندام بەهەڵبژاردن لە ناوچەكەدا .

١٣- ڕێگەی ( دالتاوە  صلاحیە  سەنگاو  زرگوێز ) بۆ كاروانیان چاك كرد و پرسگە و باجگەی لەكەل ( سەگرمە ) دا ناو دروستكرد .

١٤- ڕێگەی دەربەند باسەڕ و دێ لێژەی چاك كرد و بازگە و باجگەی تیادانا .

١٥- لەدوای هێرش هێزەكانی میر محمدی بابان بۆ سەر ئەمارەتی زەنگەنە و شكانیان بەرەو دوا تا سەر ئاوی ( تا نجەرۆ ) ناوچەی ( قەراخ ) ( زەردیاوە ) ی كردە قەزا = ( سنجەق ) .

١٦- بە فەرمانی سوڵتانی عوسمانی میر سمایل پلەی ( متسلم ) ی پێدرا هەموو خەرجی و باجی كركوك و بعقوب لە قەڵای كەركوك ڕادەستی میر سمایل دەكرا لە چوار بەش بەشێكی بۆ ئەمارەتەكەی گل ئەدایەوە ئەوەی تری دەنارد بۆ والی موصل و لەوێشەوە بۆ( ئەستانە = ئەستموڵ )




**لۆگۆی ئەمارەتی زەنگەنە ساڵی ١٠٣٥كۆچی**

**١٥- نەوشیروان. علی- التاس  فارس .**

**میر نەوشیروان لەدایك بوی ساڵی ١٥٧٠ز بەرامبەر ٩٨٢ ك لە شارەدیی ( ابراهیم تە پە  ماهی دەشت  کرماشان کوردستانی رۆژهەڵات ) , ئەم پیاوە مەزنە پیاوێکی ئازا و زیرەك و چاو نەترس و دوژمن بەزین بوە , لە مێژووی ژیانی خۆیدا مێژوویەکی پڕ لە شکۆمەندی و سەربەرزی بۆ خۆی و گەلەکەی تۆمارکرد , ئەم پیاوە دەوڵەت یارێکی بەناوبانگ و زۆر دڵسۆز بوە لە هەرەتی لاویەتیدا لەبەر زیرەکی و ئازایەتی بو بە فەرماندە و میرێکی بەناوبانگ و دیار لە کوردستانی رۆژهەڵات ئەم پیاوە مەزنە ) القاس خانی باباى فەرماندە و میری ئەمارەتی زەنگەنە بو لە ماهی دەشت ( عەلی خان ) باوکی نەوشیروان وەزیری دارای شا عەباسی سەفەوی بو , با پیرەی نەوشیروان بەهۆی تەمەنەوە لە پۆستەکەی دابەزی و دای بە( نەوشیروانی ) کوڕەزای لە ساڵی ١٥٨١ز بەرانبەر ٩٩٠ك . میر نەوشیروان لەم مێژوودا پۆستی أمیری ئەمارەتی ماهی دەشتی وەرگرت . میر نەوشیروان ئەم کەڵە پیاوە ناودارەی زەنگەنە پیاوێکی زۆر ژیر و بێ وێنە بو شارەزایەکی بێهاوتای لەبارەی ڕامیاری و سەربازی و کۆمەلایەتی و کارگێڕیەوە هەبو , توانی بەو زانیاری و زیرەکی خۆی قەڵەم ڕەوی میرنشینەکەی فراوانتر و گەورەتر بکات , قەڵەم ڕەوی دەسەڵاتەکەی گەیاندە شاری ( زرباتیە ) لەسەرەتای ساڵی ١٦١٥ ز بەرانبەر بە**

١٠٢٥ك گرژی كەوتە نێوان میر نەوشیروان و شا عەباسی سەفەویەوە لە ئە نجامی ئەم خاڵانەی خوارەوە جەنگ بۆ ماوەی ( ٦ ) مانگ لە ماهی دەشت و دەوروبەری دەستی پێكرد .

١-مردنی ( علی خان باوك نەوشیروان ) وەزیری شاە عەباسی سەفەوی .

٢-فراوان بونی ناوچەی قەڵەم ڕەوی ئەمارەتی زەنگەنە لە ئیران .

٣-دروست بونی سوپایەكی تۆكمەی پڕچەك لە ئەمارەتی زەنگەنە .

٤-بەرزبونەوەی ئاستی دارای و ڕامیاری و سەربازی ئەمارەتی زەنگەنە .

ئەو هۆكارانەی باس كران و چەند هۆكارێكی دیكە مەترسی خستبوە دڵی شاە عباسی سەفەویەوە بۆیە كەوتە بیانوگرتن و شەر فرۆشتن بە ئەمارەتی زەنگەنە لەو مێژوەی باسمان كرد شەڕێكی قورس لەنێوانیاندا روی داو ژمارەیەكی زۆر لەهەردو لا كوژرا و لەناوچون سەرەنجام مەزرا و خانوبەرەی زۆربەی گوندەكانی سوتان چوار كوری بەتوانا و ئازای میر نەوشیروان شەهید كران ( ١-میر القاسی دوەم ٢-میر سەرهەنگ ٣-میر ئەمیر كل ٤-میر سەرتیپ ) تەنیا ( میر محمد و میر سمایل ) كوڕانی میر نەوشیروان لەژیاندا مان . میر نەوشیروان هێز و هۆزەكەی لە شارە دێ ( كرن ) و دەوروبەری كۆكردەوە لە دوای ئەوەی ناوچەی ( ماهی دەشت ) بە تەواوی سوتا و سوپای شاە عباس سەفەوی داگیری كرد نەیان هێشت یەك گوندێك بەسەلامەتی بمێنێت خەڵكەكەی سەرجەم ئاوارە و دەربەدەر بون میر نەوشیروان داوای لە خەڵك و سوپاكەی كرد بەرەو ئاوی ( هەواسان ) روو بكەن و پاشان لە ئاوی سیروانیش بپەڕنەوە.

ئەو خەڵكە هەموی لە ئاوی سیروان لە گوندی ( پێبازەوە = بەردە بازەوە ) پەرینەوە بۆ ناوچەی زەنگەنەی ئێستا كە ( حاجی عەلی خانی ) ئامۆزایان پێش ( ٢٥٠ ) ساڵێك ئاوەدانی كردبووەوە تا چیای ( حمرین  دوو ئاوان ) لەژێر قەڵەم ڕەویاندا بو , میر نەوشیروان و هەردوو كورەكەی ( محمد و ئسماعیل ) لە گوندی ئیستای ( گەڕاوی ) لەتەك بنەماڵەی حاجی عەلی خانی ئامۆزایان دانیشتن و خەڵكەكەیانیش لە گوندەكان زەنگەنە نیشتەجێ كرد .

١٦- علی  التاس  فارس  حارس  بنەماڵەی حارس خانی موكری ( فارس و التاس ) سەردەمانێك بو لە ناوچەی ( ماهی دەشت ) نیشتەجێ بون كاتیكیش لە ناوچەی ( موكریان ) ەوە كۆچیان كرد بۆ ئەو ناوچەیە خاوەنی مەڕ و ماڵات و ئاژەڵێكی زۆر بون هەربۆیە ناوچەی ماهی دەشتیان كرد بە نیشتمان و جێگەی ژیان و حەوانەوەیان , علی خان كوڕی التاس خان  پیاوێكی زیرەك و لیهاتوو بەتوانا و ژیر

بو لە ماهی دەشت و کرماشان ناسراو بەناوبانگ بو لەبەرئەوەی زۆربەی سەردانەکانی باوکی لەگەڵ خۆیدا سەردانی بەرپرسانی دەوڵەتی ئێرانیان دەکرد لە کرماشان و شارەکانی دیکەی کوردستان , بەو هۆیەوە علی خانی کوڕی التاس لەلایەن بەرپرسانەوە ناسراو بو , رۆژێك شاه عەباسی سەفەوی سەردانی شاری کرماشان دەکات داوای ئامادەکردنی ( التاس و علی ) کوڕی لە بەرپرسانی شارەکە دەکات , دوای ئامادەبونیان شاه عباس پرسیاری ژمارەی پیاو ماڵ و ئاژەڵداری و ژیانیان دەکات , التاس باسی هەمو توانا و هێزی خۆیانی بۆ دەکات کە ژمارەیەك پیاوانێکی دلێر و ئازا و چاپوکی هەیە ە خاوەنی سامان و ئاژەڵ و ولاخی بەرزەی زۆرن , شاه عباس گوتی داواتان لێدەکەم پارێزگاری سنوری نێوان ئیمە و عێراقمان بۆبکەن بە پیاوەکانتان لە هێرشی عوسمانیەکان , وتی لە شاری خانەقینەوە تا ناوچەی جوانرۆ پارێزگاری دەخەمە ئەستۆی ئێوە و هەرچی پێویستیتان هەیە داوا بکەن جێبەجێ دەکەم شا عباس با علی کوڕت سەرپەرشتیاری ئەو خەڵکە بێت بۆ جێ بەجێ کردنی فەرمانەکە , شاه عباس وتی پلەی ( خان ) دەبەخشم بە خۆت و علی کورت لەئێستا بەدواوە تۆ و علی هەڵگری ئەم نازناوەن . التاس خان داوای شاه عباسی پەسند کرد و ئامادەی خۆی و هۆزەکەی دەربڕی بۆ جێبەجێ کردنی ئەو فەرمانە , لە دوای گەڕانەوەی

( التاس خان و علی ) کوڕی توانیان ( ٥٠٠ ) سوارە و ( ٥٠٠ ) پیادە ئامادە بکەن و بە لیستێك ئاگاداری شاه عباس کرایەوە, چەکو موچەیان بۆ دیاری کرا , ئەم هێزە بچوکەی علی خان کەمە کەمە زۆرەوە بون و هۆزەکانی دیکەیش جگە لە زەنگەنە ئەوانیش ئامادەی بەشداریان نیشان دا و لەدوای دوو ساڵ ژمارەی چەکدارەکانی ( علی خان ) گەیشت بە ( ٥٠٠٠ ) پێنج هەزار سوارە و پیادە شاه عباس بەم هەنگاوانەی ( علی خان ) زۆر دڵخۆش بوو رۆژێك داوای ( علی خان ) دەکات ئەویش ئامادە دەبێت , شاه عباس رێزێکی زۆر گەورە و تایبەتی بۆ ( علی خان ) دادەنێت پێشوازیەکەی لەشێوەی پێش وازی کردن بو لە سەرەك دەوڵەتێك , بە ( علی خان ) ئەڵێت ئەمەوێت لە خۆم نزیکترت بکەمەوە , ئەتکەم بە وەزیری دارای خۆم لەجێگەی خۆت ( محمد خان ) کورت بە سەرکردەی سوپاکەت دابنێ ,

( علی خان ) زۆر سوپاس و ستایشی شاه عباسی سەفەوی کرد و فەرمانەکەی بەجێ هێنا , ئەم پیاوە لەساڵی ١٥٣٨ز بەرامبەر بە ٩٥٠ ك لەشارۆچکەی ( ابراهیم تە پە ) لە ناوچەی ماهی دەشت لەدایك بوە لە ١٦٣٣ز بەرامبەر بە ١٠٤٥ك لە ( قەیتول ) لە ناوچەی زەنگەنە کۆچی دوای کردوە .

١٧-التاس  فارس حارس  سیراج  ئەم پیاوە بەناوبانگەی هۆزی زەنگەنە لە ساڵی ١٥١٢ ز بەرانبەر بە ساڵی ٩٢٤ك لە ناوچەی ماهی دەشت  شارە دێ إبراهیم تە پە سەر بە شاری کرماشان لەدایك بوە , لە ١٦١٢ز بەرامبەر بە ١٠٢٤ك هەر لەو ناوچەیە کۆچی دوای کردوە گۆڕەکەی لە گۆڕستانی گەورەی ابراهیم تەپەیە , ئەم پیاوە بەناوبانگە زۆربەی زۆری هۆزی زەنگەنەی ماهی دەشت زەنگەنەی دەوروبەری ئاوە سپی کوردستانی خوارو بە باپیرە گەورەی خۆیانی دەزانن , ئەم پیاوە بو توانی هۆزی

زەنگەنە لە كوردستانی رۆژهەلاَت ببوژێنێتەوەو بە دەسەلاَتی ئەو سەردەمە و بەرپرسانی دەسەلاَتی بناسێنێت , هەر ئەم پیاوە بو توانی ( علی خان ) ی كوڕی بە ( شاه عباس ) بناسێنێت و ببێت بە خاوەنی ( ٥٠٠٠ ) هەزار چەك دار و پاسەوانی سنور لەدوایشدا كرا بە وەزیری دارای سەرجەم ئێران , هەر ئەم پیاوە بو وای لە ( علی خان ) ی كوڕی بكات داوای دامەزراندنی میرنشینی زەنگەنە بكات لە ( شاه عباس ) و فەرمانی وەرگرت و میرنشێنێكی بەتوانا و دەسەلاَتیان دروست كرد و ناوچەی جوگرافیای گەیشتە ( زرباتیە ) .

١٨-فارس  حارس  سیراج  برسان 

فارس كوڕی حارس  لەدایك بوی ساڵی ١٤٨٧ز بەرانبەر بە ٨٩٩ك لە ناوچەی موكریان لەدایك بوە لە ساڵی ١٥٦٧ز بەرانبەر بە ٩٧٩ك لەناوچەی ماهی دەشت لە گوندی ( زەنگە ) كۆچی دوای كردوە گۆڕەكەی لەو گوندەیە , وەك ئەگوترێت ( حارس ) ( ٢٠ ) بیست كوڕی هەبوە لەهەمویان زیرەك و بەتوانا و لێهاتو ( فارس ) بوە ئەم پیاوەو براكانی لە گوندی ( زەنگە ) جێنشین بونە و هەر ئەم پیاوە سەرپەرشتیاری هەمویان بوە و توانیوێتی خزمو كەسەكانیان یەك بخات و سەرپەرشتیان بكات لە هەموو رویەكەوە .

١٩-حارس- سیراج  برسان  جابر 

بنەماڵەی ( حارس خانی ) زەنگەنەی موكری خاوەنی سامان و سەرمایە و ئاژەڵ و وڵاخی بەرزەی زۆر بون لە ناوچەی موكریان لەویوە لەتەك ( حاجی علی خانی ) زەنگەنەی موكریدا كە ئامۆزای حارس خان بو كۆچیان كرد بۆ بەرەو شاری كرماشان , لە رێرەوی رۆیشتنیاندا لە شاری ( كامیران ) و دەوروبەری ماوەیەك مانەوە بۆ بەخێوكردنی ئاژەڵ لەدوای ماوەیەك لەوەڕ و لەوەڕگەدا سەركەوتن بۆ سەر چیای( بەمۆ ) لەبەرئەوەی لەوەڕگەی چاك بوو , سەرەنجام ( حاجی علی خان ) بڕیاری دا لەدەوروبەری چیای بەمۆ بمێنێتەوە و بیكات بە نیشتمانی هەمیشەی خۆی و خێزانەكەی , لە چیای بەمۆ چوە خوارەوە بەرەو خۆرئاوا گوندی ( ئۆمەر و ئاغا جانی ) دروستكرد بەنیو دوو كوڕی خۆیەوە
( ئۆمەر و ئاغاجان ) سەرەنجام لە بنار بەمۆ ( ٣ ) گوندی ئاوەدانەوە كرد بۆ ماوەیە دوای ئەو كاتە لەتەك ژمارەیەك لە نەوەكانی خۆیدا پەرپوە ئەوبەر سیروان بۆ ناوچەی زەنگەنەی ئێستا و ژمارەیەك لە نەوەكانی لە گوندەكانی بناری چیای بەمۆ هەرمانەوە تا ئێستایشی پێوە هۆزی زەنگەنە لەو ناوچانە بونیان هەیە , حارس خانی موكری ئامۆزایان كشا بەرەو كرماشان و دەشتی ماهی دەشتی كرد بە نیشتمان و جێگەی ژیانی خۆی و نەوەكانی , بە پێ كاتو سەردەم توانیان ئەمارەتی زەنگەنە بەناوی ( علی خان ) ی كوڕی ( التاس ) ەوە دروست بكەن , بە پێ نوسراوەكانی ئەدمۆندزی إنگلیزی ئەم دوو

بنەماڵەیە هەرچەندە کەمێك دووری یەکدی نیشتەجێ بونە هەمیشە سەردان و هاتوچۆیان هەبوە , هەر لایەکیان پێویستیان بە یارمەتی بوبێت ئەوی دی ئامادەی یارمەتیەکە بوە , هەروەك ئەدموندز ئەلێت لەو جەنگەدا کە لەنێوان ( شاە عباس ) سەفەوی و ( نەوشیروان ) دا رویدا نەوەکانی حاجی علی خانی زەنگەنە لە گوندەکانی ( گەراوی و ژاڵە و تویرکە و دەرە بایز ) ەوە بەچەکەکانیانەوە ئامادەی ئەو جەنگە گەورەیە بون و یارمەتی ( مادی و معنوی ) یان بە هێزەکەی ( نەوشیروان ) گەیاندوە و لەتەکیاندا بونە تا ئەو کاتەیش ( نەوشیروان ) هۆز و هێزەکەی لە ( پێبازەوە ) پەرینەوە بۆ ناوچەی زەنگەنەی ئێستا , ئەم مێژووە دێرینەی عیلی زەنگەنەی دیرین و زیرەك و ئازای خاوەنی چاکە و پیاوەتی جێگەی شانازی و سەربەرزیمانە لەنیو هەمو کۆمەڵگەی گەلەکەماندا ئەوەتا ( ئەندموندز ) بێگانە و نەیاری گەلو هۆزەکەمان گەواهی ئەم را پرسیەمان بۆ دەدات , دەبا ئەم مێژووە ببێت بە هاندەرێك بۆ زیاتر پتەوکردنی برایەتی و خۆشەویستیمان .

## (( با پیرانی دێرینی ( زەنگەنە ) تا ( ماد ) ی بچوك ))

ئەم رەگەز و پشتانەی خۆم ( عومەر عەلی رەزا ) کە لە ( میر ) کوڕی هیمن کوڕی کاوە کوڕی عومەرەوە دەست پێدەکات , بە پێ پەرتوکی ( کورد ) گاڵ نامەك ) ی ئاخوندە ( محمد صالح زەنگەنە ) ی بە لوجی وەرگیراوە ئەم پەرتوکە لە ساڵی ١٠٧٠کۆچی بەرانبەر بە ساڵی ١٦٦٠زاینی نوسیویەتی کە دەگاتە ( ماد ) ی بچوك بەم شێوەی خوارەوە نوسراوە تا ( حارس خان موکری ) لە پەرتوکە مێژوویە نوییەکاندا نوسراوە پاشان لە کورد گاڵ نامەك وەرگیراوە سەرجەمیان دەکاتە ( ٩٦ ) پشت .

١-میر کوڕی ٢- هیمن کوڕی ٣-کاوە کوڕی ٤-عومەرکوڕی ٥-علی کوڕی ٦-رەزا کوڕی ٧-فتاح کوڕی ٨-أحمد کوڕی ٩-محمد کوڕی ١٠-محمود کوڕی ١١- خلیل کوڕی ١٢-سلیمان کوڕی ١٣-مصطفی کوڕی ١٤-إسماعیل کوڕی ١٥- نەوشیروان کوڕی ١٦-علی کوڕی ١٧-التاز کوڕی ١٨- فارس کوڕی ١٩-حارس ٢٠-کوڕی سیراج ٢١-کوڕی برسان کوڕی ٢٢- جابر کوڕی ٢٣-موعین کوڕی ٢٤-مهران کوڕی

٢٥-حکم کوڕی ٢٦-أحمد کوڕی ٢٧-ئابان کوڕی ٢٨-تراب کوڕی ٢٩-عوبێد کوڕی ٣٠-عیسی کوڕی ٣١-سعید کوڕی ٣٢-بکر کوڕی ٣٣-خلف کوڕی ٣٤-سویدکوڕی ٣٥-ئەورام کوڕی ٣٦-تیرداد کوڕی

٣٧-پەیکەر کوڕی ٣٨- شاکان کوڕی ٣٩- سەران کوڕی ٤٠- سلیم کوڕی ٤١- گرشاسب کوڕی

٤٢- قوباد کوڕی ٤٣ رَسانْ کوڕی ٤٤- گودەرز کوڕی ٤٥-تیرداد کوڕی ٤٦-روستم کوڕی ٤٧-مهران کوڕی ٤٨-بوراك کوڕی ٤٩-شیربورز کوڕی ٥٠- بەهرام کوڕی ٥١-ئیزبورگ کوڕی ٥٢-رەوانشیر کوڕی

٥٣ مەردان كوڕى ٥٤-بەتليس كوڕى ٥٥-ميهران كوڕى ٥٦-بێستون كوڕى ٥٧-شاە مير كوڕى

٥٨-نۆزەر كوڕى ٥٩- وەندان كوڕى ٦٠-سياەووش كوڕى ٦١- فرهاد كوڕى ٦٢- بێدار كوڕى ٦٣- برسان كوڕى ٦٤- پاتاك كوڕى ٦٥-باكيل كوڕى ٦٦- مەزرەك كوڕى ٦٧-فركى كوڕى ٦٨- كارزان كورى

-٦٩ شوانەك كوڕى ٧٠- زركان كورى ٧١-ديرە كورى ٧٢-خانى كورى ٧٣-باجەل كورى

٧٤-حورمز كورى ٧٥- سابول كورى ٧٦-نەدران كوڕى ٧٧-سويد كورى ٧٨-ڕامين كوڕى

٧٩-ڕشوان كورى ٨٠-زاخۆ كوڕى ٨١- شوهان كورى ٨٢-زينلْ كورى ٨٣- پازوو كوڕى ٨٤-كوسان كوڕى ٨٥-گيل كورى ٨٦-ڕاسن كوڕى ٨٧-باشمان كورى ٨٨-ئارين كورى ٨٩-ڕشوان كوڕى ٩٠-كولك كوڕى ٩١-شوبان كوڕى ٩٢-عزيز كوڕى ٩٣-توركوڕى ٩٤-زەنگان كوڕى ٩٥-بوود كوڕى ٩٦-مادى بچوك .

## (( چەمكێك لە ئێلى زەنگەنەى دێرين و مێژووەكەى ))

ژمارەيەكى زۆر لە نوسەران و مێژوو نوسانى گەلى كورد و بيانيش لاپەڕەكانى پەرتووكەكانيان بە سوارچاكى و ئازايەتى هۆزى زەنگەنە ڕازاندووەتەوە و ئێلى زەنگەنەيان گەلێك قەرزار كردووە بەم كارە جوانەيان , منيش وەكو نوسەرێكى ئەم ئێلە زۆر سوپاس و ستايشى سەرجەميان دەكەم ئەوانەى هێشتا لەژياندا ماون و ئەوانەيش ئيستا لەتەكماندا نازين , هەزارا سۆز و بەزەى بێپايانى خواى گەورە و ميهرەبانيان لێبێت , لێرەدا بە پێويستى دەزانم گوڵ بژێرێكى ئەو پياوە بەئەمەك و بەرێزانە بكەم كە بەم كارە پيرۆزەيان هەڵساون لەنيو سەرجەم نوسەرانى گێتيدا, ئەمەى داديێت نێوى ژمارەيەك لەو بەرێزانەيە كە بەم كارە پيرۆزەيان زيندويەتيەكى هەميشەيان بۆ خۆيان تۆمار كردووە و گيانێكى پيرۆزيانيش بە ئێلى زەنگەنە بەخشى , لەهەمان ساتدا داواى لێبوردنيش لەو پياوە دەكەم كە ئەم كارە پيرۆزەى ئە نجامداوە ناوى بەرێزى لەلام تۆمار نەكراوە و نازانم .

١-ئەمير شەرەف خانى بەتليسى ٢-ئاخوندە محمد صالح زەنگەنەى بەلوجستان ٣- مەلا ئەورەحمانى گەورەى ڕۆژبەيانى ٤-مەلا جميل ڕۆژبەيانى ٥-المونشأ البغدادى ٦-عباس العزاوى

٧-مەلا حسن ( نوحی ) زەنگەنە ٨- محمد حسن کوردستانی ٩-سید مصطفي ( نەریمان )

١٠- مینورسکی ١١- یوسف بەڵخی هەورامی ١٢- حسین حزنی موکریانی ١٣-رۆسۆگەریدە

١٤-رشید جاسم ئاغا ١٥-سلیمان بەگی ( زبونی ) ١٦-جمال بابان ١٧- تۆفیق قەفتان

١٨- محمد أمین زکی بەگ ١٩- محمد أمین مردوخی ٢٠-عرب شامیلوف ٢١-نبسترمۆن

٢٢-ئەدمۆندز ٢٣-إیگۆر میخائیل دیاکۆف ٢٤-مالی بیادر هۆڵندی ٢٥-ملا فتاح جباری

٢٦-عبدالمنعم الغلامی ٢٧-کماڵ مظهر ٢٨- محمد عبدالرحمن ٢٩-صلاح هلاج ٣٠-حاتم کاکەی

٣١-هەردەوێل کاکەی ٣٢- بهجت احمد زەنگەنە ٣٣-عبدلله دارتاشی ٣٤-دیار غریب

٣٥-عباس اقبالی الإشتیانی ٣٦- رە نجوری .

لێرەدا بە پێویستی دەزانم بەتایبەتی سوپاس و ستایشی نەوەکانی خوالێخۆشبو ئاخوندە محمد صالح زەنگەنەی بەلوجستان بکەم کە توانیویانە پەرتوکی ( کوردگال نامەك ) بۆ ماوەی ( ٣٧٢ ) ساڵ بپارێزن لەناوچون , سوپاسی زۆر بەرێز خوێندکاری زانکۆی بلوجستان بەشی مێژوو کاك هیوا محمد زەندی بکەم کە ئەم پەرتوکەی لەزمانی فارسیەوە وەرگێڕا بۆ زمانی کوردی لەسەر ئەرکی حکومەتی کوردستان بەچاپیشی گەیاند , بێگومان ئەم پەرتوکە گەنجینە و زێڕ و گەوهەرێکی بێهاوتایە بۆ گەلی کورد و کوردستان بەتایبەتی بۆ هۆزی زەنگەنە . لەم پەرتوکەدا ئاماژەیەکی فراوانی بۆ هۆزی زەنگەنە کردوە بۆ دەسەڵات و سوپا و کارگێڕیان و ئەو دەوڵەتانەی دروستیان کردوە لە مێژوودا , نوسەر لەم پەرتوکەیدا زەنگەنەی بە کوردی ڕۆژهەڵاتی لە پینوس داوە , بە پێ نوسینی مێژوو نوسانی دێرین و نوێمان بنەچەی کوردی ڕۆژهەڵات کوردستان بەنەوەی مادەکان دەناسرێن ئەو تیرە بەناوبانگ و ناسراوانەی ( ماد ) لە مێژوودا ئەمانەن ١-پارتاسنی ٢- بووزی ٣-ئەستروشانی ٤-ئاری زانتی ٥-بوودی ٦-ماژی ٧-دیلمانی . لەڕاستیدا ( ماد ) ەکان لە ( ١٥ ) تیرە پێك هاتبون و خاوەنی ( ١٥ ) ئەمارەت بون و هەر میرنشینێك سەر بە تیرەیەك بونە , کاتێك ( کەیقوباد ) ی ( ماد ) دەوڵەتی گەورەی ( ماد ) ی دروستکرد لە ساڵی ( ٨٥٣ ) پ-ز ئەم ( ١٥ ) میرنشینە خۆیان هەڵوەشاندەوە چونە نێو دەوڵەتی گەورەی( مادو فاس ) ەوە , تیرەی بوودی بە پێی ڕەوتی سەردەم بەسەر دوو تیرەی ( براخۆی و زەنگنان ) دا دابەش بون کە لە دو کوڕی ( بوود ) براخم□ و زەنگنان سەرچاوەیان گرت , هەربەم هۆیەوە ( براخم = براخوم إیستا بوە بە إبراهم ) سەرچاوەیان گرتوە , ( زنگنان□ زەنگەنە ) یش هەر بەو شێوەیە ناوبانگیان دەرکردوە و ناسران, مێژوو نوسان زۆربەیان ئاماژەیان بە نەوەکانی ( ماد ) ی بچوك کردووە کە باپیرە گەورەی زەنگەنەن , کە لە سەدەکانی ١٤٠٠ تا ١١٥٠ پ-ز بونیان لە کوردستانی گەورەدا هەبوە , پاشان

بە پێ ڕەوت و گۆڕانی سەردەم لەنیو ( خۆری و میتانیە ) کاندا تواونەتەوەو بزربونە و چلّ و پەلی جۆراوجۆری نوییان لێدروست بونە , مادی بچوك کوڕی چیك کوڕی ئاگاز کوڕی مەنگوڕە , ئەم پیاوە حەوت کوڕی هەبوە یەکێك لە کوڕەکانی ناوی ( بوود ) ە بوودیش دوو کوری هەبوە بەنێوی ١-براخم -٢-زەنگنان , زەنگنان یا پیرەگەورەی إیلی زەنگەنەیە لە بابەتی ( با پیرانی دێرینی زەنگەنە تا مادی بچوك ) ئاماژەم بۆ یەکێك لە بنەماڵەکانی ئیلی زەنگەنە کردوە ئەوش پشتاوپشت تا دەگاتە ( ماد ) ی بچوك ئەوش بنەماڵەی نوسەری ئەم پەرتوکەیە کە بە ( ٩٦ ) پشت دەگات بە ( مادی بچوك ) لەساڵی ( ٨٥٣ ) پ-ز ( کەیقوباد ) ی ماد فەرمان ڕەوای

( ماد و فارس ) ی گرتە دەست لەتەك سەرۆکی ئیلی زەنگەنەدا ریکەوت ئەو کاتە ( میر سەوید ) بو لەتەك هۆزەکەیدا کۆچ بکەن بۆ ( زابلستان ) کە ئێستا سەر بە دەوڵەتی ( پاکستان ) ە هەر لەویدا ئەمارەتی زەنگەنە بەسەرۆکایەتی خۆی دروست بکات و زێرەڤانی و چاودێری سنوری ( ماد ) بکات ) , ئەو کاتە سنوریان لەتەك ( پاکستان و ئەفغانستان و هیندستاندا لەیەکتر دەگەڕانەوە ), هەر بۆیە میر ( سەوید ) فەرمانەکەی بەجیهێنا ولەتەك بەشێکی زۆری هۆزەکەیدا لە ( زابلستان ) جیگیربون و ئەمارەتی زەنگەنەیان دامەزراند و خۆیان بەبەشێك دەزانی لە دەوڵەتی ( مادی گەورە ) ئەم میرنشینەی زەنگەنە بۆ یەکەم جار بە سەرکردایەتی میر ( سەوید ) دامەزرا لە ( زابلستان ) , ئەم میرنشینە لە سەردەمی هێرش ( ئەسکەندەر ) ی مەقدونی بۆ سەر ئێرانی گەورە بونیان هەبوە کە دەکاتە ساڵی ( ٣٢٤ ) پ-ز , ئەم میرانە سەرکردایەتیان کردوە ١-میر سەوید ٢-میر ئەدران ٣-میر سابول ٤-میر حورمز ٥-میر باحل٦-میر خانی ٧-میر دیزە ٨-میر پاتاك ٩-میر برسان , لەدوای ئەمانیش ئەم میرنشینەی زەنگەنە بونی هەبوە تا سەردەمی هێرشی نارەوای تە یمور خانی گورگانی ) لەساڵی ( ٧٨٥ ) کۆچی لە هێرشێکی نارەوای بۆ سەر ناوچەکەیان توانی پاش کوشتارێکی زۆر لە دەسەلاّت دوریان بخاتەوە و ئەمارەتەکەیانی لەناو برد و روخانی , لە ساڵی ( ٣٢٤ ) پێش زاین

( ئەسکەندەری ) مەقدونی یونانی لە ڕۆژهەلاّتی ئێرانی گەورەوە هێرشی کرد بۆ داگیرکردنی ئێران و سەرکەوتنی بەدەس هێنا , جگە لە ئەمارەتی زەنگەنە هەشت میرنشینی کورد هەبون لەنیو ئێرانی گەورەدا سەرجەمیان شکستیان هێنا بەدەستی ( ئەسکەندەر ) ی مەقدونی یونانی ( ١-میرنشینی کیکانی ٢ میرنشینی گورانی ٣- میرنشینی سارونی ٤- میرنشینی غوزداری ٥-میرنشینی مشکانی ٦-میرنشینی ئەرمیلی٧-میرنشینی بولاّنی ٨-میرنشینی کریشکانی ) تەنیا ئەمارەتی زەنگەنە لە ( زابلستان ) مایەوە بەسەرۆکایەتی ( میر برسان ) ی زەنگەنە , ئەم پیاوە ژیر و تێگەیشتوە دنیا دیدەی زەنگەنە بە ژیری و لێهاتوی خۆی سودی لە ناوەزەی خۆی وەرگرت و شاندێکی زیرەك و لیهاتوی بە سەرپەرشتی ( فەیروز ) ی کوری نارد بۆ لای ( ئەسکەندەری ) مەقدونی , هاوڕێ لەتەك چەند جۆرە دیاریەکی گرانبەهادا , نامەیەکی نوسی بۆ ( ئەسکەندەر ) و تێدا ئەم ووشانەی دووبارە کردبووەوە (( بەرێز خاوەنی باوەڕی یەکتاپەرستی و شوین کەوتوی ئاینە پیرۆزەکەمان ( ئەسکەندەر ) ی مەقدونی

یونانی وەك زانیومانە بەریزتان لەسەر ریگەی باوەڕی یەکتا پەرستین و تەنیا یەزدانی گەورە دەپەرستن و دژی هەمو هاوبەش دروستکردنیکن بۆ یەزدانی مەزن و هەر بۆ چەسپاندنی ئەم باوەڕە پیرۆزەتان تەشریفتان هیناوە بۆ ئیرانی گەورە و سەرجەم وولاتانی سەر ڕووی زەوی , بەووپەری شانازیەوە دەلیم خۆم و هۆزەکەم و ئەو خەلکانەی لەتەکمدان , لە باب و باپیرا نمانەوە هەر لەسەر ئەم ئاین و باوەڕە پیرۆزەین یەکتاپەرست بوینە و هەر یەکتاپەرست دەمینین تا ئەو رۆژەی یەزدانی مەزن کۆتا بەم گیتیە دینیت , جگە لە یەزدانی مەزن کەسی دیکە بە پەروەردگار و خوا نازانین , بەریز جەنابی ( ئەسکەندەر ) ی مەقدونی , ئاینەکەی ئیمە و پەیامبەرەکەمان

( یوشا زەردەشت ) حەرام و قەدەغەی کردوە لیمان دژ بە یەکتاپەرستان بجەنگین لەهەموو کات و سەردەمیکدا قەدەغەیە .



وینەی ( زەردەشت ) پەیامبەری دیرینی کورد

بە پیچەوانەوە ئاینمان فەرمانمان پیدەکات و پیویستی دەکات لەسەرمان هەمیشە هاوەل و یارمەتی دەرتان بین لەم هاتنە پیرۆزەتاندا , هەربۆیە لیرەدا بە بەریزتان ڕادەگەیەنم , خۆم و گەل و سوپاکەم ئامادەین بۆ جیبەجیکردنی فەرمانەکانتان لە پیناوی بەدیهینانی ڕەزامەندی یەزدانی گەورەدا ئەووش شان بەشان سوپا بەریزەکەتان بەیارمەتی یەزدانی گەورە و بە فەرماندەی بەریزتان لە پیناوی

گەیاندن و چەسپاندنی باوەڕی پیرۆزی یەکتا پەرستی لەکۆتایدا سەڵاوی یەزدانی مەزنتان ئاراستە دەکەم لەتەك سەڵاو ڕێزی گەلەکەمدا لە ( زەرەنگ ) پایتەختی ( زابلستان ) و چاوەڕوانی فەرمانی سەرکردایەتی بەڕێزتانین ( إمزا □ ئەمیر برسان زەنگەنەی زابلستان ) , ( ئەسکەندەر ) کاتێ نامەکەی بۆ خوێندرایەوە زۆر دڵشاد دەبێت کە لەو وولاتەدا هاوەڵ و هاوباوەڕی هەیە ,

( ئەسکەندەر ) بە ( فیروز ) و شاندەکەی دەڵێت ( من زۆر سوپاسی ئەمیر برسان زەنگەنە ) دەکەم , زۆر دڵشادم بەوەی کە برا و هاوبیر و باوەڕمانە , ئاگاداری بکەنەوە با لەسەر تەختی میرایەتی ( زابلستان ) وەك خۆی دانیشێت چی کاتێك پێویستمان بە سوپاکەی هەبو ئەو کاتە ئاگاداری دەکەینەوە خوای گەورە وێنەیان زۆرتر بکات . بنەماڵەی ئەمیر برسان لەسەردەمی ( کەیقوباد ) دا دامەزرێنەری دەوڵەتی ( ماد و فارس ) بون , ئەم دەوڵەتە لە ساڵی ( ٨٥٣ ) پ-ز دروستکرا , ئەم بنەماڵەیە پێش دروستبونی دەوڵەتی ( ماد □ فارس ) هەر بەتوانا و بەدەسەڵات بونە و خاوەنی میرنشینی خۆیان بونە .

( ئەسکەندەر ) مەقدونی لەدوای داگیرکردنی وولاتەکانی رۆژهەڵات و دانانی بریکار ( وکیل ) لەو جێگەیانە لەجیاتی خۆی , لەگەڕانەوەیدا بەرەو ( یونان ) لە عیراقی ئیستا لەساڵی ( ٣٢٣ ) پ-ز لە ( بابل ) کۆچی دوای کرد لە تەمەنی ( ٣٢ ) ساڵیدا , لەدوای کۆچی ( ئەسکەندەر ) جێگرەکەی سیاوکس کە سەرلەشکر بو هاتە سەر تەختی سەڵتەنەتی ( ماد □ فارس )و( توران ) و ( مەکران ) و ( کابلستان ) و ( زابلستان ) ,( سیلوکس ) میربرسانی زەنگەنەی بە هاوەڵو یاریدەدەری خۆی دەزانی و زۆریش ڕێزی لێدەگرت , هەر بۆیە بەشێوەیەکی رەسمی دانی نا بەدەسەڵاتەکەی ( میر برسان ) دا نێوی ناوچەی ( زابلستان ) ی گۆری و بە ( زەنگەنستان ) ناسانی , دوای مردنی میر ( برسان ) فەیروزی کوڕی هاتە سەر تەختی ئەمارەتی زەنگەنەی ( زەنگستان ) دوای ئەو میر لیسپی و دوای ئەو میر ( بورد ) و دوای ئەو میر ( گورنگ ) دوای ئەو میر ( بورگان ) ئەم ئەمیرە بەناوبانگەی ئێلی زەنگەنەی ( زەنگەنستان ) فەرمانرەوای ( زابلستان = زنگنستان ) یان کرد و تا ساڵی ( ٧٨٥ ) ك , تا هێرشەکەی ( میر تەیموری گورگانی ) کۆتای بەدەسەڵاتیان هێناوە .



وێنەی ئەسکەندەری مەقدۆنی ( ذو القرنين )

## (( چەمكێك لە ژیانم ))

لە ساڵی ١٩٤٢ز بۆ یەكەم جار رووناكیم بەدی كرد لەنێو خێزانی جوتیارێكی هەژاردا , باری ژیانی خێزانەكەمان هەر لە شێوەی باری ژیانی ئەو خێزانانە بو كە لە گوندەكەدا دەژیان پێك هاتبون لە ( ٣٠-٣٥ ) خێزانی جوتیاری هەژاری دوور لە رووناكی زانین و زانستی خوێندنگە , لەبەر ئەوەی باری ڕامیاری ئەو سەردەمە شاردنەوە و پەردە بەسەردادانی رووناكی زانست و زانیاری بو لە پێش چاوی كۆمەلانی خەڵك , لەساڵەكانی كۆتای چلەكاندا قوتابخانەیەك لە گوندی ( باوە ) كرایەوە , ئاغای گوندەكەمان ( شیخ فاتح تاڵەبانی ) بو رۆژێك لە ساڵی ( ١٩٤٩= ١٩٥٠ ) جوتیارەكانی گوندی ( ساڵەی ) كۆكردەوە لە دیوەخانەكەیدا , پیبیانی ڕاگەیاند گوتی قوتابخانە لە گوندی ( باوە ) كراوەتەوە من ( قادر و سوعاد ) كوڕم ناونوس كردوە بۆ خوێندن , داو الە هەموتان دەكەم كوڕەكانتان ناونوس بكەن با بخوێنن , با فێری زانیاری و زانست بن , بەو قسانە باوەڕ مەكەن خەڵكێك ئەڵێن ئەو كەسەی لە قوتابخانە بخوێنێت ( كافر ) دەبێت ئەم وتنانە ڕاست نیە , باوكم لە دیوخان هاتەوە زۆر دڵخۆشبو بەو هەواڵە , باوكم هیوای ئەوەی هەبو رۆژێك بۆی بگونجێت بمخاتە بەر خوێندن بەتایبەت زۆر حەزی بەوە بو لە خوێندنگەی ئاینی بخوێنم ئەگەر بگونجێت , بەیانی لەخەو هەڵمیساند گوتی ئەتبەم بۆ قوتابخانەی ( باوە ) لەتەك كوڕەكانی ( شێخ فاتح ) بخوێنە نێوان گوندی ( ساڵەی و باوە ) بە پێ رۆیشتن , هەر نیو كات ژمێرە , ١٩٤٩-١٩٥٠ ز دەستم بە خوێندن كرد , ئەو قوتابیانەی گوندی ( ساڵەی ) ئەمانە بون ١-قادر و سوعاد شێخ فاتح ٢-عومەر علی

٣-غنی عبدالله عمر ٤-حاکم مجیده ٥-عبدالرحمن محمد ٦-عصام فتاح , بەریوەبەری قوتابخانە مامۆستا ( حمید سنجقی ) بو خەڵکی ( کۆی سنجەق ) لەنەتەوەی تورکمان بوو دوو مامۆستامان هەبو ( م روف / م عبدلله ) قوتابخانەکە تەنیا پۆلی ١-٢-٣ تێدا بو , ئەم مامۆستایانە زۆر بەرێز و بەئەزمون بون , بەڕاستی بە ڕەوشتی بەرزی پەروەردەی هەڵسوکەوتیان لەتەکماندا دەکرد , قوتابییەکانیان زۆر خۆشدەویست , هەر بۆیە قوتابییەکانیش ئەوانیان خۆشدەویست , ئەگەر قوتابییەك لەدەرەوەیش نالەبار بوایە دەگەیشتە مامۆستا لەو قوتابخانەیە بۆ ماوەی ( ٣ ) ساڵ خوێندم نەم بینی قوتابییەك ناجیح نەبێت لە خولی دوەم هەڵیان دەساندەوە .




وێنەی نوسەر لەسەر قوتابخانە دێرینە روخاوەکەی ( باوە )

بۆ ئەوەی قوتابخانە و خوێندن لامان خۆشەویستر بێت مامۆستاکانمان بەبڕێك ڕەوشت و کاری جوان دڵخۆشمانیان دەکرد , ١- لەنزیك بونەوەمان لە تاقی کردنەوەی کۆتای , بۆ ئەو قوتابیانەی لە وانەکانیاندا باش و بەتوانا نەبون بۆ بەهێزکردنیان بۆ ماوەی یەك دوو هەفتە دانی ئێواران خولی فێربونیان بۆ دەکردنەوە بە خۆبەخشی وانەیان پێدەگوتن , هەر بۆیە ئەو ماوەیە نەمبینی قوتابییەك بکەوێت و سەرکەوتو نەبێت , ٢- لەکات بەهاردا رۆژێکیان دیاری دەکرد بۆ قوتابیان کە بەیانی خواردن بهێنن لەتەك خۆتانا سبەی دەچین بۆ سەیران کتێبەکانتان مەهێنن , تیپێکی ( کەشافە ) دروست کرا لەو قوتابیانەی کەمێك تەمەنیان گەورە بو لە ( ١٢ ) قوتابی بەرگی سەربازیان لەبەردا بو دارێکی یەك مەتریان لەشێوەی تفەنگ دەکردە شانیان لە پێشەوەی ریزەکانی قوتابیاندا دەوەستان ( حسین و حسن ) کوڕانی رەزا چاوش ( باوە ) لە هەرە پێشەوە بوە , ( حسین ) بە دهۆڵ و ( حسن ) بە زوڕنا مارش راست چەپیان لێدەدا هەمو قوتابیان لەشێوەی سەربازی ( راست چەپ  راست چەپ ) بە رێز بەدوایاندا ریمان دەکردبەنیو گوندەکەدا تا دەگەیشتینە کارێزەکەی گوندی باوە کە پێ دەکوترا کاریزی ( کونجی لی ) ناوچەیەکی زۆر جوان و سەوزای و جوتیاری بو , ئاوی کارێزەکە زۆر سازگار و شیرین و سارد بو , هەرسێ پۆلەکە بەجیا هەر پۆلی لەتەك مامۆستای خۆیان دەوەستان بەریز , مامۆستاکەی ئیمە پۆلی سێ مامۆستا روف بو ئامێرێکی عودی پێبو بەدەنگی خۆی و ئامیرەکەی سرودی( خوایە وەتەن ئاواکەی چەند جوان وشیرینە )( خاکی گەوهەرە ئاوی کە وثرە پڕ لە گوڵ و نەسرینە ) ی دەگوت پۆلەکەیش بەگشتی ئەمانگوتەوە بەدوای مامۆستا روف ەوە , تا نیوەڕۆ دەماینەوە مامۆستاکان بە گۆرانی و سرود گوتن لەتەکماندا بون لەدوای نانی نیوەرۆ بەچی جۆرێ هاتین هەر بەو شێوەیش

دەگەڕاینەوە بۆ قوتابخانەکەمان و لەوێ سرودی خوایە وەتەن ئاواکە یمان بەگشتی دەگوت و بلاوەمان لێدەکرد هەرکەسێ بۆ ماڵی باوکی , جگە لەم کارە جوانانە مامۆستاکانمان دەیان کاری دڵ خۆش کارانەیان بۆ دەکردین .

## (( دێی باوە ))

( باوە ) جێگە و نیشتەجێی باپیرانمە * جێ پەنجە و دەستی کەسەکانمە
زۆر خۆشەویستە و نیشتمانمە * بۆیە پڕ بە دڵ پڕ بەگیانمە
جێی لەدایك بون پشتەکانمە * خاکی سورمەیە و بۆ چاوانمە
باپیرە فتاح هەم بابا رەزا تا حاجی علی * دەسرازە و بێشکەیان لێرە بۆکرێ
بۆیە دێی باوە پڕ بە دڵ و پڕ بە گیانمە * نوقڵە شیرینەی ژێر زمانمە
( رێبوار ) چاوانت بە خاکەکەی ڕەشت * سەرداو زانیاریت هەر لێرە دەسکەوت

## (( دوو کارەسات و ڕوداوی سروشتی ))

لەبیرمە ساڵی ١٩٤٧- ساڵێکی زۆر باراناوی و خۆش بو بەهارێکی پڕ لە گژوگیا و گوڵ و گوڵزار بوو , جوتیارەکان بەگشتی دڵیان زۆر خۆشبو بەبەروبومی کشتوکاڵەکانیان بەڕاستی هاتێکی باش بو خێزان و منالی جوتیارەکان بەدەیان هیوایان بەستبووەوە بە بەروبونو بەرهەمی زەویەکانیانەوە , جێگەی داخی هەمومان بو لەناکاو هێرشێکی گەلێ زۆری جانەوەری ( کولە ) روی کرد لە ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی گوندی ( باوە □ ساڵەی □ مامشە ) هەرچی شینای لەرووی زەوی هەبو هەمویان خوارد تەنیا خاك و خۆڵەکە مایەوە بۆ جوتیاران و خێزانیان ئەو هیوایانەیان بەستبووەوە بە بەروبومی دەغڵ و دانەوێڵەکانی ئەو ساڵەیانەوە هەمووی ژێر ئەو خاك و خاشاکە کەوت کە لە پاش جانەوەری ( کولە ) بەجێما بۆیان , جوتیارەکان بەهەرچی قەرز و قۆڵەیەك بوو بۆ بۆ ساڵی ئایندە زەویەکانیان کێلآیەوە و تۆویان کرد بە گەنم و جۆ , بەفەرمانی خوای گەورە ئەو ساڵەیش ١٩٤٨ز ساڵێکی تەڕ و باراناوی و خۆش بو بۆ جوتیارەکان و ئاژەڵەکانیان , بەهارێکی زۆر خۆش و جوان و پڕ لە گژو گیا و گوڵ و گوڵزاری جوان بو بەرهەمی جوتیارەکان لەساڵی ڕابوردو گەلێك چاکتر هاتبو بەڕاستی هات بو جوتیارەکان و خێزانەکانیان زۆر دڵشاد بون , ئەوەندە بەهارەکەی چاك و خۆشبو زۆربەی جوتیارەکان و خێزانەکانیان بەخواردنی رووەك دەژیان وەك ( قنگر □ تۆڵە □ هەپلوك □ تورشکە □ چاوباوزە □ پیشۆك □ کەلآوە سورە ) هتد . لەبەر ئەوەی دەغڵ و دانەوێڵەمان و بەروبوممان زۆر بو چاك هاتبوو باوکم خالۆم سید رشیدی ( بە سەپان = وەرزیر ) گرت بۆ کۆکردنەوەیان , بەرهەمی ( جۆ ) زەرد ببو نزیك ببووەوە لە

دوورینەوەی خەڵك ئەچون بۆ مەزراكان تول تەكێنیان دەكرد □ جۆكەیان ئەدوریەوە و داریێكیان لە زەوی بەقایمی ئەچەقاند و درەو كراوەكەیان پێوە دەبەست بە داریێك ئەیاندا لە گوڵەكانی دەنكە جۆكان دەكەوتنە سەر ئەرز و كۆیان دەكردەوە , دوای پاك كردنی ئەیان هێنایەوە بۆ ماڵ و لەنێو ساجی نان كردندا بەئاگر دەیان برژاند و دەیان خوارد , زۆربەی جوتیارەكانی ئەو ساڵە بەو جۆرە دەژیان لەبەر نەبونی ( گەنم و جۆ ) ڕۆژێك بەیانی زوو هەڵساین چوین بۆ سەر مەزرای جۆكەمان باوكم □ دایكم □ خاڵۆم □ من و عوسمان برام مناڵ بوین لەسەر مەزراكە دەستیان بە كار كرد تا نیوەڕۆ نوێژیان كرد و كەمێك ماندوویان حەسایەوە . لەرووی قبلەوە هەورێكی زۆر رەش بە بروسكە و گرمە و ناڵەوە هات بە پەلە خۆمان كۆكردەوە هەرچی هەبو لەتەك من و عوسمان براما خستمانیانە سەر پشتی گوی درێژەكان , مەزراكەمان هەر نیو كاتژمێر لەماڵەوە دور بو , لەنزیك ماڵ ( تەزرە ) دای كرد ( فەرەنجیە ) كانی خۆیانیان دا بەسەر من و عوسمان برامدا , تا گەیشتینە ماڵ باوكم سەر و دەموچاوی لە دوو لاوە بریندار بو دایكم سەری و پەنجەی شكا خاڵۆمیش هەر بەو شێوەیە بریندار بون تەنیا ئێمە هیچمان لێنەهات بارینی ( تەزرە ) بەردەوام بو تا نیوەی شەو لافاوێكی هێجگار زۆر هەڵسا دانەی ( تەزرە ) بەگوێرەی هێلكەی مریشك گەورە بوو , ئەو كارەساتە دڵتەزێنە جوتیار كوژە سەرجەم مەزراكانی لە ڕەگ و ڕیشە دەركرد و لافاو بردی بۆ نێو چۆم و جۆگەكان ئەم جارەیش جگە لە زەویە قوڕە سورەكە هیچ شتێك بۆ جوتیارەكان نەمایەوە . هیوای جوتیارەكان و خێزان و مناڵەكانیان دووبارە كەوتە ژێر قوڕە سورەی مەزراكانیانەوە , خێزانەكانیان بەدەم گریانەوە دەیان گوت ( ئەویشم چو ئەمیشم چو بەجارێ ماڵی وێرانم ) جوتیارەكان پێش ئەم دوو كارەساتە سروشتیە وەك ئاماژەم پێ كردە لەسەرەتاوە زۆربەی زۆرمان هەر هەژار و بێ نەوا و نەبوبون ئەم دوو كارەساتە وای لێیان كرد كە هیچیان نەمێنێت , ئەوەی كەمێك ئاژەڵی هەبوو بەهەرزان فرۆشتی و باریان كرد بۆ پارێزگەی ( بعقوبە ) و ( سلیمانی ) و دەوروبەری لەبەر ئەوەی ئەو كارەساتەی لە گەرمیانی ئێمە رویاندا لەو دوو جێگەیە نەبو , بون بە وەرزیر و شوان و گاوانی خەڵكی تەنیا بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان و خێزانەكانیان لە برسیەتی و لە مردن ڕزگار بكەن , باوكم و چەند ماڵێك ماینەوە لە گوندی ساڵەی هەرچی ماڵ و ئاژەڵمان هەبوو هەمویان فرۆشت بۆ پێكەوەنانی دەسمایەیەكی بچوك تا بتوانن كاروانی ( گەرمیان و كوێستانی ) پێبكەن , خەڵكی لە گوندەكانەوە لەدەور باوكم كۆبونەوە بڕیاریان دا بەیەكەوە كاروان بكەن لە شارۆچكەی
( دالتاوە □ خالص ) ەوە خۆی و خورما بەرن بۆ هەورامان لەوێ بە گۆڕینەوە ( المقايضة ) بە مێوژ و توی و گوێز بیگۆڕنەوە , بیهێننەوە بۆ كەركوك بیفرۆشن بە پارە و دیسان بچنەوە بۆ ( دالتاوە ) هەر بەم شێوەیە توانیان بژێوی ژیانیان دابین بكەن و گەنمو جۆ بۆ زەویەكانیان پەیدا بكەن , ئەم ژیانە بەلای منەوە سەخترین ژیان بوە لەو كات و سەردەمەدا .

(( ساڵەی گیانم ))

| | | |
|---|---|---|
| ساڵەی گیانم ساڵەی گیانم | * | ساڵەی نوری هەردو چاوانم |
| ساڵەی جێگە و بێشکە و هێلانم | * | ساڵەی روناکی و ئارەزوی گیانم |
| کە کەوتمە جوڵە لەم دنیا سەیرە | * | بەدەس خۆم نەبو خوا ( مسیرە ) |
| ( رێبوار ) لە پشت ئادەم هەتاکو ئێرە | * | گشتمان کۆچەرین نازانی خیرە ؟ |




وێنەی گوندی ساڵەی جێگەی لەدایك بونم

لەساڵی ١٩٥٣ ز بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتیەوە یەکێك لە کورەکانی مامەم محمد دروستیان کرد ناچار بووین لە گوندی ساڵەی کۆچ بکەین , چوینە گوندی ( تاوێر بەرز ) ناوچەی جەباری , بەناچاری ئەم ماڵانە بەیەکەوە کۆچمان کرد, ١- مامەم محمد ٢- ماڵ باوکم ٣-مامەم أمین ٤-حسن کاظم پورزام.

وێنەی


محمد رەزا فتاح


علی رەزا فتاح


أمین رەزا فتاح


حسن کاظم حسن

بەهۆی کۆچکردنمانەوە لە گوندی ساڵەی و دورکەوتنەمان لە خوێندنگەی ( باوە ) دابرام لە خوێندن , ئەم دابڕانەم بەلای من و باوکمەوە لە کارەساتی کۆچ کردنەکە زیاتر کاری کردە سەرمان , بەراستی ئەوەندە قوتابخانە و مامۆستاکان و قوتابییەکان بەلامەوە خۆشەویست بون ئەگەر بە مردنی خۆمیش چارەسەر بوایە حەزم دەکرد نەك بە دورکەوتنەوە لێیان , لە کەرکوك گەرەکی ( ئاخە حسین =

حەڵواچییەكان ) خوێندنگەی ( الغوثیة ) و مزگەوتی ( قاضي محمد الغوث ) هەبوو ئەو مزگەوت و خوێندنگەیە لە ساڵی ١١٧٣ كۆچی دامەزراوە , لەو خوێندنگە ( ملا سید حسین نەورۆزی ) خاڵۆم پلەی كۆتای خوێندنی ئاینی دەخوێند .




وێنەی خوێندنگە و مزگەوتی ( الغوثیة )



وێنەی خوێندكار ( عومەر حاجی علی ) زەنگەنە

لە خوێندنگەی ( الغوثیە ی كركوك ) ساڵی ١٩٥٧

باوكم لە ساڵی ١٩٥٣-١٩٥٤ بردمی بۆ ئەو خوێندنگەیە دامیان مەزران بۆ خوێندنی ئاینی , دەستم بە خوێندن كرد , هەرچەندە ئەم دابڕانە لە خێزان بەهۆی تەمەنم زۆر گران بو بۆ من لەبەر ئەوەی پۆلی ( ٣ ) سەرەتایم تەواوكردبو بەماوەی ( ٣ ) مانگ بەیارمەتی خاڵۆم قورئانی پیرۆزم ( ختم ) و ڕەوان كرد , دەستم كرد بە خوێندنی ژمارەیەك پەرتوكی بچوك بەزمانی كوردی  عەرەبی  فارسی , پەرتوكی أحمدی وەرگێڕانی وشەی عەرەبی بۆ كوردی وەك ( رأس  سەرە  عين  چاوە  بەدەن قالب  إسم  ناوە ) پەرتوكی إسماعیل نامە گوڵستان و باغستان بە زمانی فارسیە هۆنراوەی سعدی شیرازی و معراج نامە و ژمارەیەكی دیكە پەرتوكی بچوك لە هەرسێ زمانەكە , ئەم پلەی خوێندنە بە قوتابییەكان دەگوترا ( سوختە ) پلەی دوەم ماوەی خوێندنەكەی زۆرترە ئەم پەرتوكانە دەخوێندرا

( ١-فتح القريب ٢-فتح المبين ٣-باجوری ئەمانە فقە شەریعەتە لەتەك ژمارەیەك پەرتوکی ڕێزمانی عەرەبیدا ( القواعد ) دەخوێندرا ئەوەش ( نحو و الصرف ) بون وەك ١-فعل سعدالله ٢-الياغوجي ٣-الإظهار٤-جامی ٥- صیوطي الفیەی إبن مالك ئەو خوێندکارانە ئەم پەرتوکانەیان دەخوێند پلەکەیان ناوەندیە بە ( فقیە ) دەناسران ) پلەی گەورە کۆتا خوێندن لە خوێندنگەی ( الغوثیة ) ئەم پەرتوکانە بون بە (١٢) ( زانیاری = علم ) دەناسرا , ئەم مامۆستایانە وانەکانیان دەوتەوە ١-ملا أحمد ملا حکیم بەڕێوەبەری خوێندنگە و سەرۆکی زانایانی کرکوك ٢-ملا عبدالمجید قطب یاریدەری یەکەم ٣-ملاعلی لیلان یارمەتی دەری دوەم و مامۆستایان ٤-ملاعلی فتح الله ٥-ملا سید أمین ژاژی ٦-ملا جمیل رۆژبەیانی , جگە لەم بەرێزانە مامۆستای دیکەیش هەبو وەك ملا علی ترکشکان ملا قادری جباری , جگە لەم خوێندنگەیە لە مزگەوتەکانی کەرکوك لە زۆربەیان دەرس دەخوێنرا و فەقیەی تێدا بوو .

## ( بە کێ دەگوترا مەلای ( ١٢ ) علم )

خوێندنی ئاینی بۆ دروستکردنی مەلای ( ١٢ ) علم ئەو سەردەمە بەم شێوەیە بو , کۆتا پەرتوکی خوێندن ( جمع الجوامع ) بو کە پەرتوکی ( فقە ) بەواتای کۆکراوەی کۆکراوەکان شەریعەتی ئیسلام , زانیاریەکانی ئەو سەردەمە کە پێی دەگوترا ( ١٢ ) علمەکە ئەمانە بون , ئەو خوێندکارانەی گەیشتبونە خوێندنی ئەم زانیاریانە پێیان دەگوترا ( مستعد ) بە واتای خوێندکاری ئامادەکراو بۆ وەرگرتنی ( إجازە ) مۆڵەت و روخسەت پێدانی وتاربێژی و پێش نوێژی ( الامام و الخطیب ) ئەمەیش لەدوای ( إمتحان ) تاقی کردنەوە دەبو بە مەلای ( ١٢ ) علم .

## (( زانیاریەکان ( ١٢ ) علم کامەیە ؟؟ ))

١-علم الإنشقاق , ئەو زانیاریانەی لە قورئانی پیرۆز دەردەکران أ-تفسیر ب-تجوید ج- شێوەکانی خوێندنی قورئان ( قرائە سبعە ) ه ناسینی ئەو ئایەتانە نەسخ بونە و ئەو ئەو ئایەتانەی هەڵی وەشاندوەتەوە , ئەمە و بەدەیان و سەدان زانیاری دیکە کە بە ( علم القرأن دەناسرێت ) و- بەراورد کردنیان لەتەك فەرمودەکاندا , بێگومان زانیاری قورئانی پیرۆز دەریایەکی زۆر گەورەیە بەم چەند ووشەیەی من پێناسە ناکرێت , هەروەك خوای گەورە لە سورەتی الإسراء ئایەت ( ٨٨ ) دەفەرموێت (قُلْ

لَئِنِ اجْتَمَعَتِ الْإِنْسُ وَالْجِنُّ عَلَى أَنْ يَأْتُوا بِمِثْلِ هَذَا الْقُرْآنِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا ) إسراء ﴿٨٨﴾.

٢-علم الصرف - جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕێزمانی عەرەبی ٣- علم النحو ئەو شێوەیە کە قورئانی پێ نوسراوەتەوە ٤-علم المعانی ٥-علم البیان ٦-علم البدیع ٧- علم العروض ٨-علم القافیە ٩-علم إنشأ الخطة ١٠- علم المناظرة ١١- علم الرسالە ١٢-علم اللغە .

لەدوای خوێندنی ئەم (١٢) زانیاریانە لەلایەن ( مستعد ) ە خوێندکارەکانەوە مامۆستاکانیان ( إمتحان ) تاقیان دەکەنەوە , ئەگەر سەرکەوتوبون ئەوە ڕۆژی ئاهەنگ دەرچونیان دیاری دەکرێت , ئەو خوێندکارەیسەرکەوتو نەبوایە ماوەی دوبارە خوێندنی بۆ درێژدەکرایەوە , تاقی کردنەوە ( إمتحان ) لەلایەن ئەم سێ بەرێزەوە دەکرا ١-ملا أحمد ملا حکیم ٢-ملا عبدالمجید قطب ٣-ملاعلی لیلان ,بڕوانامەی دەرچونیشی هەر ئەم مامۆستایانە ئامادەیان دەکرد و هەرسێکیان مۆریان دەکرد , لەلایەن بەڕێوەبەری ئەوقاف کرکوکەوە پشتگیری لە بڕوانامەکە دەکرا , لەو کات و سەردەمانەدا زۆربەی ئاهەنگی دەرچوان لە حەوشەی مزگەوتی ( إمام قاسم ) دەکرا , وتاری یەکەم لەلایەن بەڕێز مامۆستا مەلا أحمد ملا حکیم دەخوێندرایەوە و پیرۆزبای لە دەرچوان و دەس خۆشی لە مامۆستاکانیان دەکرد و بەخێرهاتن میوانەکانیان دەکرد , هەردوو یاریدەدەرەکەی ( جبە و عمامە ) دەکردە بەر دەرچوان و بڕوانامەی دەرچونیان پێدەدان , لەلایەن بەرێوەبەری ئەوقافەوە مزگەوتیان بۆ دیاری دەکرا پێش نوێژی وتاری تیا بخوێننەوە .

## (( ژیانی سەختی ئەو سەردەمەی خوێندکارە ئاینیەکان ))

ئەم خوێندکارانە ژیانیان لە حوجرەی مزگەوتەکان و خوێندنگەکانیاندا دەبردە سەر , سوختە و فەقیەکان تەنیا بە دەروەزە و ڕاتبەی فەقیە ژیانیان دەبردە سەر لەلایەن ماڵی باوکان و خزمانیشەوە ئەگەر یارمەتیەکیان بۆ بهاتایە تەنیا بەش جل و بەرگیانی نەدەکرد , میری بەهیچ جۆرێك یارمەتیشیانی نەدەکرد .

## (( جوڵانەوەی هەستی کوردایەتی لەنێو خوێندکارە ئاینیەکاندا ))

هەر لە ساڵەکانی پەنجاکاندا و دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی بەدەستی عبدالکریم قاسم جوڵانەوەیەکی هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتی لەنێو خوێندکارە ئاینیەکاندا هەستی پێدەکرا , هەر لە دوای کودەتاکەی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ یەکێتی لاوان و قوتابیان و ئافرەتانیش بەئاشکرا دامەزرا

و میری مۆڵەتی کارکردنیان پێدان , یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لەگەڕەکی شۆرجەی کەرکوك دامەزرا بارەگایان لە مەیدانی گەنمەکە لە چاپخانەکەدا کۆدەبونەوە , دەستەی دامەزرێنەر ئەمانە بون ١-سید علی جباری ٢-جلال محمد سعید ٣- فیض الله محمد سعید ٤-عومەر علی رەزا ٥-أحمد حاجی رەزا ٦-جوهر عودل ٧- عومەر شریف , هەروەها یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی ئافرەتانیش دامەزران و مۆڵەتی کارکردنیان لەلایەن میریەوە پێدراو سەرجەم بارەگاکانیان کردەوە و زۆریش بە چالاکی کاریان دەکرد , ئەم ڕێکخراوانە هەمویان پارتی دیموکراتی کوردستان لە پشتیان بو , هەروەها یەکێتی قوتابیانی ئاینیش دامەزرا لە شەوی ٢٢/٢٣/ ١٢ / ١٩٥٨ کۆنگرەی یەکەمی لەو شەوەدا لەگەڕەکی بەرتەکیە لەماڵی خوالێخۆشبو ( علی عسکری ) بەسترا . ئەندامانی دامەزرێنەری ئەمانە بون کە لە ٢٠-٢٥ ئەندام بون , ئەوەی لەبیرم مابێ , ١-علی عبدلله ئەندامی م س پارتی ٢- عومەر دەبابە ئەندامی ل م پارتی ٣-مامۆستا نریمان ٤-ملا روف هەمەوەندی ٥-علی عسکری ٦-بەختیار شوانی ٧-ملا عومەر دیبەگەی ٨-ملا عومەر علی رەزا ٩-فیض الله محمد سعید ١٠- ملا عوسمان خاڵدانی ١١- ملا عومەر بنار گل , پارتی ئەم ڕێکخراوانەی دروست دەکرد بۆ کۆکردنەوەی خەڵك و ئامادەکردنیان بۆ نێو ریزەکانی خۆی ئامادەیانی دەکرد , لەمانگی ١١ لەساڵی ١٩٥٨- ١٩٥٩ ز مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرا بە پارتی دیموکراتی کوردستان درا و لەگەڕەکی ( الماس ) لە کەرکوك بارەگاکەی بۆ یەکەم جار کردەوە ,لەدوای ئەوەی پارتی روخسەتی کارکردنی ئاشکرای پێدرا زۆربەی ئەندامانی ڕێکخراوەکان چونە نێو ریزەکانی پارتیەوە و لەکاری ڕێکخراوەکەی خۆیانیش هەر چالاك بون بەگوێرەی ووتەی مامۆستا عومەر دەبابە لەسەردەمی رژیمی پاشایەتیدا لەشاری کەرکوك تەنیا ( ١٢ ) ئەندامی پارتی هەبون لەدوای وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردن لەساڵی ١٩٦٠ ئەندامانی پارتی لەکەرکوك ( ١٠٠٠ ) ئەندامی بەسەرەوەی هەبو .

## (( تێکچونی باری سیاسی لە عیراق ))

لەساڵی ١٩٥٩ز بەدواوە ژمارەیەك پارتی لە عێراقدا ئاشکرا بون و زۆربەیان مۆڵەتی کارکردنیان پێدرا بەئاشکرا کاربکەن , بیرۆکەی ڕێکخستنی ( بەرەی نیشتمانی ) هاتە کایەوە کە هەمو پارتەکان بۆ سودی گەلی عێراق یەك بەرە دروست بکەن , عبدالکریم تەنیا خاوەنی ڕێکخراوەی ( حرکة ضباطة الاحرار ) بو ئەوەیش لە چەند ئەفسەرێکی پلە بەرز پێکهاتبون , عبدالکریم ترسا لەوەی ئەم پارتانە یەك بگرن و لەدوایدا رژیمەکە لەسەر کار لابدەن , بۆیە کەوتە سیاسەتی ( فرق

تسد ) كارى تێكدان بكە تا خۆت سودمەندبيت , بەم سياسەتە توانى دووبەرەكى بخاتە نێو پارتەكانەوە پارتيش لەو كارە بیٚ بەش نەبو , نەيتوانی بەگوێرەی ويستی خۆی لەتەك پارتيدا ئەو كارە ئەنجامبدات , بۆيە كەوتە گيانی بەرپرسانی پارتی بەبەندكردنو داختستنی رۆژنامە و بارەگاكانيان , وەزعەكە گۆڕا و ڕاونان و بەندكردن لەنێو كورداندا زۆر بوو , خەڵكی زۆر بەناچاری لەدەستی ميری هەڵهاتن بۆ دەرەوەی شارەكان , سەرۆك بەرزانی بەهۆی مانگی رەمەزانەوە داوای لە عبدالكريم قاسم كرد بچێتەوە بۆ بەرزان , ئاسايشی عێراق و بەتايبەتی كوردستان شڵەژا منيش يەكێك بوم لەو كوردانەی كەركوك فەرمانی گرتنم دەرچوبو لەلايەن بەڕێوەبەرايەتی ئەمن و مخابەراتی عسكری كەركوكەوە , لەدوای ماوەيەك خۆشاردنەوەم لقی ٣ پارتی كردمی بە ئەندامی لێژنەی ناوچەی ( شوان و شيخ بزينی ) لەتەك خواليێخوشبو شەهيد ملا عبدالله جوتيار دا كارم دەكرد , لەم بارەيەوە لە پەرتوكی ( لەبيرم دیٚ ژانەكانی كورد و شۆرشی ئەيلول ) دا بە درێژی باس ئەو كات و سەردەمەم كردوە .

## (( جێگيربونی بنەماڵەكەمان لە گوندی تاوێر بەرز ))

هەرچەندە كۆچكردنمان لەسەرەتاوە لە ( ساڵەی ) وە بۆ گوندی ( تاوێر بەرز ) زۆر بەقورسی بەسەر سەرجەم ئەندامانی خێزانەكەماندا تێپەڕی و زۆريش دڵشكاو بوين لەو كێشە كە ئەنجام دەرەكەی لەخۆمان بو ناچار بە كوچكردنی بە كۆمەڵمانی كرد




وێنەی گوندی ( تاوێر بەرز ) و گۆڕی پيرۆزی بابام رەزا فتاح أحمد زەنگەنە

لەدوايدا بو بەخێر و فەرِ بۆمان , نايشارمەوە لە گوندی ( ساڵەی ) بەهۆی ئەو دو كارەساتە سروشتيەوە كە لە ناوچەكەمان رويانداا , لەسەرەوەوە نوسيومە هەمومان هەژار و دەس كورت بوين , كە جيگير بوين لە ( تاوێر بەرز ) بۆ ماوەی ( ٨ ) ساڵ سەرجەم ژيانمان گۆڕا بەهۆی بەزەی و سۆزی خوای گەورەوە خێر

و فەڕی زۆر رژان بەسەرماندا بوین بە خاوەنی ئاژەڵ و زەوی کشتوکاڵی نایاب وا دەژمیردراین ئیمە خاوەنی ئەو گوندەین بۆنمونە ئەو جوتیارانەی گوندەکانی دەوروپشتمان هەندیکیان ویستیان لەتەك ئیمەدا بژین بەرەزابونی ئیمە دانیشتن و زەویمان بۆیان دیاری کرد بۆ خۆیان بەکاری بهێنن , لەدوای کودەتاکەی عبدالکريم قاسم لەلایەن میریەوە پڕوپاگەندەی دابەش کردنی زەوی بەزۆری دەکرا , پارتی کۆمەنیست عێراق بەشی کوردستان بۆ ئەم هەنگاوە ( ریکلامی ) زۆریان دەکرد  سەرەنجام چەپلە و گۆرانی دژی ئاغا و خاوەن ملکەکان لە گوندەکاندا دەستی پێکرد, دوژمنایەتی نێوان جوتیار و خاوەن زەوی کرا و ئاشکرا بو , ئەم کارە نالەبارە وای کرد خۆشی و ئاشتی لەناوچەکاندا کزبێت , گوندەکەی ئێمە خاوەن دارین هی وەزارەتی ( ئەوقاف ) بو کوڕانی

( سید محمد جباری ) هەموو ساڵێك گوندەکەیان لە ( ئەوقاف ) إیجار دەکرد و خۆیان مافی میریان کۆدەکردەوە مافی میریان دەدا و ئەوەی ئەمایەوە بۆ خۆیان بو , بەم شێوە شێوەی ئاغایەتی پێوە دیار بو , ( سابیر کوڕی سید محمد ) بەرپرسیاری ئاواییەکە بو . هەڵسوکەوتی ئاغایەتی ئەنجام دەدا , کوڕانی مامەم محمد لەتەك سابیردا بو بە ناخۆشیان و دوو جار خانوەکەی ( سابیر ) یان بەر دەسرێژی گولە دا و ویستیان بیکوژن , یان گوندەکە بەجێبهێڵێت , کەسانی ( سابیر ) بەچەکەوە کۆبونەوە بانگی مامەم محمدیان کرد , پێیان ڕاگەیان پێویستە هەر چوار ماڵەکەتان کۆچ بکەن لە ( تاوێر بەرز ) .

## (( کۆچی دوەممان لە گوندی ( تاوێر بەرز ) ەوە بۆ کەرکوك ))

هەر وەك لە گوندی ( ساڵەی ) بەزۆر و بەناچاری کۆچمان کرد بۆ ( تاوێر بەرز ) هەر بەو شیوەیەش نەزانی و کەم ژیری کەسی خۆمان وای لێمان کرد بەزۆر کۆچمان پێ بکەن بۆکەرکوك , لەو خێر و فەرەی خوای گەورە پێمانی بەخشیبو بێ بەشمانیان کرد لەبەر ئەوەی لەخۆبای بون و لوتبەرزی هەنێك لەکەسەکانی خۆمان وای کرد ئەو نانە ببرێت لە گوندی ( تاوێر بەرز ) هەمان بو .



## وێنەی منالْەكانمان لە كركوك سالّی ١٩٥٩ سەركارێز

لە شاری كەركوك گەرەكی شۆرجە سەركارێز , ئەرزمان كڕی و بە قوڕ و خشت كردمان بە خانو دانشتین , ژیانی كەركوك بە پێچەوانەی ژیانی ( تاوێر بەرز ) بو لەوێ خوای گەورە خێر و فەڕ و خۆشی زۆری پێمان بەخشی بو قەدرمان نەزانی , ژیانی كەركوك ئەوكاتە كورد گوتەنی ( ژیانی كولە مەرگی بو ) یەكێك لە ئێمە موچەخۆر نەبو هیچ جۆرە دەسكەوتێكی دیكەمان نەبو جگە لە كاری جۆلّای كە مامەم محمد ئەیكرد , تەنیا كرێكاری قور و گەچكاری هەبو ئەویش بەكەمی دەس ئەكەوت , ئەم ژیانە سەختەی كركوك تا سالّی ١٩٦٣ ز بەعسیەكان دەستیان دا بە گرتن وكوشتنی كورد هەربەوەیشەوە نەوەستان بە شۆفەلْ بەربونە رماندنی خانوەكانمان , خانوەكانمانیان هەموی روخان و دەربەدەركراین دیسانەوە روومان كردەوە لە نێو گوندەكانی كوردستان كۆچمان كرد بۆ گوندی ( ئۆمەرە گەدە ) ناوچە قرە حسن مالْ مامەم بۆ گوندی

( تالْەبان ) ناوچەی زەنگەنە مامەم أمین گەڕایەوە بۆ گوندی ( سالْەی ) حسن پورزام بۆ چەمچەمالْ , كورد گوتەنی ( بوین بە ئاردی نێو درك ) كە بەهیچ كەسێك كۆناكرێتەوە ئا ئەمە بو ژیانی پڕ لە نەهامەتی جوتیاری كوردی هەژار هەمیشە دەمان گوت ( كۆچ دەكەین ئەمشار بۆ ئەوە شار * دوای دەمانگوت خۆزگەمان بە پار ) بەكوردی و بە كورتی زۆربەی گەلی كورد و بەتاییەتی بنەمالەی ئێمە هەمیشە وەك كورد ئەلێت لە ژیانماندا هەر ( كە پڕ سەوز ) بوینە ووشەی كە پڕ سەوز بەو مرۆڤە دەگوترێت ئەمرۆ كە پریێك بۆ خۆی و خێزانی لە جێگەیەك دروست ئەكات بە دار و قامیش و ژاژی سەوز و نوێ , هێشتا هەر دار و پەردوەكەی سەوزە و بەجێی ئەهێلێت و لەجێگەیەكی دیكە كە پریێكی نوێ دروست دەكات , بۆیە گوتویانە ( كورد كە پڕ سەوزە ) هەركاتێ لە شوێنێك جێگەیەكی كاتی بۆ خۆی دروست دەكات , بەگشتی ئەمە ئەوە دەگەیەنێت نەیارانی كورد نایەلن لەجێگەیەكی هەتاهەتایدا بژێت .

## (( پەیوەندی كردنم بە شۆرشی ئەیلولەوە ))



**وێنەی پەیوەندی کردنم بە شۆرشی ئەیلولەوە**

**لە ١٩٦٢/٢/١ عومەر حاجی علی زەنگەنە**

**لە پێشدا ئاماژەم کرد بەوەی منیش وەك کوردێکی دڵسۆزی گەلەکەم وەك ژمارەیەك لە خوێندکاران و مامۆستایانی خۆم کە لەلایانی دار و دەستەی عبدالکریم قاسم ەوە فەرمانی گرتنم بۆ دەرچوبو لە رۆژی ١٩٦٢/٢/١ ز لەتەك ( عبدللە جوتیار ) دا پەیوەندیم کرد بە شۆرشی ئەیلولەوە لە ناوچەی شوان و شێخ بزێنی , لێپرساوی سیاسی و کۆمەلایەتی ژمارەی ( ٢٥ ) گوندم پێ سپێردرا , لەو ناوچەیە , ١- رێکخستنی شانەکانی پارتی لەنێو گوندەکان ٢-چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکی زەوی و زاری جوتیاران ٣-چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکی کۆمەلایەتی لەنێو گوندەکان ٤- کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ بنکەکانی پێشمەرگە لەچەم رێزان و کارێزە و گەڵتاغاج , ئەو هەڤالانەی لەتەکمدا کاریان دەکرد ١-عبداللە جوتیار ٢-میرزا شوان ٣- سێ کادری دیکەیش لەتەکماندا بون ئێستا ناوەکانیان لەیادم نەماوە , لێژنەیەك بوین هەمو کێشەیەکی کۆمەلایەتیمان چارەسەر دەکرد بۆ کۆمەلانی جوتیارانی ناوچەکە , لەبارەی دڵسۆزی و پیاوەتی جوتیارانی ناوچەی شوان و شێخ بزێنی یەوە لە پەرتوکی ( لەبیرم دی ژانی کورد و شۆرشی ئەیلول ) نوسیومە .**

## (( گواستنەوەم بۆ ناوچەی چەمچەماڵ ))

**لەساڵی ١٩٦٥-١٩٦٦ ز بەرپرسیاریەتی ئەو کاتەم لەناوچەی ( شوان و شێخ بزێنی ) گواستەوە بۆ ناوچەی ( چەمچەماڵ ) سنورەکەی ئەو کاتە ئەم ناوچانەی دەگردەوە , ١-قرەحسن ٢-جەباری ٣- زەنگەنە ٤-هەمەوەند ٥-سەنگاو , بەرپرسیاریەتی ( زەنگەنە و سەنگاو ) بەمن سپێردرا , ساڵی ١٩٦٦-١٩٦٧ ز بارەگەی ناوچەمان لەگوندی ( مۆردانە ) ناوچەی جەباری بو , ئەو کاتە کارگێری ناوچەی چەمچەماڵ بوم ، لەو کاتانەدا و بە تایبەتی لەکاتەکانی وتوو وێژی سەرکردایەتی شۆرشی کوردستان و رژێمدا برێك ئارامیو هێمنی دە کەوتە نێو ناوچەکانی کوردستانەوە و کۆمەلانی گەلەکەمان دەیانتوانی هاتوچۆی شارەکان بکەن و دانیشتوانی شارەکانیش سەردانی لادێ و شارەکانیان بەئاسانی دەکرد و دەگەرانەوە ،لەم کاتە نیمچە ئارامی و هێمنیدا لقی ٣ پارتی دیموکراتی کوردستان بریاری داکۆنفراسیکی فراوان بۆ لێژنەی ناوچەی چەمچەماڵ ببەستێت ، بریاردرا ئەو کۆنفرانسە لە گـوندی**

( تە پەکورە ) ی نزیك ( تەکیەی ) جەباری ئە نجام بدرێت کات و رۆژی بۆ دیاری کراو دانیشتوانی سنوری لیژنەی ناوچەی چەمچەماڵ ئەو کاتە ئاگادارکرانەوە ، لەو ئامادەبونەدا زیات لە ( ١٠٠٠ ) هەزار کەسی ئامادەبوون لە کۆنفرانسەکەدا جگە لە ژمارەی ئامادەبوانی هێزەکانی پێشمەرگە ، ئەم کارە بۆ هەڵبژاردنی کۆمەلانی خەڵکی ناوچەکە بوو بە شێوەیەکی ئاشکرا دەنگك بدەن بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ناوچەی چەمچەماڵ بە مانای ئەو ئەندامانە لەلایەن کۆمەلانی خەڵکەوە هەڵبژێردرین ، کۆنفرانسی دروست بوو سێ وتار ئامادە کران هەڵبژاردن ، ١- وتاری لقی ٣ پ ، د ، ك - ٢- وتاری لیژنەی ناوچەی چەمچماڵ - ٣- وتاری هێزەکانی پێشمەرگە وتاری لقی ٣ پ □ د □ ك لەلایەن ئەندامێکی لقەوە خوێندرایەوە وتاری سێیەم لەلایەن ئوێنەری بە تالیونی ( ٥ ) پێنجەوە خوێندرایەوە وتاری دووەم بە ناوی لیژنەی ناوچەوە من خوێندمەوە ناونیشانی وتـــارەکەم ئەمە بوو ( بۆچی شۆرشی ئەیلول دروست بوو ) وتارەکە کەمێك درێژبوو نیو کات ژمێری خایاند □ هەڵبژاردنی ئاشکرا لەسەر تەختە رەش ناوی هەڵبژێردراوان نوسرا هەر ئامادەبویەك ناوی خۆی لەخوار ناوی هەڵبژێردراووەوە دەنوسی □ ناوەکانی من گەیشت بە ( ٥٠٠ ) ناو لیژنەی سەرپەشتیاری کۆنفرانسی دەنگك دانی بۆ من راگرت و بەیەکەم لە پێنوس درام ، سوپاس بۆ خوای گەورە و بە توانا سوجدەم بۆ خودا برد و سوپاس گوزرانیم کرد هەر لەو جێگەی یەدا . لە هەڵبژاردنێکی فراواندا بوم بە ئەندامی لقی ٣ پارتی و بەرپرسی ناوچەی چەمچەماڵ . لەدوای نەمانی چەکدارانی رژێم لە چەمچەماڵ و دەوروبەری لەنێوان جوتیاران و خاوەن زەویەکاندا کێشە و زۆرداری زۆر بەجێ مابو , لەدوای وەرگرتنی فەرمانی سەرەوەمان توانیم ( یەکێتی جوتیارانی کوردستان ) لە چەمچەماڵ دروست بکەم بەشێوەیەکی یاسایی بەبەشداری و هەماهەنگی یەکێتی گشتی جوتیارانی عێراق توانیم لەو ناوچانەیشدا لقەکانیان بکەمەوە بە هەڵبژاردن و بە ئامادەبونی ( ٢ ) دادوەر کە لە بەغداوە نێردرابون ,

١- چەمچەماڵ یەکێتی سەرەکی گشتی من هەڵبژێردرام بە سەرۆکی یەکێتی گشتی .

٢-ناوچەی قەرە حسن شارە دێ ( لیلان ) کاك أحمد کرداری تەرجل سەرۆکی یەکێتی .

٣-ناوچەی جەباری / عبدللە تە پە کورەی ٤-قەلاسیوکە ٥-سەنگاو ٦-قادرکرەم .

بۆ سەرجەمیان لێپرساو سەرۆکی یەکێتی بەهەڵبژاردن کرا , لێژنەیەکم هەڵبژارد لەسەرجەم یەکیەتیەکانی جوتیاران و شارەزایان و پسپورانی ناوچەکە بۆ کێشەی زەوی و زاری ناوچەکان ( ٧ ) جوتیار و ( ٤ ) پسپۆر و شارەزا لەم بوارەدا بۆ ئەو مەبەستە , هەربەم هەنگاوە و بەیارمەتی هەڤالانم توانیمان گەلێك کێشەی جوتیاران و خاوەن زەوی کۆتای پێ بهێنین , هەرکێشەیەك دژوار و پێویستی

بە یاسا بوایە پێشکەش بە دادگەی چەمچەماڵ دەکرا , دادوەر رۆستەم جاف لەم بارەیەوە زۆر یارمەتیدەرمان بو , هەر بەم شێوەیە توانیمان ژمارەیەکی زۆر کێشەی گەورە و بچوك چارەسەربکەین بەبێ جیاوازی کردن نێوان خاوەن زەوی و جوتیارەکان بۆ نمونە رۆژێك ( کریم ئاغای هەمەوەند ) هات بۆ بارەگەی یەکێتی سکالای لەسەر جوتیارێکی خزمی خۆی تۆمارکرد کە لەگوندی تەکیەی کاکەمەند دادەنیشت , گوایە ماوەی ( ٢ ) ساڵە جێگەی (٢) تەغار زەوی لێ زەوت کردە نە دەیگەرێنێتەوە نە هەقی زەویەکەی دەداتێ , لەدوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بۆمان دەرکەوت کەریم ئاغا هەموو بەڵگەیەکی یاسایی بەدەستەوەیە توانی دابینی بکات کە تا پۆی خۆیەتی بڕیارماندا زەویەکە بگەڕێتەوە بۆ خاوەن زەوی کە کریم ئاغایە , کریم ئاغایش لەهەقی ئەو دوو ساڵەی خۆی خۆشبو لە جوتیارەکە , بەم شێوەیە سەرجەم کێشەکانمان کۆتای پێدەهێنا .

## (( دامەزراندنم بە سەرۆکی شارەوانی چەمچەماڵ ))



وێنەی عومەر حاجی علی زەنگەنە

سەرۆکی شارەوانی چەمچەماڵ ساڵی ١٩٧١ ز

لەساڵی ١٩٧١ بەگوێرەی داوای مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لەتەك چوار هەڤاڵی دیکەدا فەرمانی دامەزراندنم لەلایەن وەزارەتی شارەوانیەوە لەبەغدا دەرچو بەگوێرەی نوسراوی ژمارە ١١١١ لە ١٩٧١/٩/١٨ ز دەس بەکار بوم وەك سەرۆکی شارەوانی چەمچەماڵ , بەرپرسیاریەتی لیژنەی ناوچە و یەکێتی جوتیارانم دا بە هەڤاڵانم لەرۆژی دامەزراندنم بۆ ئەم پۆستە چەمچەماڵ هەر لە شێوەی گوندێکی دورە شاری دەبینرا , بە ماندوبونێکی زۆر و ماوەیەکی کەم بەیارمەتی ژمارەیەك لە برایانی بەرپرسی سیاسی و کارگێری لە کوردستان و لە عێراق , توانیم گەلێك کاری گرنگ ئەنجام بدەم لەمێژووی دامەزراندنم تا مانگی نیسانی ساڵی ١٩٧٤ز , کە بەهۆی دوبارە بونەوەی شەڕ لەگەڵ

رژێمی عێراق چەمچەماڵمان بەجێ هێشت , ئەو کارانەی کە لەو ماوەی سەرەوەدا ئەنجامیانم داوە بەگوێرەی ئەو نوسراوەی ئاراستەی شارەوانی کەرکوکم کردوە پێش چەند مانگێك لە بەجێهێشتنی چەمچەماڵ نوسراوە , ئەمەی خوارەوە بەڵگەنامەکەیە دەیخەمە ڕو , خوای گەورە ئاگادارە ئەمەم بۆ مێژوو نوسیوە بۆ خۆهەڵکێشان نیە .




وێنەی قەڵای دێرینی چەمچەماڵ ( قەڵای سپی حەسار )

١-دارشتنی نەخشەی بنەرەتی شاری چەمچەماڵ ( التصميم الاساس مدينە چمچمال ) ئەو نەخشەیە لە ساڵی ١٩٧٢ز تەواو بو تائێستا لە ٥٠/١٠٠ تەواو نەکراوە .

٢-جێکردن و دامەزراندنی دوو تاقمی مۆلدەی نوێ کە لە ئەڵمانیاوە هێنامان بە تواناى ( ٤٥٠ ) کیلو واط , بەهێز کردنو زیادکردنی کارەبا لەرێگەی ( محولە ) وە بو ( الضخط العالي ) کارەبامانکرد بە ( ٢٤ ) کاژێر لە رۆژێکدا , گەورەکردنەوەی تەلاری پرۆژەکە بە ( ١٧٠٠٠ ) دینار .

٣-دروستکردنی بازارێکی سەردەم ( السوق العصری ) لەناو چەمچەماڵ بە ( ٣٠٠٠ ) دینار .

٤-قیرتاوکردنی شەقامی نیو چەمچەماڵ بە تێچوی ( ٤٠٠٠ ) هەزار دینار .

٥-دابەزاندنی نرخی کارەبا بۆ هاونیشتمانیان لە ( ٣٠ ) فلس بۆ ( ٢٠ ) فلس .

٦-دروستکردنی ئاوەڕۆی باران لەناو چەمچەماڵ بە تیچوی ( ١٥٠٠٠ ) هەزار دینار .

٧-دروستکردنی ئاوەڕۆی نێو کۆڵانەکانی شار بەتێچوی ( ١٥٠٠٠ ) هەزار دینار .

٨-دروستکردنی ئاوەڕۆی لافاوی مەقان بە تێچوی ( ١١٥٠٠ ) هەزار دینار .

٩-قیرتاوکردنی شەقامی ( بێکەس ) بەبڕی تێچوی ( ٥٠٠٠ ) هەزار دینار .

١٠-دروستکردنی خانوی پشودان ( دار إستراحە ) بە برِی تێچوی ( ١٠٥٠٠ ) هەزار دینار .

١١-دروستکردنی کۆکەرەوەی ئاو بە کۆنکرێت , بۆ گەیاندنی ئاو بۆ گەرەکەکانی چەمچەماڵ لەسەر بودجەی وەزارەتی کاروباری ژورو , بە بڕی ( ٤٠٠٠ ) هەزار دینار .

١٢ دروستکردنی بازاری سەردەم ( سوق العصری ) بەبڕی ( ٤٠٠٠ ) هەزار دینار .

١٣- پاك كردنەوە و نوێکردنەوەی کارێزە گەورەکە گەیاندنی بە لولەی ئاسن بۆ چەمچەماڵ بۆ نەهێشتنی کەم ئاوی شارەکە , لەسەر بودجەی شارەوانی چەمچەماڵ بەبڕی ( ٧٠٠٠ ) هەزار دینار .

١٤-گەیاندنی ئاو کارەبا بەگەڕەکی شەهیدان بە هەرەوەزی گشتی .

١٥-دروستکردنی سێ شەقام و چەورێژکردنی بە هەرەوەزی گشتی .

١٦-کرینی دوو ئۆتۆمبیل ١-صلاح الدین ٢-إیفا تەراك تۆرێك , بۆ خزمەتی ناو شار و فرێدانی زبڵ و خاشاك , پێشان زبڵ و خاشاك لەسەر پشتی گوێدرێژ فرێدەدرا .

١٧-بەهێزکردنی دەسگەی کارگێڕی و هونەری فەرمانبەران شارەوانی , ئەویش بە کردنەوەی پلەی فەرمانبەری نوێ وەك ١-أمین صندوق ٢-جابی ٣-مساح ٤-مصلح کردنەوەی بودجە بۆ دامەزراندنی کرێکاران لە شارەوانی .

١٨-گەورەکردنەوەی باخچەی گشتی و دروستکردنی دوو باخچەی نوێ .

١٩-ناولێنانی گەرەکو شەقام و باخچەکان , وەك گەرەکی بێکەس , شەقامی شهید سلیم , شەقامی ئاشتی شەقامی خەبات باخچەی ١١ ئازار و ١١ ئەیلول گەرەکی شێخ سعیدی پیران.

٢٠-بەستنی چەمچەماڵ بە کارەبای نیشتمانی گشتیەوە , بە دروستکردنی دەزگە پێگەی کارەبا .

٢١-هەڵکەندنی چاڵاوی ( إرتوازی ) بۆ زۆرکردنی ئاوی خواردنەوەی چەمچەماڵ .

٢٢-گۆڕینی تۆڕی ئاو و کارەبای چەمچەماڵ و نوێ کردنەوەی بەشێوەیەکی گشتی .

٢٣-بەدارستان کردنی قەڵای ( سپی حەسار ) قەڵای چەمچەماڵ .

٢٤-دروستکردنی سەیرانگەی ( المنتزه ) چەمچەماڵ .

٢٥-دروستکردنی گەرماوی سەردەم لەتەك ژمارەیەك دوکاندا .

٢٦-قیرتاوکردنی سەرجەم کۆڵانە گشتیەکان بەبڕی ( ٧٠٠٠٠ ) هەزار دینار .

٢٧-دروستکردنی ئاوەڕۆی باران بەبڕی ( ١٠٠٠٠ ) هەزار دینار .

٢٨-گۆڕینی شەقامی گشتی کرکوك سلیمانی بۆ ڕۆژهەڵاتی چەمچەماڵ ١٩٧٣-١٩٧٤.

٢٩-دروستکردنی سەربڕگە ( قصاب خانە ) و دانانی پزیشکی بەیتەری لەسەری .

٣٠-گەیاندنی کارەبا بەگوندەکانی دەوروبەری چەمچەماڵ ١-گورگەی ٢-بنە ٣-بن گرد ٤-پیریادی ٥-موەفەر .

## (( بە یاسا بونی بەیانی ١١ ئازاری ١٩٧٠ز ))

لەرۆژی ١١ ی ئازاری ١٩٧٤ ز گەورەترین دەسەڵاتی رژێمی عیراق ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ( مجلس قیادة الثورة ) بەیانامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ ی کرد بە یاسا , بەرزترین دەسەڵاتی بەعسیەکان بو لە مێژووی سەرەوەدا بریاری بەیاسابونی بەیانامەکەی لە ئیستگە و تەلە فزیونی بەغداوە بلاوکردەوە گوایە عێراق لەماوەی چوار ساڵدا هەڵساوە بە جێبەجێکردنی ئەو بەیانامەیە , لەراستیدا ئەمە خۆڵ بەچاوکردنی خەڵك بو , ئەو بەیانامەیە زۆربەی خاڵەکانی لەلایەن میریەوە جێ بەجێ نەکرا بو , دوا بەدوای ئەو بەیانەی رژێم سەرکردایەتی شۆرشی کوردستان بەیانامەیەکی بلاوکردەوە بەدەنگ و ناوی سەرۆك بەرزانیەوە , سەرجەم بەیانەکەی رژێمی بەشێوەیەکی بنەرەتی دایە دواوە , لە ئیستگەی دەنگی کوردستانەوە بلاوکرایەوە , ئەو ئیستگەیە بۆ ماوەی چوار ساڵ بو لە پەخش وەستابو , ئەمە خۆی لە خۆیدا راگەیاندنی دوبارە بونەوەی شەڕ بو , لەرۆژی ١٩٧٤/٤/٢٦ . رژێم لەهەمو قۆڵێکەوە هێرشی سەربازی دەس پێکرد بۆ سەر کوردستان هێزەکانی پێشمەرگەیش لەهەمو قۆڵێکەوە لە ئامادەباشیدا بون بۆ بەرگری , شەڕ دوبارە بو لە زۆربەی ناوچەکان , ئەم بابەتەم لە پەرتوکی ( لەبیرمدی ژانەکانی کورد و شۆرشی ئەیلول ) بلاوکردوەتەوە .

## (( چۆڵ بونی دەشتی گەرمیان و داگیرکردنی لەلایەن رژێمەوە ))

لە رۆژی ١٩٧٤/٤/٢٦ز شارۆچکەی چەمچەماڵ چۆڵ بو خەڵکەکەی رویان کردە گوندەکانی دەوروبەری شارەکە , سوپای میری بەبێ شەڕ گەیشتبوە شارەدێ ( قەرەهەنجیر ) مناڵەکانی خۆم و براکانم گەیاندە گوندی زەنان بۆ ماڵی حاجی شەریف , لەوێشەوە بۆ گوندی ( ژاڵە ) ی زەنگەنە لەرۆژی

١٩٧٤/٥/٢٠ ز گوندی ژاڵە فرۆکە بۆردومانی کرد ( ٦ ) کەسی سڤیل کوژران و برینداربون لە ئافرەت و زەلامی گوندەکە بەمەرجێك یەك پێشمەرگەی تێدا نەبو , لەرۆژی ١٩٧٤/٥/١ شارەدێ ( سەنگاو ) میری گرتی , بارەگەی لقی (٣) پ-د-ك گەیشتە قەراخ بارەگەی پێشمەرگەیش هەر بەهەمان شێوە . لەرۆژی ١٩٧٤/٥/٣٠ بارەگەکانی پێشمەرگەی گەرمیان و ناوچەکانی پارتی گەرمیانیان بەجێ هێشت و گەیشتنە( قۆپی قراخ ) لە پێش هەمویانەوە بارگەی لقی ٣ پ د ك , ئەم بارگەیانە بەدەیان کادر و پێشمەرگەیان لە ناوچەکە بەجێ هێشت و ئاگاداریانیان نەکردەوە لە کشانەوە هەر بەو هۆیەوە ژمارەیەك کادر و پێشمەرگە لە گەرمیان بەدەستی جاش و جێش شەهید و ئەسیر کران , ئەم ئۆباڵەش کەوتە سەر لێپرسراوانی پێشمەرگە و بەرپرسی لقی ٣ پ د ك ( قالە سور جەباری )

## ( پەرینەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە شەقامی سلیمانی دەربەندی خان )

لە شەوی ٨-٥/٩ / ١٩٧٥ ز سەرجەم هێزەکانی پێشمەرگە و لقی ٣ پ-د-ك لەسەر چیای نەوتی کۆبونەوە , بۆ ئەوەی لەنێوان دو سوپای میریەوە بپەڕنەوە بۆ پشت ئەزمڕ , داوای خۆبەخش کرا بۆتاقی کردنەوە شەقامە گشتیەکە لە کەمینی سوپای دوژمن و جاشەکانی , من لەتەك هاوەڵ و براکانم و مەفرەزەکەی ناوچە هێرشمان کرد بۆ پاك کردنەوەی شەقامەکە لە دوژمن , خۆشبەختانە کەسی لێ نەبو , هێزەکان بەسەلامەتی پەرینەوە بۆ پشتە چیای ئەزمەڕ , قەراخ بەتەواوی چۆڵ کرا و دوژمن دەستی بەسەرا گرت , بەسەدان سەندوقی فیشەك و خواردن بەجێ ماو دوژمن دەستی بەسەریاندا گرت , هێزەکان بەسەر شارەدێی ( بەرزنجە ) وە دەرۆیشتن بەرەو ناوچەی ( پێنجوێن ) بەنامەیەك لەلایەن لقی ٣ پ-د-ك ئاگادار کرام لە (بەرزنجە )بمێنمەوە لەتەك مەفرەزەکەمدا بۆ ناردنی ئەو خەڵکەی ئاوارە بونە بۆ ( پێنجوێن ) بۆ ماوەی (٣ ) رۆژ ئەوەیش تەواو بو رۆیشتین بۆ پێنجوێن , لەدوای یەك هەفتە پشودا نمان , مەفرەزەیەکی بچوکم لە خزمو براکانم رێکخست بە ئاگاداری لقی ٣ پ-د-ك ناردیا نمان بۆ ناوچەی گەرمیان و بەتایبەت بۆ ناوچەی زەنگەنە , بۆ زانینی هەواڵی ناوچەکە و منداڵ و خێزانەکانمان , لە گوندی ( ژاڵە ) مەفرەزەکە توانیان بەشێوەیەکی زۆر نهێنی و بەنێو سوپا و جاشی میریدا بگەنە گەرمیان بەتایبەتی بۆ ناوچەی زەنگەنە , توانیان پەیوەندی بەچەند دڵسۆزێکەوە بکەن و هەواڵی ناوچەکە بزانن , لەرێگەی گەڕانەوەیاندا لە نزیك گوندی ( قرخ ) جاشێکی کورد بە تفەنگێکی (برنەوە ) وە دەس بەسەر بکەن , بە دەس بەسەری گەیانیانە بارگەی لقی

٣ پ-د-ك لە ( پینجوین ) پاش پشودانی هەفتەیەك دوبارە مەفرەزەكە ڕۆیشتنەوە بۆ گەرمیان توانیان خێزان و منالەكانمان ڕزگار بكەن و بیان گەیەننە

( پێنجوێن ) ئەم دوو چالاكیە لەلایەن لقی ٣ كرا بە بروسكە بۆ سەركردایەتی , بەم بۆنەیەوە بەڕێز كاك ( مسعود بەرزانی ) بە بروسكەیەك داوامانی كرد , لەتەك مەفرەزەكەدا ڕۆیشتین بۆ چۆمان بۆ لای بەڕێزیان , ڕێزێكی زۆری لێمان گرت ماوەی ( ٣ ) ڕۆژ میوانی بوین بڕێ پارەی پێمان داو نوسراوێك بۆ بەرپرسی ( جەبە خانە ) ی گوندی قسروك ) خۆمانی بەرپرس كردبو هەریەكێك چەكێك بەگوێرەی ویستی خۆمان هەڵبژێرین لەتەك ( ١٥٠ ) فیشەك , وەرمان گرتو ماڵ ئاوا یمان لە بەڕێزیان كرد و گەڕاینەوە ( پێنجوێن ) .

## (( ناردنی خێزان و منالەكانمان بۆ ئۆردوگەی ( ئەنزل ) ))

قەڵەباڵغێكی هێجگار زۆر لە ( پێنجوێن ) دروست ببو ئاوارەی دەشتی گەرمیان شارەكەی پڕ كردبو , مەترسی هێرشو بۆردومانی فرۆكەیش لەئارادا بو , ڕۆژی یەك دوجار فڕۆكەكانی عێراق بەسەر شارەكەدا دەسوڕانەوە , خەڵكی مەترسی كەوتبوە دڵیانەوە زۆربەی دەچون بۆ ئۆردوگەكانی دیوی ئێران ئێمەیش گواستمانەوە بۆ ئۆردوگەی ( ئەنزل ) لە پێش چیای كەلی ( داود ) نزیك بە شاری كرماشان , ئۆردوگەكە زۆر زۆر قەڵەباڵغ ببو گەیشتبوە ( ٥٥ ) هەزار كەس , ئەو ناوچەیە بەرانبەر بە گەرمیانی خۆمانە زۆر گەرم بو خزمەت گوزاری هیچ نەبو ئاوی خواردنەوە زۆر پیس بو , نەخۆشی زگ چون زۆر بڵاو ببووەوە , لەماوەی ( ٣ ) مانگدا ( ٥٤٥ ) منال و بەساڵاچو مردن , ئێمەیش بێ بەش نەبوین لەو نەهامەتیە , دو منالمان مرد كوڕێك عبدللە ی برام و كچێك عوسمان برام , بەنێوی یوسف عبدللە و سویلە عوسمان .ئەم هەمو مردنە لەخێوەت گەكەدا رویان دا ڕۆژێك نەمبینی بەرپرسێك بێت و سەر خۆشی لە كەسوكاریان بكات یان چارەسەرێكیان بۆ ئەو هەمو مردنە بدۆزێتەوە , بەرپرسەكان بە خێزانەوە لەشارەكاندا دادەنیشتن هەمو خزمەت گوزاریەكیان بۆ دابین كرابو .

## (( كۆتا پێهاتنی شۆرشی كوردستان ))

زیانەكانی هێزەكانی دوژمن لە روبەروبونەوەی پێشمەرگەدا زۆر بەرز بووەو جەنگ بەشێوەی جەبهەی و پارتی زانیش لەلایەن پێشمەرگەوە ئەكرا , لەچەند هێرشێكی پێشمەرگەدا بۆ سەر دوژمن ,

ژمارەیەك فەوج و لیوا بەتەواوی كوژران و بەدیل گیران , گواهی ئەم ڕاستیە لە جەنگی چیای ( خوا كورك ) بینرا , ڕژیمە خوێن ڕێژەكەی ( سەدام حوسین ) بەتەواوی بێهیوا بو لەوەی جارێكی دی لەگەڵ سەركردایەتی كوردا بەئاشتیانە ئەو كێشەیە چارەسەر بكات لەڕۆژی ١٩٧٥/٦/٣ كۆنگرەی دەوڵەتە بێلایەنەكان لە ( الجزائر ) دەبەسترا , سەدام ئەم هەلەی قۆستەوە تا بتوانی لەتەك ( محمد رەزا شا ) ی ئێراندا ئاشت ببێتەوە تا بتوانیٚ شۆڕشی كورد بەكۆتابهێنێت , لەو مێژوەدا لەتەك وەفدێكا چو بۆ ( الجزائر ) و پەیوەندی خێرای لەتەك ( هواری بومیدیان ) سەرۆكی ( الجزائر ) دا كرد , ئەویش سەدام و محمد رەزا شای ئاشت كردەوە و كۆیانی كردەوە , پرۆتۆكۆلێكی دروست كرد بۆ ئەم مەبەستە سەدام تێدا سەدام واز لە ( شط العرب ) بهێنێت بۆ محمد رەزا شا و ئەویش كۆتای بە شورشی كوردستان بهێنێت , ئەمە كرا  محمد رەزا شا بانگی بەرزانی كرد بۆتاران و بروسكەیەكی پیٚ إمزا كرد پێشمەرگە چەكەكانیان دابنێن و شۆڕش بە كۆتا بهێنن , هەر بەم شێوەیە كۆتا بەچەند ساڵەی شۆڕشی كوردستانیان هێنا و كوردیش سەرگەردان و ماڵ وێران و دەربەدەربون .

## (( گەڕانەوە بۆ عێراق ))

لەدوای كۆتا هاتنی ماوەی بەیانی لێبوردنی یەكەمی ڕژێمی عێراق , لەدوای مانگێك دوبارە بەیانێكی دیكەی لێبوردنی گشتی دەركرد بۆ گەڕانەوەی ئەو خەڵكەی نێو شۆڕش بۆ عێراق  ئەمەیش لە گۆڤار و ڕۆژنامەكانی عێراق و ئێرانیشدا بلاوكرایەوە , بەڕاستی خەڵكیش لەو كاتە زۆر بێزار ببون نەی ئەزانی بۆ سبەی چی ئەبێت و چی ڕوەدات ڕژێمی ئێرانیش هەر ڕۆژێك بیانویەكیان پێمان دەگرد لەبەر ئەوەی ئێشیان پێمان نەمابو هەوڵیان دەدا چۆڵی بكەین بگەڕێنەوە بۆ عێراق , ئەو كاتە لە ئۆردوگای ( ڕەوانسەر ) بوین , بەرپرسی ئۆردوگەكە كوردێكی ئێرانی و پیاوێكی میری بو , لەو كاتە بانگی سەرجەم دانیشتوانی ئۆردوگەكەی كرد , ئاگاداری ئەو خەڵكەی كردەوە , گوتی لەسەر بڕیاری سەروی خۆم ئاگەداریان كردمەوە بۆ ماوەی یەك هەفتە دەبێت ئەم ئۆردوگەیە چۆڵ بكرێت , ئەوەی ئەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ عێراق بابێت ناوی ئەنوسم سەیارە ئەتانبات لە عێراق داتان ئەگرێت , ئەوەی نایەوێت بگەڕێتەوە ئێمە دەیگوێزینەوە بۆ سەرمەرزی ئێران و ( ڕوسیا ) , داواتان لێدەكەم بە زوترین كات خۆتان ناونوس بكەن , ئەم بڕیارە یەك لاكەرەوەیە دوای هەفتەیەك هیچ كەسیٚ لێرە نامێنێت , بۆ سبەی لەتەك چەند هەڤاڵێكدا چوین بۆ لای بەرزانی لەشاری ( نەغدە ) وەزعەكەمان گێڕایەوە بۆی , گوتی بەڕای من ئەوەی خێزان و منالی لەتەكدایە وا بەچاك ئەزانم بگەڕێنەوە چاكترە ئەوەیش سەڵتە با بەكەیفی خۆی بكات , گەڕاینەوە بۆ ئۆردوگەكە و ناومان بۆ گەڕانەوە تۆمار كرد , لەدوای ( ٣ ) ڕۆژ سەیارەمان بۆ هات لە ڕۆژی ١٩٥٧/١٠/١٧ لە سنوری عێراق و ئێران لە شارەدێی ( المنذرية ) دراینە دەسی

سوپای عێراقەوە ، مامەڵەیان لەتەکماندا لە شێوەی کەسێك بوین لەکاتی جەنگدا گیرابێت , هەر ئەو رۆژە لەدوای کات ژێری ( ٥ ) ی ئێوارە , لۆری

( نقل بری ) یان هێنا و لەشێوەی ئاژەڵ پەستامانیانە نێو لۆریەکەوە هەر لۆریەك لە ( ١٠٠ ) نەفەری زیاتر تێدابو بە پێوەو بە پاڵە پەستۆ ڕێگەی دانیشتن هەر نەبوو ئەوەیش بە تێکەڵاوی ژن و پیاو منداڵ بەرەو ( خانقین ) بەڕێ کەوتین هەر لۆریەك دو سەربازی تێدابو بۆ چاودێری کردنمان لەتەنیشت شۆفێرەکە لە پێشەوە دانیشتبون لەڕێگەی ( خانەقین ) عەرەبی هاوردە سێ جار ڕێگەیان لە لۆریەکان گرت جادەکانیان داخست بەربونە گیانمان بەرد بارانمانیان دەکرد و ئاگر و پیسایان دەکردە سەرماندا و بەهەزاران جوێن و وشەی ناشرینیان بەخۆمان و خێزانەکەمانیان دەگوت , لەدوروەوە ئەو خەڵکانەمان بینی وامان زانی بۆ پێشوازی ئێمە وەستاون , پێشوازیان بە ئاگر و بەرد و دار کرد لێمان , لەرۆژی ١٨/١٠/١٩٧٥ز سەر لە بەیانی گەیشتینە شارۆچکەی ( الرمیثة ) کەسەر بە پارێزگەی ( السماوە ) یە , ماوەی ( ١٧ ) کاتژێر ئەو خەڵکە لەنێو لۆری دانەبەزی بەهیچ جۆرێك نەوەستان , ئەو خەڵکە گەڕانەوە بۆ عێراق ژمارەیان( ٢٥٠٠٠٠ ) هەزار کەس بون بەسەر هەمو پارێزگەکانی خواروی عێراقدا دابەشکران و دوبارەی بەسەرگوندەکانیشدا دابەش بون . لەدوای گەڕانەوەمان پاش ( ٣ ) مانگ ئەوەی فەرمانبەر بو گەڕانیانەوە بۆ فەرمانبەری لەفەرمانگەکانی خواروی عێراق , ئەوەی بەڵگەنامەی دەرچونی خوێندنگەکانی هەبو بەگوێرەی بەڵگەنامەکەی دامەزرێنرا و ئەوەی بەڵگەنامەی دەرچونی نەبو بە کرێکار دامەزرێنران , تەنیا لەکارگەی چیمەنتۆی ( السماوە ) ژمارەی ( ٢٠٠ ) کەسیان بە کرێکار دامەزران و جێگەی ژیانی خێزانیان بۆیان دابین کرد , بەم کارەیان کەمێك تەمو خەمی گەراوەکانیان ڕەواندەوە .

## (( گەڕانەوەم بۆ فەرمانبەری وەزارەتی دارای ))

منیش هەروەك فەرمانبەرێکی میری گەڕامەوە بۆ فەرمانبەری نەك بە پلەی پێشوم کە سەرۆك شارەوانی , بە پلەی ( مأمورال ) لە شارەدێ الورکاء  دواتریش النجمی سەر بە پارێزگەی ( السماوە ) لە رۆژی ٢٣/ ١٢ / ١٩٧٥ بە نوسراوی ژمارە ٣٤١٥ پارێزگەی ( المثني ) دەس بەکاربوم , لەدوای تێپەڕکردنی ساڵێك بەسەر گەڕانەوەمان بۆ عێراق کات و سەردەمەکە هەندێك گۆڕانکاری بەسەردا هات , داوا کرا لەو کوردانەی لە ئێرانەوە گەڕانەوە بۆ عێراق , هەریەك لەوانە ئەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ کوردستان ماوە پێدراوە جگە لە ( ٥ ) کەس لەو ( ٢٥٠ ) هەزارکەسەکە لە ئێران گەڕانەوە

پێیان دەگوت ( العائدون ) یەکێك لەو ( ٥ ) کەسە من بوم دووەم عریف احمد زەنگەنە آمر بتالوێن بو سێ کەسی دیکە ئێستا ناوەکانیانم لەیاد نەماوە , قەدەغەکراین بگەرینەوە بۆ کوردستان , هەتا ئەوکاتەیش کە کورد لە( سەماوە ) مابو زۆر هەستم بە ناموێ نەدەکرد , لەدوای ئەوەی کورد لە تەکمانا نەما و ڕۆیشتن زۆر هەستم بە تەنیایی و بێکەسی خۆم دەکرد , ئەو کاتە بەڕاستی خۆم بە نامۆ زانی , هەر بۆیە ئەگەر نامەم بۆ کەسەکانم بناردایە ئەم نوسی ( عومەر بێکەس ) بە ناچاری بۆ ماوەی ( ٧ ) ساڵ بە شێوەی دەس بەسەری مامەوە لەتەك خێزانەکەم , ئەو جێگەیانەی بەهۆی فەرمانەکەمەوە تێدا مامەوە ئەمانە بو ١-شارۆچکەی ( الرمیثة) ٢-گوندی السحور ٣- شارەدێ

( الورکاء ) ٤-شارە دێی ( النجمی ) لەدوای گەڕانەوەم بۆ فەرمانبەری ئەم کارانەم پێسپێردرا ,

١- بە پێی فەرمانێکی کارگێڕی پارێزگاری ( مثنی ) کرام بە سەرپەرشتیاری ئەو کار و مەشروعانەی دەردەچو بۆ بوژانەوەی ناوچەکان و بەڵێندەرەکان نەیان دەگرد یان بەجێیان دەهێشت لەشێوەی دروستکردنی خانو و خوێندنگە و ڕێگەو بان لە شارۆچکەی ( النجمی ) .

ئەم کارانەم بە دروست کردنی لیژنەیەك ئە نجام دەدا ١- ئەندازیارێکی إدارە محلي ٢-ئەندامێکی کارگێڕی پارێزگە ٣-من سەرپەرشتیار بەرپرس لیژنەکە بوم , ئەو ئەندامانە هەر بەناوبون ئامادەیان لە شارەدێ ( النجمی ) نەبو تەنیا ئەندازیارەکە مانگی جارێك ئامادەی دەبو بۆ پێوانی کارەکانم سەرجەم کارەکان خۆم هەڵم دەسوڕان لەتەك بەڵێندەری دووەم کە دەمگرت بۆ ئە نجامدانی کارەکان .ئەو ماوەیە توانیم ئەم کارانە ئە نجام بدەم تا مێژوی گەڕانەوەم بۆ کوردستان

١- دروستکردنی ( ٢٥ ) خانوی فەرمانبەران لەنێو شارەدێکە ٢-دروستکردنی دو شەقام لەشارەدێکە بۆ گوندەکان و چەوریژکردنیان ٣-دروستکردنی ( ٦ ) قوتابخانە لەوانە ( ٣ ) دوانزە پۆلی ( ٣ ) شەش پۆلی لەگوندەکانی شارەدێکە , شارۆچکەی ( الرمیثة) سێ شارەدێ سەر بە ئەو بون

١-النجمی ٢-الورکاء ٣-الهلال , ئەو شارە دێیانەیش هەروەك ئێمە کاریان دەکرد , هەر مەشروعێك دەربچوایە و ئاشکرا بکریایە و بەڵێندەر نەی گرتایە دەدرا بە بەسەر إدارەی کارگێڕی ناوچەکەدا ئەمانیش بەبەڵێندەری دووەم کارەکەیان ئە نجام ئەدا بە پێکهێنانی لیژنەیەك , ئەمەیش تەنیا سەرپەرشتیاری لیژنەکە ئە نجامیانی دەدا و تەواوی دەکرد .

زۆربەی کارەکانم گەیاندبوە تەواوبون و ژمارەیەکیانیش تەواوکرابون , ڕۆژێك پارێزگارلەتەك قائمقام شارۆچکەی (الرومیثة) هاتن بۆ سەیرکردنی کاری مەشروعەکان , لە قائمقامی پرسی کارەکانتان بەچی گەیاندوە ئەویش ئاماژەی بە پە نجەی بۆ من کرد گوتی ( أبو کاوە ) بەرپرسیارە بۆ

سەرپەرشتیاری کارەکان , منیش هەڵسام و باسی سەرجەم کارەکانم بۆی کرد گەیشتووەتە کوێ , پارێزگار وەك باوەڕی نەکردبێت بەوەی کارەکان وا چوبێتنە پێشەوە , گوتی با بچین ژمارەیەکیان ببینین , لە پێشدا خانوەکان ( ١٥ ) خانو تەواوبو ( ١٠ ) سەرگیرابون , چومان بۆ قوتا بخانەی گوندەکان ( ٤ ) یان تەواو ببو ( ٢ ) یانیش سەرگیرابون وا ڕێکەوت بەو شەقامەدا ڕۆیشتین هەردوکیان تەواوکرابون , دوبارەگەڕاینەوە شارەدێکە پارێزگار زۆر دەسخۆشی لێم کرد , گوتی لەشارەدێ کانی دیکە زۆربەی کارەکانیان هێشتا تەنیا بنەڕەتی دانراوە و تا ئێستایش یەك مەشروع تەواونەکراوە . ڕوی کرد لە قائمقام گوتی بەیانی ( ئەبو کاوە ) بنێرە بۆ لام بۆ پارێزگە , بەیانیەکەی ڕۆیشتم بۆ پارێزگە , زۆر ڕێزی لێم گرت و دەسخۆشی زۆری لێم کرد بڕێك پارەی بەخشیشی پێدام و فەرمانی دا نوسراوێکی سوپاسنامەم بۆبنوسن و وێنەی بۆ قائمقام و شارەدێکان و وەزارەت , لە دانیشتنەکەماندا داوای لێم کرد بەڵێنی بدەمێ بۆ ماوەی ( ١٠ ) ساڵ لە پارێزگەی ( السماوە ) بمینمەوە , لە ( سماوە ) پارچە زەویەکم بۆ بکات بەخانو لەسەر بودجەی میری یان خانویەك لە خانوەکانی ( إدارە محلی ) بکات بەناومەوە تۆمار بکات , من وەڵامیم نەدایەوە , بێدەنگ بوم ئە مجار قسەکانی دوبارە کردەوە , وەڵامم دایەوە گوتم گەورەم بەم هەنگاوانەت منتان زۆر قەرزارکرد , وادیارە جەنابتان بەو کارانەی من هەڵیانم سوڕاندوە ڕازی بونە , بۆیە بەڵێن بەبەڕێزتان دەدەم هەتا لە پارێزگەی ( السماوە ) بمێنم هەر بەم چالاکی و دڵسۆزیە کار بکەم ئەگەر خوای گەورە گەڕا نمیەوە بو ( دیرة هلی ) کوردستان , هەر بەیانی دەگەڕێنمەوە بۆ کوردستان . زۆر بەگەرمی پێکەنی و گوتی ( الله الاكراد أشگد عنودين ) گوتم گەورەم ئێمەی کورد عناد نین , ئەی پەیامبەرنەی فەرموە ( حب الوطن من الإيمان ) هەڵسایە سەر پێ و نێو چاوا نمی ماچ کرد .

لە ساڵەکانی ( ١٩٧٨-١٩٧٩ز) میری لە پارێزگەی ( السماوە ) دەستی کرد بە دابەش کردنی زەوی کشتوکاڵ بەسەر جوتیارەکاندا ( توزيع أراضي أصحاب الأملاك) لێژنەیەك لە شارەدێی ( النجمی ) دروست کرا بۆ ئەم مەبەستە بەم شێوەیە ١-ئەندامێکی چاك کردنی زەوی ٢-ئەندامێك لە بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری ٣-ئەندامێکی یەکێتی جوتیاران ٤-ئەندامێك لە بەڕێوەبەرایەتی شارە دێ ( النجمی ) یان نوێنەرێك لەجیاتی , بەڕێوەبەر بۆ سەرۆکایەتی لێژنەکە , بەڕێوەبەری شارەدێکە کرابو بە قائمقام ( الرميثة ) بەناوی ( عبدالرضا العسل ) بەفەرمانێك لە پارێزگەوە منیان دانا بە سەرپەرشتیاری لێژنەی دابەش کردنی زەوی بەسەر جوتیاراندا , گەورەترین خاوەن ملکی ناوچەکە شێخ ( عدنان الخوام ) بو , شێخی هۆزی ( بنی زريج ) بو کە گەورەترین هۆزە لە ( السماوە ) وە

لەهەمان کاتدا بۆ جاری دووەم هەڵبژێردرایەوە بۆ ئەندامێتی پەرلەمانی عێراق هەر لەسەرەتاوە دەس کرا بە دابەش کردنی ملکەکانی ئەوان , هەر بۆ ئەوەی شارەزای کاری ئەم بەرپرسیاریە تازەیەم بم , یاسای دابەش کردنی ( إصلاح الزراعی ) م چاك خوێندەوە و کەمێك شارەزای یاساکە بوم . بنـەماڵەی ( شێخ عدنان خوام الفرهود ) لە رمیثة نیشتەجێ بون و ملکەکانیان دەکەوێتە خواروی شارۆچکەی (الرمیثة ) وە تـا دەگاتە شارەدێی ( النحی ) سەرجەمی ملك و زەوی و ئەوانە لە دەوروپشتی ماڵی خۆیانەوە بە ( ١٠٠٠ ) دۆنم زیاتر باخ و خانوبەرەو میوا نخانە و جێگەی بەخێوکردنی ئاژەڵ و ئاژەڵی بەرز و ئەسپ و ماین بەخێوکردن و خانوی بەشی ئامێری جوت کردن و جوتیاریە رۆژێك لێژنەکە کۆبوینەوە دەستیان کرد بە ئامادەکردنی ڕا پۆرتێك بۆ جیاکردنەوەی بەشی زەوی خاوەن ملك کە ( ١٠٠٠ ) دۆنمە و ڕا پۆرتێك بۆ دیاری کردنی زەوی بۆ بڕێك جوتیار کە ناوەکانیان نوسرابو لە ڕا پۆرتەکە , لەو ڕا پۆرتە بەشی جوتیارانیان هەر لەو جێگەیەوە دەس پێکردبو کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە نزیك خانو ماڵ و باخەکانیان , بەشی خاوەن ملکیان لە دەشتایو چۆڵای خواروی شارەدێی ( النجمی ) دیاری کردبو کە بەهیچ جۆرێك کێڵگە و ئاوەدانی نەبوە و ئاویشی لێ نیە بەنێوی (صحراء النجمي ) بەناوبانگە ) , گوایە ئەوەی یاسا دایناوە بۆ خاوەن ملك بەناوی ( المجنبە ) ئەم زەویە بێت بۆ خاوەن ملك . دانیشتنی دوەم ڕا پۆرتەکانیان هێنا لە پێشا من إمزای بکەم بەو پێیەی کە سەرۆکی لێژنەکەم , لەدوای ئەوەی هەردوو ڕا پۆرتەکانم خوێندەوە , دامەوە دەستیان گوتم ئەم دوو ڕا پۆرتە هەردوکی نایاساییەو من مۆری ناکەم هەتا جەنابی قائمقام ئەبینم و باسی بۆ ئەکەم با خۆی بێت إمزایان بکات- ئەوەی من دەزانم ئەمانەیە :

١-باخ و باخات و خانوبەرە و جێگەی ئامێری جوت و بەخێوکردنی ئاژەڵ و خانوبەرەی ئاژەڵ دابەش ناکرێت هەر ملکی خاوەنیەتی , لەدوای ئەوانەوە ( ١٠٠٠ ) دۆنم زەوی وەك ( مجنبە ) بۆ خاوەن ملك دیاری دەکرێت و پاشان زەوی بۆ جوتیارەکان جیا دەکرێتەوە .

٢-بەگوێرەی ئێوە من پیاوێکی نامۆم لێرە , هەر رۆژێك دادێت دەگەڕێمەوە بۆ کوردستان , ئێوە بەسەدان پشت لەتەك ئەم بنەماڵەیەدا ژیانتان بردوەتە سەر و هەروەهایش دەمێنن ئەبێت کارێك بکەن وەك کورد ئەڵێت ( ئەگەر شەڕت کرد بەشی ئاشتی بهێڵەوە , ئەمەیە هۆی إمزانەکردنم , شەو چوم بۆ لای قائمقام ئەم بابەتەم بۆی باس کرد و زۆر دەس خۆشی لێم کرد بۆ بەیانی ئامادەی کۆبونەوەکە بو , ئەوەی ئەوان ئامادەیان کردبو پوچەڵ کرایەوە و ویستەکەی منی جێبەجێ کرد و زۆر سوپاسی هەستی منی کرد لە پێش چاو لێژنەکە , رۆژێك ( شێخ عدنان ) هات بۆ فەرمانگەکەم زۆر سوپاسی منی کرد بۆ

ئەو كارە چاكەیە پێی هەڵساوم گوتم ( شیخ عدنان ) ئەمەی كردومە هەم هەقە هەم واجبی خۆمە من سوپاسی ئێوەی خانەدان و خاوەن دیوەخان دەكەم , لەوەڵامدا گوتی ( لە كاتی سەردەمی باوكمەوە هەتا ئێستایش و هەتا ئەم جیهانە كۆتای دێت لەگەڵ گەلی كورد هەر یەك دڵ و یەك گیان بوین و هەر وایش دەمێنین , لەدوای تەواوبونی دابەش كردنی زەوی ڕۆژێك لێژنەكەی بۆ نانی ئێوارە بانگ كرد بۆ ماڵ خۆیان , ماڵ و میوا نخانەكەی لەسەر زیاتر لە ڕوبەری ( ٢٥ ) دۆنم دا دروست كرابو , مێوا نخانەكەی بەڕووەكی ( قامیش و ژاژ ) دروستكرابو زۆر گەورە و فراوان بو , بەشێوەیەكی هونەری و زۆر جوان وەستای كارامە دروستی كردبو زۆر جوان بو بەلامەوە , دوو شتی گرنگ لەو دانیشتنەدا سەرنجمی ڕاكێشا , ژمارەی ( ١٠ یا ١٢ ) ئەسپ و ماین لەنێو ئەو حەوشە گەورەیەدا دەسوڕانەوە ڕەنگەكەیان سورێكی كراوە بو پێیان دەگوترێت ( ماین و ئەسپی شێی بەڕەچەڵەك و ڕەسەن عەرەبی ) شێوەیان هەر لە شێوەی ئاسكەكانی گەرمیانەكەی خۆمان بو , گوتم كاك ( عدنان ) ئەم ئەسپ و ماینانە زۆر بە ڕەچەڵەك و ڕەسەنن ئێمە پێیان ئەڵێین ( ماینی شێی عارەبی ) گوتی بەڵێ ئەمانە شەجەرەیان هەیە ( ٤٠ ) پشتە هەر لەلای بنەماڵەی باب و باپیرا نمان بەخێویا نمان كردوە , گوتم ( شجرە ) گوتی بەڵێ كوڕەكەی نارد گوتی بڕۆ ( شجرە ) ی ماینەكان بهێنە لە ماڵەوە , خوێندمەوە چل ماینی تێدا نوسرابو بەم ناوانە ( ١-دهمان ٢-غزالە٣-برق ٤- وەشنە ٥-وردە ) تا چل ماین ناونوس كرابو , لەدڵ خۆما گوتم زۆر جێ داخە زۆربەی كەسانی ئێمە نەك ( ٤٠ ) پشت نازانێت ( ٤ ) پشتی خۆیشی نازانێت , لەدووەم سەرنجدانم چاوم كەوت بە ( ٧ ) بڕنەوی دار شوشە لە میوا نخانەكەدا كرابوە دارا , هەڵواسرابون بەلامەوە زۆر جوان بون بەردەوامی سەیریانم دەكرد و بیرم لە ڕابوردوی خۆم دەكردەوە , لەدڵ خۆما دەم گوت چۆن ئەم ( ٧ ) چەكەی شۆڕشی كوردستان وا دەستی ئەمانە كەوتە ؟؟ , هەر بەگاڵتە و پێكەنینەوە گوتم ( شێخ ) ئێوەیش دەس كەوتان هەبو لە تالآنكردنی كوردستان , زۆر بە توندی پێكەنی گوتی ئەبو كاوە , ئەم چەكانە ئەڵێیت , ئەوانە دیاری مامەت بەرزانیە بۆ باوكمی هێناوە , بارزانی لەدوای ڕێكەوتنی ١١ ئازار مامەت بەرزانی سەردا نمانی كرد و بۆ ماوەی ( ٧ ) ڕۆژ مێوانی هۆزی بنی زرێج بو , بەگشتی ئێمە لەخزمەتیدا بوین , باوكم لەسەرەمەرگدا بە نوسین وەسیەتی بۆمان كردوە ئەم دیاریەی بەرزانی پشت لەدوای پشت بەشانازیەوە هەڵی بگرن تا ڕۆژی كۆتای جیهان , ئەمەش وەسیەتی باوكمە لەم دەفتەرە تۆماریانی كردوە .

## (( گەڕانەوەم بۆ كوردستان  شاری خورماتو ))

لەبەر ئەوەی کەس لە نەتەوە و کەسانی خۆم لەتەکمدا نەبون و میری بۆ ماوەی ( ٧ ) ساڵ زیاتر لەشێوەی دەس بەسەرێك لە ( السماوه ) هێشتبومیەوە لە مانگێك تەنیا سێ ڕۆژ مۆڵەتی پێم دەدا بچم بۆ سەردانی خزمان لە کوردستان ئەویش بەشی ڕۆیشتن و گەڕانەوەی نەدەکرد , زۆر بێزار بوم لەو ژیانی نامۆیە , هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە چۆن بۆم ڕێکەوێت بگەڕێمەوە بۆ کوردستان و جارێکی تر بەکەسەکانم شادبمەوە , لەساڵی ١٩٨٣ میری عێراق شارۆچکەی تکریتی کرد بە پارێزگە , سەدام حسین فەرمانێکی دەرکرد بۆ ئەوەی بۆشایەکانی فەرمانگەکانی تکریت پڕبکاتەوە , هەر فەرمانبەرێك لەهەر پارێزگەیەکی عێراقەوە ئەیەوێت بگوازرێتەوە بۆ پارێزگەی تکریت جێگەی نیشتەجێبونی خێزانی بۆ دابین دەکرێت لەگەڵ زیادکردنی موچەکەی بەبڕی ( ١٠٠/٣٠ ) ئەم هەلە بۆ من زۆر باشبو تا بتوانم فەرمانەکەم بگوازمەوە , ئەو کاتە شارۆچکەی ( خورماتو ) لەکەرکوك دابڕابو پەیوەست کرا بە ( تکریت ) وە داواکاریم پێشکەش کرد بۆ ئەو مەبەستە و وەزارەتی دارای عێراق بڕیاری گواستنەوەمی دەرکرد بەگوێرەی نوسراویان ژمارە ٩٤٩٧ ڕۆژی ١٩٨٠/٥/٥ز بۆ فەرمانگەی خانەنشینەکانی ( خورماتو ) لەڕۆژی ١٩٨٠/٥/٦ دەس بەکاربوم , گەڕانەوەم بۆ خاکی کوردستان و ڕزگار بونم لە نامۆیەتی و دورە وڵاتی , گیانێکی نوێی بەبەری خۆمو خێزانەکەمدا کرد و هەمو هەفتەیەك دەچوین بۆ کەرکوك و چەمچەماڵ , ئەو فەرمانگەیەی خانەنشینی خورماتو جێگەیەکی زۆر کۆن و خراپ بوو کۆنترین فەرمانگەکانی خورماتو بو , ڕۆژێك بەڕێوەبەری گشتی هات بۆ سەردا نمان منیش زۆر نارەزای خۆمان و فەرمانبەرانم لەلای دەربڕی بۆ ئەوەی چارەیەکمان بۆ بدۆزێتەوە , بە نوسراوێکیش داواکەمان پێشکەش کرد , لەدوای مانگێك ئاگاداری کردمەوە سەردانی بکەم , گوتی بڕیاری وەزارەتی دارایم وەرگرتوە ئەگەر پارچە زەوی بەدەس بهێنن لە خورماتو دەیکەینە فەرمانگەی خانەنشینەکان , داوام کرد بە نوسراوێك داو الە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی خورماتو بکات دەتوانم لە شارەوانی خورماتو پارچە زەویەکە پەیدا بکەم , سەردانی شارەوانی خورماتوم کرد و نوسراوەکەم پێیان دا , بەیارمەتی هاوەڵ و بەرپرسانی خورماتو توانرا ( ٤٠٠ ) مەتر زەوی لەسەر شەقامی گشتی بەدەس بهێنین و داوای گۆڕینی مڵکایەتی زەویەکەمان کرد بۆ وەزارەتی دارای ئەویش جێبەجێ کرا و زەوی ئامادەکرا , ئەم هەوڵە سەری گرت  بەبڕیارێك لە بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینەکانی گشتیەوە لەبەغدا کرام بە سەرپەرشتیار و چاودێری دروست کردنی فەرمانگەی خانەنشینی خورماتو , لەو کاتەدا سەدام حسین بڕیاری دا سەرجەم فەرمانگەکانی خانەنشینان پەیوەست بکرێن بە بانکەکانەوە , دوای تەواوبونی

دروستکردنی فەرمانگەکە لەتەك بانکی رشیدی خورماتودا گوێزامانەوە بۆ فەرمانگە نوێکە , تائێستاش پێکەوە هەر لەو فەرمانگەیە کاردەکەن .

## (( یەکێتی هۆزی زەنگەنەی خورماتو لەکوێوە دەستی پێکرد ؟؟؟ ))

هەروەك سروشتیەك لەتەمەنی لاویەتیمەوە هەمیشە حەز بە پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەکەم, پەیوەندی لەتەك پیاوچاکان و خزمان و سەرجەم هۆزەکەمدا بکەم , هەمیشە هەوڵی زۆربون پتەوتری دەکەم , ناسیاوی و پەیوەندی زۆرم لەتەك خانەنشینەکاندا دروستکرد بەلای کەمەوە مانگی یەك جاریەکترمان دەبینی پاش ساڵێك توانیم دۆست و برای زۆر چاك بدۆزمەوە , بەتایبەتی لەگەڵ پیاوچاکانی هۆزی زەنگەنەدا و دوای ئەوانیش هۆزی شێخان کە خاڵۆمن و زۆر بەرێز و خۆشەویستمن , ئەم بارودۆخە وای کرد بەزۆری هاتوچۆ لەنێوا نماندا دروست بێت , لەهەمو بۆنەکاندا یەکدیمان بەسەردەکردەوە , فەرمانگەکەم هۆیەکی گرنگ بو بۆناسینی کۆمەڵانی خەڵك ناوچەکە بەتایبەتی نەتەوە و هۆزەکەی خۆم , ڕۆژێك خوالێخۆشبو ( علی ئاغای کوڕی حمە ئاغای ( قەرەتە پە ) گوندی ( خدران ) هات بۆ سەردانم شەوێك لام مایەوە خزمانی زەنگەنە هەواڵیان زانی هاتن بۆ بینینی ئەو شەوەمان بەقەڵەباڵغی و خۆشی بەسەربرد . لەسەردەمی باوکمەوە ئێمە هاتوچۆ و ناسیاویمان لەتەك ( حمە ئاغا ) ی زەنگەنەدا هەبو , خوالێخۆشبو ( حمە ئاغا ) سەردەمێك لە کەرکوك بو ئەو کاتانە منیش خوێندکار بوم لە خوێندنگە ( الغوثیة) لەتەك باوکما هەموو جارێك سەردا نمان دەکرد . هەر بەو بۆنەیەوە ( علی ئاغا ) سەردا نمانی دەکرد , ئەم پیاوە لە ناخەوە و بەکرداریش سەرۆکی هۆزی زەنگەنە بو , ئەم پیاوە توانی هەمو ژیانی خۆی بۆ یەککرتنەوەی هۆزی زەنگەنە تەرخان بکات بەتایبەتی لەدوای کۆچی دوای باوکی , کورد گوتەنی هەمیشە میوانی ماڵی خۆی بو سەرەڕای ئەوەیش لەلایەن دارایشەوە زۆر دەسرۆ نەبو , ئەم پیاوە توانی هەر لە بەغداوە تا سلیمانی هۆزی زەنگەنە بکات بەیەك و لەهەمو شار و شارۆچکەیەك برا بچوك و دەم سپی لەناو هۆزەکەدا دەس نیشان بکات , هۆزی زەنگەنە ئەو پیاوەیان بە دڵسۆز و خۆشەویستی خۆیان دەناسی . لەیەکێك لە سەردانەکانیدا بۆ ( خورماتوو ) گوتی , أبو کاوە خزمانی خورماتو تۆیان خۆشدەوێت , ئەمەوێت ڕۆژێك بێم کۆیان بکەمەوە یەکێتی هۆزی زەنگەنە لە خورماتو دروست بکەین , گوتم بەخوا ئەم بیرۆکەیە کارێکی زۆر چاك و پیرۆزە , هەواڵم زانیوە لە بەغدا و ( بعقوبە ) یش ئەم کارەتان ئە نجامداوە , گوتی بەڵێ ئەم کارەم لەزۆر جێگە کردوە , ئێستا هۆزەکەت یەککرتوە گوتی خزمانی خورماتو تۆیان خۆشدەوێت ئەکەر ئەم کارەمان بۆ کرا من لەلایەن خۆمەوە تۆ بەباش دەزانم بۆ برا بچوکی هۆزەکەمان , لە وەڵامدا گوتم

بەڕێز من زۆر سوپاسی بەڕێزتان دەکەم بۆ ئەم هەستە پیرۆزەتان , بەڕێزم من ئێستا بەرپرسم لە ( ١٠٠٠ ) دە هەزار خانەنشین لە خورماتو ئەرکی سەرشانم زۆر زۆرە ئەم کارە بە فەرمانبەرێکی وەك من ناکرێت , من زۆربەی ئیشە کارگێڕیەکانی فەرمانگەکەم خستوەتە ئەستۆی خۆم ئەوەیش تەنیا بۆ ڕەزا بونی خوا و مللەتەکەم , ژمارەی ( ٤٥-٥٠ ) بێبینا و کەم ئەندامم هەیە لە گوندەکان و ناو شار لەدوای دەوامی فەرمانگە خۆم موچەکانیان بۆ دەبەم , تەواوکردنی کاری کارگێڕی ( شەهیدان ) خستومەتە ئەستۆی خۆم لێرە هەمو شتێکیان بۆ تەواو دەکەم ئەگەر پێویست بێت ئەینێرم بۆ تکریت یان ڕاستەوخۆ بۆ بەغدای دەنێرم ئەوەی بێکەس و بێتوانا بێت خۆم ئەیبەم بۆ بەغدا و تەواوی دەکەم , جگە لەم کارانەیش کاری فەرمانگەکەم بەبۆنەی زۆربونی کاری شەهیدانەوە زۆرتربوە , زۆر سوپاست دەکەم ئەم کارە بۆ من ناکرێت , ئەم کارە بێدەنگی لێکرا بۆ ماوەی ساڵێك تا بەرواری شەوی ١٦-٢٠٠٢/٧/١٧ز من نەم زانـــی هاتوە بۆ خورماتو , پیاوێکی بەسەیارەیەکەوە ناردبو بەدوامدا تا بچم بۆ گەڕەکی کۆماری خورماتو من لەگەڕەکی سەربازی دادەنیشتم چوین لەماڵی بەڕێز کاك (صمد خیاط ) خزمانی زەنگەنە کۆبونەوەیەکی گەورەیان دروستکردوە, دوای سەلاو بەخێرهاتنی خزمان دانیشتم .



وێنەی شێخ محمد علی حسن ئاغای زەنگەنە و وێنەی شێخ علی محمد علی حسن ئاغای زەنگەنە

علی ئاغا وتارێکی کورتی خوێندەوە لەبارەی یەکێتی هۆزی زەنگەنەی خورماتووەوە دوا و باسی چەند جێگەیەکی دیکەشی کرد بەم کارە پیرۆزە هەڵساون , داوای لە خزمان کرد بەیەك دەنگ برا بچوکێك لەنێو خۆتانا هەڵبژێرن کێ بەخۆیدا دەبینێت خۆی هەڵبژێرێت و دەنگی بدەنێ , کەس خۆی هەڵنەبژارد , علی ئاغا گوتی من ( ملا عومەر ) ئەبوکاوە دەسنیشان دەکەم کێتر خۆی هەڵدەبژێرێت با بفەرموێت , بەبێ ڕکابەری هیچ کەسێك هەڵبژێردرام بە برا بچوکی هۆزی زەنگەنەی خورماتو , دوجار لەدوای یەك داوای لێبوردنم کرد گوتم من کار و فەرمانی زۆرم لەئەستۆ گرتوە ئەم کارە بەمن

**ئەنجام نادرێت , بە پرس فەرمانگەیەکم ( ١٠٠٠٠ ) دە هەزار کەس خانەنشینی لەخۆی گرتوە هەرکەس مافی خۆی دەوێت , بۆ جاری سێیەم فەرزیان کرد بەسەرما , ژمارەی ئامادەبوان لە ( ٣٠٠ ) کەس و سەرۆك خێزان ئامادەی دانیشتنەکە بون , هەڵسامە سەرپێ وتارێکی بچوکم لەبەر خوێندەوە , پێشەکی سوپاس و پێزانینی خۆم بۆ ئامادەبوان ڕاگەیاند بۆ ئەو باوەڕە گەورەیان کە بە منیان بەخشی , سوپاسی ( علی ئاغای حمە ئاغای ) زەنگەنەم کرد بۆ ئەو هەوڵ و ماندوبونەی کە چەند ساڵە هەوڵدەدات هۆزی زەنگەنە یەکگرتو بێت , هەر خۆم دەس نیشانی سێ پیاوی دیکەم کرد کە یارمەتی دەرم بن لە کارەکەمدا , ئەوەیش ئەم پیاوانە بون , ١-ملا بورهان أمین ٢-فاروق فتاح سلیمان ٣-شکور احمد أمین**

٢٠٥

بسم الله الرحمن الرحيم

(( وخلقناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا انّ اكرمكم عند الله اتقاكم ))

صدق الله العظيم

م / محضر اجتماع عشائري

اجتمعت عشيرة الزنكنة في قضاء الطوز / محافظة صلاح الدين بتاريخ ١٦-١٧ / ٧ / ٢٠٠٢م المرافق ٦ / جمادى ٢ / ١٤٢٣ هـ بحضور الشيخ / علي محمد آغا الزنكنة رئيس عشيرة الزنكنة وبحضور جميع الاشخاص في قضاء طوز من عشيرة هذه وتم الاتفاق على الاقرار بمايلي :-

١. اختيار / عمر علي رضا فتاح الزنكنة مسؤول عن عشيرة الزنكنة في قضاء الطوز فعليه يقوم بكافة المسؤوليات العشائرية القانونية لهذا العشيرة في المنطقة المذكورة .

٢. اختيار ثلاثة وجهاء للعشيرة في الطوز لغرض التعاون مع مسؤول عشيرة في الطوز واختيار كل من (أ) برهان الدين امين محمد الزنكنة .
(ب) الملا شكور احمد امين الزنكنة .
(جـ) فاروق فتاح سليمان الزنكنة .

الوجيه | الوجيه | الوجيه | المسؤول
برهان الدين أمين محمد | فاروق فتاح سليمان | شكور احمد الامين | عمر علي رضا فتاح الزنكنة

لە گوتارەکەمدا گوتم براکانم پێشینانمان خوایان لێخۆشبێت گوتویانە ( برا گەورەی نەتەوە خزمەتکاریانە ) بەڵێنبێت هەر بەو شێوەیە منیش خزمەتکاریتان بکەم , مەرجە ئەگەر پیرەژنێکی زەنگەنە لەهەر جێگەیەك بێت داوای ئامادەبونی من بکات من لە خزمەتیدا ڕادەوەستم لەشێوەی خزمەتکارێکی دڵسۆز تا داواکاریەکەی بۆ جێبەجێ بکەم , ئێمە لەهەر جێگەیەك دانیشتنمان کرد هەمومان کوڕی میر سمایلی زەنگەنەین و بۆ زەنگەنە دەدوێین , لەدەرەوەی دانیشتن هەرکەسێك ئازادە لە ڕادەربڕینی خۆی ئەمەوێت ئەم ئایەتەی دادێت بکرێت بە ( شیعار ) دروشمی یەکیەتیەکەمان لە سەرجەم نوسراو و دانیشتنەکانماندا و لە کار و ڕەوشتەکانماندا ڕەنگ بداتەوە , ئەوەیش ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٞ ﴾ ئایەتی (١٣) سورەتی الحجرات با هەوڵ بدەین جیاوازی لەنێوان موسوڵمانانەکەین هەمومان برای یەکبین لەتەك سەرجەم موسڵمانانی جیهاندا , لەو مێژووەوە کە هەڵبژێردرام بۆ برا بچوکی هۆزی زەنگەنە ١٦-٢٠٠٢/٧/١٧تا ڕۆژی ٢٠٢١/٤/٥ز بۆ ماوەی ٢١ ساڵ و ٢ مانگ و ١٢ ڕۆژ برا بچوك و خزمەت کاری هۆزەکەم بوم خوای گەورە و دڵسۆزانی هۆزەکەم گەواهیم بۆ دەدەن کە بەئەوپەڕی دڵسۆزی و لەخۆبوردنەوە ئەو کارانەم ئەنجامداوە , ئەوکارانەی کە بەرژەوەندی گەل و هۆزەکەمی تێدا بوە ئەنجاممان داوە , کارە سەرەکیەکانیان لە خوارەوە دەخەمە ڕوو بۆ ئەوەی بۆ مێژوو بمێنێت , ئەمانەن

**(( ئەو کارە گرنگانەی لەو ماوەیەی سەرەوە ئەنجاممان داوە ))**

١- پەیوەست کردنی یەکیەتیەکەمان بە یەکێتی کاروباری هۆزەکانی کەرکوکەوە ( مجلس شئون عشائر کرکوك ) کە سەرۆکەکەی هۆزی زەنگەنەیە و بە بڕیاری سەرکردایەتی کوردستان دەس نیشان کراوە و پێك هاتە لە ( ٨ ) هۆز کە وەزارەتی ناوخۆی عێراق بەرپرسە لێی یەکیەتیەکەمان شەرەفی بە ئەندام بونی پێ بەخشرالەلایەن یەکێتی گشتی هۆزەکانی عێراقەوە , مۆری رەسمیان پێدایین بۆ مۆرکردنی نوسراوی ئەو ئاشتەوایانە ( صلح ) کە دەمانکرد و لەدادگە بەرەسمی لێمان وەردەگیرا , واتە توانیمان بەرگی رەسمی بەبەری یەکیەتیەکەمانا بکەین و لە هەمو فەرمانگەیەك نوسراومان بەرەسمی وەردەگیرا .

٢-بە تێپەڕ بونی دو ساڵ بەسەر تەمەنی یەکیەتیەکەماندا ژمارەیەك لە بەرپرسان و لایەنەکان و بێگانەیش جولانەوەکا نمانیان لەرێگەی فەیسبوك و کەناڵەکانەوە دەبینی و جولانەوەکا نمانیان بەلاوە پەسند بو , بۆیە دەسخۆشیو سوپاس نامەیان بۆمان دەنارد لەوانە :

أ-مکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان

ب-جەنابی کاك مسعود بەرزانی لەرێگەی فەیسبوکەوە

ج-خوالێخۆشبو مام جلال تاڵەبانی لەرێگەی فەیسبوکەوە

د-هێزی مارینزی ئەمەریکی ) لەرێگەی قائمقامیەتی چەمچەماڵەوە.




وێنەی لۆگۆ و دروشمی هۆزی زەنگەنەی خورماتو , لە ئاهەنگی زەنگەنە ( لە قەیتول )

٣- لەماوەی کارکردنی یەکیەتیەکەماندا توانیمان بەشداری لە کۆبونەوە ئاشتەوایە ( صلح ) کاندا بکەین بەبێ جیاوازی نێوان هۆزەکان و نەتەوەکان کە ژمارەیان ( ٥٤ ) ئاشتەوای بون هەموی چارەسەری

بۆ دۆزرایەوە و ژمارەیەکیش لەدوای چارەسەری درا بە دادگە بۆ ئەوەی چارەسەرەکە بەڕەسمی بناسێنێت ,ئەوەیش بەگوێرەی پڕکردنەوەی ئەو إستمارەیەی وەزارەتی ناوخۆ کە پڕمان دەکردەوە لەدوای تەواوبونی کاری ئاشتەوایەکە .

٤-لەسەرجەم بۆنە کۆمەڵایەتیەکاندا بەشداریمان دەکرد بەبێ جیاوازی هۆز و نەتەوە , لەبۆنەی وەفاتی یەکێك لە هۆزەکەی خۆمان بە لیستێك بڕێ پارەمان کۆ دەکردەوە بۆ بەشداری کردنی هۆز لە بۆنەکە وەك شێوەیەکی رەمزی و هاوکاری .

٥-ژمارەیەك کەس لە هۆزەکەی خۆمان توشی کێشەیەك دەبون لەناو خورماتو یان لە گوند و شار و شارۆچکەکانی دیکە , داوای یارمەتیان دەکرد بە مادی و معنویش یارمەتیا نمان دەدا , چەند جارێك خزمانی ١-کفری ٢-کەلار ٣-سمود داوای یارمەتیان کردوە وەك پێویست و بەگوێرەی توانا یارمەتی کران .

٦-چەند جارێك کێشەی نەتەوەی عرب و تورکمانەکانی خورماتو ڕوبەڕومان کراوەتەوە بە پێی توانا چارەسەرمان بۆیان دۆزیەتەوە و تەنیا داوای سوپاسیشمان لێیان نەکردوە , تەنیا لە پێناوی خوای گەورە و دراوسیەتی و چاکەی کۆمەڵایەتیدا ئەو کارانەمان ئە نجامداوە .

٧- دوا بەدوای دروستبونی یەکێتی هۆزی زەنگەنە پەیوەندیمان کرد بەبەرپرسانی سەرکردایەتی کوردستانەوە بۆ ئاگاداری لە کارەکەمان و دەربڕینی ڕەزامەندی خۆیان بۆ ئەم مەبەستە لەوانە١-بەڕێزعوسمان حاجی محمود ئەوکاتە بەرپرسی ( محور ) ی گەرمیان بو ٢-بەرێز عوسمان تلیشانی بەرپرسی سەربازی ٣-ڕێکخستنەکانی پارتی خورماتو لە هەولێر ( بنی صلاوە )

٨-لەدوای ئەوەی چالاکیەکا نمان ئاشکرا و بەرفراوان بو لەدوای لەناوچونی ڕژێمی بەعس ژمارەیەکی زۆر لە هۆزی زەنگەنە لەناوچەکانی دیکەوە سەردا نمانیان دەکرد و ئامادەی خۆیان دەردەبڕی بۆ هەمو ئەرکێك کە خزمەتی زەنگەنەی تێدابێت و خۆیان ناونوس دەکرد لە تۆماری هۆزەکەمان  لەوانە خەڵکانی ١-چەمچەماڵ ٢-کرکوك ٣-کفری ٤-کلار ٥-صمود و ژمارەیەکیش لە پارێزگەی دیالی , ژمارەی تۆمارگەی ناوی هۆزی زەنگەنەی خورماتو گەیشتە ( ١١٦٥ ) کەس .

٩-لەدوای ڕوخانی ڕژێم کۆنگرەیەکی فراوانی هۆزی زەنگەنەی بەشی کوردستانی خوارو بەسترابە ئامادەبونی زۆربەی پیاوماقوڵانی هۆزی زەنگەنە , کۆبونەوەکە بۆ یەکترناسین و نزیك بونەوەمان لەیەکتر  ئێمەیش بە وەفدێکی ( ١٠ ) کەسی بەشداریمان تێداکرد و تارێکی کورتمان پێشکەش کرد و سەردانی وەفدەکا نمان کرد بۆ یەکترناسین .

١٠-وەك پێویست هەمو مانگێك جارێ كۆبونەوەی ئاسای یەكیەتیەكەمان بەرداوام بو, توانیمان بەرپرس لە بنەماڵەكان هەڵبژێرین بەدەس نیشانكردنی لەلایەن كەسەكانی بنەماڵەكانەوە بۆ هەڵسوڕاندنی كارەكانمان بە ئاسای جێبەجێبونی بە زوترین كات .

١١-بەشداریكردنمان لە كۆڕ و كۆبونەوە و ئەو كێشانەی لەنێو هۆزەكەماندا ڕویان دەدا لە ناوەوە و لە دەرەوەی خورماتو بە پێی پێویست لە پێناوی دۆزینەوەی چارەسەری برایانە و ئاشتیانە .

١٢-لە پێش گەیشتنی پرۆسەی ئازادی بەناوچەكەمان لە هەولێرەوە نامەیەكم بەدەست گەیشت بەدەستی هەڤاڵ و دۆستێكی خۆشەویستم تێدا داوایان لە هۆزی زەنگەنەی خورماتو كرد بۆ هێزەكانی پێشمەرگە پێویستیان بە ( ١٥ ) كەسی باوەڕپێكراو هەیە لە هۆزی زەنگەنەی خورماتو لە چەمچەماڵ ئامادە بن بۆ دابەشكردنیان بەسەر هێزەكاندا لەشێوەی ( چاوساغ ) بۆ كركوك و خورماتو و چەمچەماڵ , توانیمان ئەم كارە ئەنجام بدەین وكارە پیسپێردراوەكانیان بەبێ زیان بەجێ هێنا , لەدوای پرۆسەكە و ڕزگاربونی ناوچەكان بەسەلامەتی گەڕانەوە ماڵەكانی خۆیان , ئەو چەكانەی پێیان درابو كرا بە ملكی خۆیان و موچەی ئەیلولانەیان لەلایەن پارتیەوە بۆ بڕایەوە , ئەم كارەم بەبێ ئاگاداری هاوڕێكانم ئەنجامدا لەبەرئەوەی ئەو پیاوە خۆبەخشانە ئاشكرا نەبن لەنێو كۆمەڵانی خەڵك , هەر بەم بۆنەیەوە بو ( هێزی مارینزی ئەمەریكی ) لەڕێگەی قائمقامی خورماتووەوە سوپاس نامەی بۆ هۆزی زەنگەنە ناردبو .

١٣-هەر لەسەرەتای دروست بونی یەكیەتیەكەمانەوە سەندوقێكی پیتاكمان بۆ هۆزی زەنگەنە دانا , بۆ پێویستی یەكێتی و یارمەتی لێقەوماوان , تەنیا خۆم ( ٧٥٠,٠٠٠ )هەزار دینارم خستە سەندوقەكەوە , بەهەمو هۆز تەنیا ( ٢٥٠,٠٠٠ ) هەزار پیتاكیان دانا كە سەرجەم یەك ملوین پارە بو , بەداخەوە هەر ئەوەندە بو ئیتر كەس پیتاكی نەدا و سەندوقیش نەما بەپێ پسوڵەی مۆركراو ئەو ملوێنەمان بۆ هەژاران و لێقەوماوان خەرجكرد .

١٤-دوو پەرتوكی مێژووی هۆزەكەم بەچاپ گەیاند بەزمانی عەرەبی و بەزمانی كوردی یەكەم لەسەر بودجەی خۆم یەك ملوین چوە چاپكردنی پەرتوكی دوەم بەیەك ملوین تەواو بو لەسەر بودجەی كاك یاسین حاجی حسین خوێلێنی چاپكرا , ئێستا لە ئەنتەرنێتی جیهانی هەمو كەسێك دەتوانێ بخوێنێتەوە , بەم كارەمان توانیمان مێژوی هۆزەكەم بكەم بە مێژوویەكی جیهانی و هەمو كەسێك دەتوانێت بخوێنێتەوە .

١٥-لەدوای نەمانی ڕژێمی بەعسیەکان , توانیمان تۆڕێکی ( ئەنتەرنێت ) بکەینەوە بەنێوی ( دەنگی یەکێتی هۆزی زەنگەنەی خورماتو ) ئەمەیش بۆ بلاوکردنەوەی چالاکیەکانی یەکیەتیەکەمان , تا ماوەیەکی زۆر هەر کارا بوو .

١٦-داوامان لە سەرکردایەتی کوردستان کرد ڕێگەمان بدەنێ بۆ دروستکردنی فوجێکی پێشمەرگە لە کوڕەکانی هۆزی زەنگەنە بەنێوی فەوجی شەهید خالید گەرمیانی , ئەمەیش بڕیاری لەسەر دراو پێك هات لە (١٠٠) دانە پێشمەرگە و هەر لە خورماتو ڕاهێنانیان پێکرا چەند جارێك سەردانیانم کرد لەکاتی ڕاهێنانا.

١٧-سەردانێکمان ڕێکخست بۆ سەرکردایەتی ( ی . ن.ك ) بۆ لای بەڕێز کاك کۆسرەت ڕەسوڵ , ژمارەی (٢٣) داواکاری پێشنیازمان بەناو هۆزی زەنگەنەوە لەتەك خۆماندا هەڵگرتبو , سەرجەمیان بۆ بەرژەوەندی گەلی کورد و خەڵکی خورماتوو بو , لەو پێشنیاز و داواکاریانە ژمارەیەکیان جێبەجێ کرا وژمارە زۆرەکەیان بۆ سەروی خۆیان بەرز کرایەوە , ئەوەی جێبەجێ کرا دو خاڵ بو ١- ڕێگەی خورماتو  تکریت لەلایەن نەیارانی کوردەوە راو روت و پیاوکوشتنی تێدا بەزۆری ڕویدەدا بەبۆنەی نەبونی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچەیە , زیاتر کورد زەرەر مەند بو تێدا , فەوجێکی پێشمەرگەیان نارد بۆ سەر ئەو ڕێگەیە و وەزعەکەیان چاك کرد .

٢-داوای کردنەوەی کۆلێژی پەروەردەمان کرد لە شارۆچکەی خورماتو بکرێتەوە بەسوپاسەوە کرایەوە و سودی گرنگی هەبو بۆ خوێندکاران , پاش کشانەوەی پێشمەرگە لە خورماتو کۆلێژەکەیان گواستەوە بۆ شارەدێی (آمرلي) إێستا کورد سودی لێنابینێت .

١٨-دوو جار خۆپیشاندانی جەماوەریمان کرد لە خورماتووەوە بۆ کەرکوك داوای گەڕانەوەی خورماتوومان کرد بۆ پارێزگەی کەرکوك , بەناو هۆزی زەنگەنە و خەڵکی خورماتووەوە داواکاریمان پێشکەش بە پارێزگار کرد و لەتەکیدا کۆبوینەوە .

١٩-بەشداریمان کرد لە هەردو کۆبونەوەی هۆزی زەنگەنە لە ١-بەربەستی ( شیرین ) لە تەرجل و لە قەیتول , بە جەماوەریەکی زۆرەوە کە پێك هاتبو لە (٢٥) ئۆتۆمبیل , لەزۆر جێگە وە بە وێنەوە لە فەیسبوك دەسخۆشیان لێمان کرد .

٢٠-کاتێك هێزەکانی بەرگری لە گەرمیان لە قەلادزێ و ڕانیەوە هاتن بۆ ناوچەی خورماتو بەجەماوەرێکی زۆرەوە پێشوازیمان لێیان کرد و لەسەردانێکدا برێکی چاك پر, و ئۆتومبیلی خواردن و پێویستیمان پێشکەش کرد .

٢١-کاتیك ( مالکی ) بو بە سەرەك وەزیرانی عیراق , هێزی جەماوەری هۆزەکانی ( پالٚ پشت ) ی دروست کرد ( الإسناد ) لەلایەن نوێنەرەکەیەوە لە خورماتوو داوامان لێکرا بەشداری تێدا بکەین بۆ من موچەی مانگانەی پانزە ملوین و هاورێکانم هەریەکی یەك ملوین دینار مانگانە وەربگرن , ئەم کارەم بە راپۆرتێك بەناوی هۆزی زەنگەنەوە گەیاندە سەرکردایەتی کوردستان و بە پ-د-ك و ی-ن-ك لە خورماتو تێدا هێزی پاڵپشتیمان دایە دواوە و بە جاشایەتیمان لە پێنوس دا , هەردو سەرکردایەتی داوایان لە بەرپرسەکانی خۆیان کرد بە پەلە کۆنگرەی رۆژنامەوانی ببەستن ئەم کارە بەجاشایەتی لە پێنوس بدەن و دەس خۆشی و سوپاسی هەردو مکتب سیاسی بە هۆزی زەنگەنە بگەیەنن , ئەم کارە کرا و سوپاسی هۆزی زەنگەنەیش کرا .

٢٢- لەلایەن بەرەی شیعەی خورماتووەوە توانرا چیای خورماتو کە بە ( مرصد علی ) دەناسرێت و دەوروبەری بە روبەری ( ٨٤٠ ) دۆنم کرا بە وەقفی شیعە , توانیمان وێنەیەك لە تاپۆکە بەدەس بهێنین و ناردمان بۆ کەناڵی تەلەفزیون ( کوردستان ) لە هەولێر و وێنە یمان دا بە ( پارتی و یەکیتی ) لە خورماتو , لە تەلەفزیونی کوردستان بلاوکرایەوە بەرپرسانی خورماتو هیچ هەلۆیستێکیان نیشان نەدا و هەر بەم بۆنەیەوە سەردانی هەردو لایەنەکەمان کردەوە.

## (( گەرانەوەم بۆ کۆشی دایکی دووەم  کەرکوکە حەیاتەکەم ))

ئێستا ئەم چەند دێرە باسی تەمەنی خۆم دەکەم بەرواری ساڵی ٢٠٢٣ زایینیە , شەست ساڵ زیاتر تێدەپەرێت بەسەر ئەو بیرەوەریە تاڵەمدا کە دوژمنی هەمو کورد لەکۆشی دایکی دووەمم دەربەدەرمی کرد , ئەویش کەرکوکە حەیاتەکەمە , جێگەی کاتی هەرەتی لاویەتی و خوێندن و خوێندنگە و زانست و زانیاری و کوردایەتیم بو , هەربۆیە لەهیچ کاتێکی خۆشی و ناخۆشی ژیانمدا لەیادم ناچێت , خورماتویش هەر خۆشەویستە و یادگاریەکانی پرە لە خۆشەویستی و دڵسۆزی و پیاوەتی , بەو پیاوچاکانەوە کە لەوێ بەیەك ئاشنا بوین , کاتێك من هاتمە ناویان من تەنیا یەك کەس بوم , بۆ ماوەیەکی کەم دەسنیشانیان کرد بە برا بچوکی خۆیان , تەنیا لەنێو هۆزەکەی خۆمدا , جگە لەو هۆز و نەتەوانەی خورماتو ,برا و دڵسۆزانم گەیشتنە ( ١١٦٥ ) برا و دڵسۆزی گیانی بەگیانی , بۆیە هەتا کۆتایی ژیانم من خۆم بە قەرزار و خزمەتکاری هەمویان دەژمێرم , هەمیشە چاکە و پیاوەتی ئەوانم لەیاد ناچێت .

چەند هۆکارێك وای کرد خورماتو بەجێ بهێڵم و بگەرێمەوە بۆ کەرکوك , لەوانە

١-نەخۆشیەكی درێژ خایان تەمەن و پیری , لەدەس دانی یەكێك لە گورچیلەكانم سەرەڕای نەخۆشیەكان .

٢-داواكاری براكانم و بەشێك لە كورەكانم و ئامۆزا و خاڵوانەكانم لە كەركوك , بەزۆری داوای گەڕانەوەمیان دەكرد بگەڕێمەوە بۆ كەركوك .

٣-سەردانی هەمیشەیم بۆ لای پزیشك و نەخۆشخانە .

٤-دانانی ( ١٠ ) پیاو ماقوڵ و سەرەك بنەماڵە بۆ سەرپەرشتیاری كاری هۆزەكەمان لەجیاتی خۆم .

٥-خۆمیش زۆر دڵم شاری كەركوكی دەویست خێزان و مناڵەكانیش لەخۆم زیاتر حەزیان دەكرد بۆیە لەڕۆژی ٢٠١٤/١٠/١٠ بۆ كەركوك كۆچم كرد دیسان گەڕامەوە باوشی دایكی دووەمم بەو هیوایەوە خاكە پیرۆزەكەی لەباوشی خۆیم بگرێت تا كۆتای جیهان .

# ((كۆتـايی))

لەو سەردەمەوە كە دەستم دايە نوسين پەرتوكەكانم , وەك ئامانج و هيوايەكم دەستم بە نوسينەوەی مێژووی هۆزەكەم كرد , خوای گەورە يارمەتـی دام بە پشتگيری كەسەكانی هۆزەكەم توانيم پەرتوكی ( تأريخ إمارات زەنكەنە و إدارتها ) بە زمانی عەرەبی لەسالّی ٢٠٠٤ز بنوسم دوابەدوای ئەولەسالّی ٢٠١٢ز بە زمانی كوردی بلاّو بكەمەوە , گەلێك لە عەرەبييەكە دەولّەمەند ترە , بەيارمەتی پياوچاكانی هۆزەكەم توانرا لە پەخشی ( أنترنێت ) جێگيربكرين , بەم كارەمان توانرا مێژووی هۆزەكەم بيكەم بە جيهانی و هەميشەی تـا كۆمەلاّنی خەلّك لە جيهان زياتر زانياری لێوەربگرن , شان بەشانی ئەم دو پەرتوكە , بيرۆكەی پەرتوكی ( يادی باپيران ) لەبير و هزرمدا گەورەتر دەبون , هەرچەندە ئەم دو پەرتوكە مێژوويە خۆی لەخۆيدا هەر مێژوی باپيرانە , ئەوەی من ئەمويست بينوسم زانياری و روناكی گەورەتری دەويست , سوپاس بۆ خوای گەورە بۆ ئەوەی بەئەو مەبەستەم بگەم ژمارەيەك پەرتوك و زانياری زۆری پێم بەخشی لەمێژوو زانياری هۆزەكەم يەكێك لەوانە پەرتوكی خواليێخۆشبو ئاخوندە ( محمد صالح بەلوج ) بوبەناوی ( كورد گال نامەك ) ئەم زانياريانە بەراستی ئەو هيوايەی لەبير و هزرمدا هاتوچۆی دەكرد بۆمی هێنايە دی , بۆيە بە پشتيوانی خوا و پياوچاكان دەستم كرد بە نوسينەوەی پەرتوكی (( يادی باپيران , چەمكێك لە ژيان )) وا لەبەردەستايە , بەم كارەم هيوايەكی گەورەم بۆ هاتە دی , هيوادارم كەلێنێكی پەرتوك خانەی گەل و هۆزەكەم پڕكردبێتەوە , بە پێويستی دەزانم داوای لێبوردن دوبارە لە خوێنەران بكەم , هەر جۆرە هەڵە و كار و گرژيەك تێدا بەدی دەكەن بە حكمت و لێهاتوی خۆتـان چارەسەری بكەن , خوای گەورە لە پشتی مەبەستەوەيە .

## (( سەرچاوەکان ))

١-کورد گال نامەك / ئاخوندە محمد صالح بەلوجی □ بەلوجستان

٢-گەشتی ( المونشئ البغدادي ) عباس العزاوی

٣-دیوانی ملا حسن نوحی زەنگەنە

٤-مێژووی هۆزی زەنگەنە محمد عبدالرحمن زەنگەنە

٥-مێژووی میرنشینەکانی ئەردەلان □ محمد حسن کوردستانی

٦-را پۆرتەکانی ڕۆژهەلات ناس ( مینۆرسکی )

٧-فەرهەنگی مەهاباد □ حسین حزنی موکریانی

٨-گەشتی گەریدە ( ڕۆسۆ ) هۆزە کوردەکان

٩-هۆنراوەکانی سلیمان بەگی زەبونی

١٠-ڕە نجوری □ شاعیری ماچۆ / محمد علی قەرەداخی

١١-دەولەت و میرنشینە کوردەکان محمد أمین زەکی

١٢-شەرەف نامەی / شرف خان بتلیس

١٣-مێژووی کوردستان / محمد أمین مردوخی

١٤-هۆزە کوردەکان باشور / نبسترمۆن

١٥-کورد □ تورك □ عەرەب / ئەدمۆندز

١٦- مێژووی میدیا / میخائیل دیاکۆف

١٧-ڕەگەز و خێزان □ عبد المنعم غولامی

١٨-هۆزەکانی عێراق / عباس العزاوی

١٩-ناودار حاجی عبدالرحمن محمد خسرەو ژاڵەیی

٢٠- محمد ڕەزا جۆڵای زەنگەنەی مامشەیی

( ڕابەری پەرتوك )


| زنجیرە | بابەت | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١- | پێشەکی | ٣ |
| ٢- | دەسپێك | ٤ |
| ٣- | کورد و ڕەسەنایەتی | ٦ |
| ٤- | نەوە و پشتەکان تا ( ١٩ ) پشت | ٧ |
| ٥- | ڕونکردنەوەیەك بۆ پشتەکان | ٩ |
| ٦- | با پیرانی زەنگەنە تا ( ماد ) ی بچوك | ٢٣ |
| ٧- | چەمکێك لە مێژووی زەنگەنەی دێرین | ٢٤ |
| ٨- | چەمکێك لە ژیانم | ٢٩ |
| ٩- | ڕودانی دو کارەساتی سروشتی لە گەرمیان | ٣١ |
| ١٠- | بە کیَ دەگوترا مەلای ( ١٢ ) علم | ٣٤ |
| ١١- | زانیاریەکان ( ١٢ ) علم کامەیە | ٣٥ |
| ١٢- | ژیانی سەختی خوێندکارە ئاینیەکان | ٣٦ |
| ١٣- | جولانەوەی هەستی کوردایەتی خوێندکارەکان | ٣٦ |
| ١٤- | تێك چونی باری ڕامیاری عێراق | ٣٧ |
| ١٥- | جێگیربونی بنەماڵەکا نمان لە تاوێر بەرز | ٣٨ |
| ١٦- | کۆچی بنەماڵەکا نمان بۆ کەرکوك | ٣٩ |
| ١٧- | پەیوەندی کردنم بە شۆڕشی ئەیلولەوە | ٤٠ |
| ١٨- | گواستنەوەم بۆ ناوچەی چەمچەماڵ | ٤١ |

| | | |
|---|---|---|
| -١٩ | دامەزراندنم بە سەرۆکی شارەوانی چەمچەماڵ | ٤٣ |
| -٢٠ | بە یاسابونی بەیانی ١١ ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ز | ٤٥ |
| -٢١ | چۆڵبونی دەشتی گەرمیان | ٤٦ |
| -٢٢ | پەرینەوەی هێزەکانی پێشمەرگە | ٤٦ |
| -٢٣ | ناردنی خێزان و منداڵەکان بۆ ئۆردوگە | ٤٧ |
| -٢٤ | کۆتا هاتنی شۆڕشی ئەیلول | ٤٨ |
| -٢٥ | گەڕانەوەم بۆ فەرمانبەری | ٤٩ |
| -٢٦ | گەڕانەوەم بۆ کوردستان | ٥٤ |
| -٢٧ | یەکێتی هۆزی زەنگەنەی خورماتو | ٥ |
| -٢٨ | کارە گرنگەکانی یەکێتی زەنگەنە | ٥٩ |
| -٢٩ | گەڕانەوەم بۆ کەرکوک | ٦٤ |
| -٣٠ | کۆتای پەرتوک | ٦٥ |
| -٣١ | سەرچاوەکان | ٦٦ |
| -٣٢ | ڕابەری پەرتوک | ٦٧ |